حکومەتی هەرێمی کوردستان–عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی باخچەی منداڵان

# کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بەڕەفتاری سەربەخۆی منداڵانەوە لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەوە لەشاری سلێمانیدا.

ئەم توێژینەوەیە
پێشکەش بەئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی کراوە وەک بەشێک
لەپێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر / پەروەردە / باخچەی منداڵان

لەلایەن
ئاڤان عمر عبدالرحمن

بەسەرپەرشتی
پ.ی.د.حسن فخرالدین خالد

2722 کوردی    2022 زایینی    1444 کۆچی

# بڕیاری سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە بەناونیشانی (**کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بەرەفتاری سەربەخۆی منداڵانەوە لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەوە لەشاری سلێمانیدا**)لەلایەن خوێندکار (**ئاڤان عمر عبدالرحمن**)ەوە به چاودێری من لەزانکۆی سلێمانی-کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی- ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی [ ماستەر ] لە بواری پەروەردە/ باخچەی منداڵان.

واژۆ

پ.ی.د.حسن فخرالدين خالد

سەرپەرشتیار

بەروار: / /2022

بەپێی ئەو پێشنیازانە ئەم نامەیە پێشکەش بەلیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ

پ.د صابر بكر مصطفى

سەرۆک بەشی باخچەی منداڵان

بەروار: / /2022

# بڕیاری لیژنەی گفتوگۆکردن

ئێمە ئەندامانی لێژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان بەناونیشانی (**کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بەڕەفتاری سەربەخۆی منداڵانەوە لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەوە لەشاری سلێمانیدا**) لەگەڵ خوێندکاری ماستەر (ئاڤان عمر عبدالرحمن) گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکەی کرد بڕیارماندا، کەشایستەی ئەوەیە بە پلەی [ ] بڕوانامەی ماستەر لەبواری پەروەردە/ باخچەی منداڵان پێ بدرێت.

سەرۆکی لیژنە

واژۆ :

ناو: د.صابر بکر مصطفی

پلەی زانستی: پرۆفیسۆر

بەروار : / /2022

ئەندام

واژۆ :

ناو: د.محمد طه حسین

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

بەروار: / / 2022

ئەندام

واژۆ:

ناو: د.جوان نوری رسول

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

بەروار / /2022

ئەندام و سەرپەرشتیار

واژۆ:

ناو: د.حسن فخرالدین خالد

پلەی زانسی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

بەروار: / /2022

لەکۆبونەوەی ئەنجوومەنی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی ژمارە( ) لەبەرواری ( )پەسەند کرا .

واژۆ:

پ.د.علی قادر عثمان

ڕاگری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی

بەروار: / /2022

# پێشکەشە بە

پیرۆزترین ونبووی ژیانم، کە بوونی لە مندا ئەبەدییە، رۆحی باوکم

مانای بوونم و هاندەری دەستپێکردن و بەردەوامیم، دایکی ئازیزم

نموونە باڵاکانی ژیانم، براکانم ( تۆڵە-پاڤێڵ-بێشە )

سەرپەرشتیاری بەڕێز (پ.ی .د. حسن فخرالدین خالد)، کە هەمیشە نموونەی باڵای زانست و دڵسۆزی و وەفاداری بووە

هەموو ئەوانەی باوەڕیان بە مرۆڤایەتی هەیە

سەرجەم پەروەردەکاران و زانستخوازان

ئاڤان

## سوپاس و پێزانین

❋ سوپاس بۆ سەرپەرشتیاری خاوەن ڕێز (پ.ی.د.حسن فخرالدین خالد) لە پای سەرپەرشتیکردنی توێژینەوەکە، سەرەنج و پێشنیازەکانی نامەکەی بەپێزتر و دەوڵەمەندتر کرد.

❋ سوپاس بۆ ڕاگری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی بەڕیز (پ.د. علی قادر عثمان)، کە هاوکاری هەمیشەی بووە.

❋ سوپاسی بێ پایانم بۆ سەرۆک بەشی باخچەی مداڵان ڕێزدار(پ.د.صابر بکر مصطفی)، کە دڵسۆزانە پاڵپشتی سەرخستنی پرۆسەی خوێندنمان بووە .

❋ سوپاسی بێ پایانم بۆ ڕێزداران (پ.د. عەتا ڕەشید)، کە هاوکار بوو لە پێداچوونەوەی توێژینەوەکە لە ڕووی زمانەوانییەوە، (پ.ی.د. پۆلا عبدالصمد)، کە هاوکار بوو لە پێداچوونەوەی توێژینەوەکە، (پ.ی.د. ئازاد حمە)، کە دڵسۆزانە ڕێنمایی کردم و پاڵپشتی توێژینەوەکە بووە .

❋ سوپاس بۆ بەڕێزان (مامۆستا سەرکەوت جمال،مامۆستا هێژا عبدالله)، کە هاوکار بوون لە چارەسەری ئاماری داتاکانی توێژینەوەکە .

❋ سوپاس بۆ سەرجەم ئەو پسپۆڕ و شارەزایانەی، کەبەشداریان کردوە لە هەڵسەنگاندنی فۆڕمی ڕاوەرگری و پێشنیار و ڕا و بۆچونەکانیان بەشدارییان کردووە لە سەرخستنی توێژینەوەکەدا .

❋ سوپاس بۆ سەرجەم مامۆستایانی ( باخچەکانی منداڵان ) لەپارێزگای سلێمانی بۆ وەڵامدانەوەی فۆڕمی ڕاوەرگری و پێشنیاز و ڕا و بۆچونەکانیان .

**توێژەر**

## پوختەی توێژینەوەکە

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە زانینی پەیوەندی نێوان کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری سەربەخۆیی منداڵان لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەوە. هەروەها زانینی ئاستی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لای مامۆستایانی باخچە، لە هەمانکاتدا زانینی ئاستی ڕەفتاری سەربەخۆیی لای منداڵان لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە بە پێی هەریەک لە گۆڕاوەکانی ( ڕەگەز – پەروەردە - جۆری باخچە -ساڵانی خزمەت - بڕوانامە)، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەش توێژەر میتۆدی وەسفی پەیوەندی بەکارهێناوە. لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئامانج و سروشتی توێژینەوەکە گونجاوە و بەدیهێنەری ئامانجەکانی توێژینەوەی توێژەرە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لەسەرجەم مامۆستایانی باخچەکانی شاری سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی (2021-2022)، کە ژمارەیان(1319)مامۆستایە. هەروەها سامپڵی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (250) مامۆستا لە ڕەگەزی نێر و مێ، کە بە شێوەی هەڕەمەکی هەڵبژێردرابوون، ئامڕازی توێژینەوەکە بریتیی بوو لە فۆڕمی ڕاوەرگری بۆ هەریەک لە گۆڕاوەکانی ( کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی - ڕەفتاری سەربەخۆیی )، پێوەری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی کە لە (48) بڕگە پێکهاتووە و دابەشکراوە بەسەر دوو بواردا، کە بریتین لە بواری سزا و بواری پاداشت، کە لەلایەن توێژەوە دروستکراوە، پێوەری ڕەفتاری سەربەخۆیی، لە (30) بڕگە پێکهاتووە ئەوەش بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکان و توێژینەوەکانی پێشوو، توێژەر پێوەرەکەی ئامادەکردبوو. لە گرنگترین ئەو ئامڕازە ئامارییانەی بە کارهاتوون بریتیین لە(ناوەندی ژمێرەیی،لادانی پێوەری،هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن، تاقیکردنەوەی (T-test) و ANOVA). لە پاش دڵنیابوون لە ڕاستی و جێگیری پێوەرەکان، جێبەجێکرا بەسەر سامپڵی توێژینەوەکەدا، کە پێکهاتبوو لە (250) مامۆستا لە باخچەکانی منداڵانی شاری سلێمانیدا، بەمەبەستی چارەسەری ئاماری و شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکان، توێژەر پرۆگرامی ئاماری (spss) ی بەکارهێناوە، لە کۆتایدا توێژینەوەکە گەیشتە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە :-

1- ئاستی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لای مامۆستایانی باخچە بە شێوەیەکی گشتی لەئاستێکی بەرز دایە.

2- آ- نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەئاستی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لای مامۆستایانی باخچە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ).

ب- بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەئاستی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لای مامۆستایانی باخچە بەپێی گۆڕاوی پەروەردە(ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)، کە لەلای مامۆستایانی پەروەردەی ڕۆژهەڵات لە ئاستێکی بەرزدایە.

ج- نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەئاستی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لای مامۆستایانی باخچە بەپێی گۆڕاوی باخچە(حکومی و ناحکومی).

د- بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەئاستی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لای مامۆستایانی باخچە بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە(دبلۆم - بەکالۆریۆس)، کە لەلای مامۆستایانی هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم لەئاستێکی بەرزدایە.

ە- نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەئاستی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لای مامۆستایانی باخچە بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت(0-9)(10-19)(20-29).

3- ئاستی ڕەفتاری سەربەخۆیی لای منداڵان لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەوە لە شاری سلێمانیدا بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی بەرزدایە.

4- نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەئاستی ڕەفتاری سەربەخۆیی لای منداڵان لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەوە بەپێی گۆڕاوەکانی : أ- ڕەگەزی منداڵ (نێر و مێ) ، ب- پەروەردەی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) ، ج- جۆری باخچە (حکومی و ناحکومی) ، د- بڕوانامە (دبلۆم - بەکالۆریۆس) ، ە- ساڵانی خزمەت (0-9)(10-19)(20-29).

5- پەیوەندی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەنێوان کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری سەربەخۆیی لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەوە لە شاری سلێمانیدا، پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لە نێوانیاندا هەیە.

توێژەر لەکۆتایی توێژینەوەکەیدا چەند دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازێکی خستووەتە ڕوو.

## پێڕستی ناوەڕۆک


| ژمارەی لاپەڕە | ناوەڕۆک |
|---|---|
| ب | بڕیاری سەرپەرشتیار |
| ج | بڕیاری لیژنەی گفتوگۆکردن |
| د | پێشکەشکردن |
| ه | سوپاس و پێزانین |
| و-ز | پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی کوردی |
| ح-ک | پێڕستی ناوەڕۆک |
| ک-ل | پێڕستی خشتەکان |
| م | پێڕستی پاشکۆکان |
| 11-1 | بەشی یەکەم: پێناسی توێژینەوەکە |
| 4-2 | کێشەی توێژینەوەکە |
| 7-5 | گرنگی توێژینەوەکە |
| 8 | ئامانجی توێژینەوەکە |
| 8 | سنوری توێژینەوەکە |
| 11-9 | پێناسەی چەمکەکانی توێژینەوەکە |
| 50-12 | بەشی دووەم: چوارەچێوەی تیۆری توێژینەوەکە |
| 14-13 | چەمکی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی |
| 14 | گرنگی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی |
| 15 | ئامانجەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی |
| 16 | کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی وەک پێویستییەکی کۆمەڵایەتی |
| 16 | ئەرکەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی |
| 17 | تایبەتمەندییەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی |
| 18-17 | جۆرەکانی کۆنـترۆڵی کۆمەڵایەتی |
| 19 | ئەو تیۆرانەی کە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لێکدەدەنەوە |
| 19 | تیۆری ولیام سومنەر |
| 20-19 | تیۆری روس |
| 20 | تیۆری هاری ستاک سولیڤان |
| 21-20 | تیۆری تالکوت بارسۆنز |
| 21 | تیۆری سکینەر |

| | |
|---|---|
| 22-21 | تیۆری ئەلبێرت باندۆرا |
| 25-22 | دام و دەزگا و دامەزراوە بەرپرسیارەکان لە کۆنـترۆڵی کۆمەڵایەتی: |
| 26 | ڕەفتاری سەربەخۆیی |
| 27-26 | چەمکی سەربەخۆیی لای منداڵ |
| 27 | ئەو تیۆرانەی، کە سەربەخۆییان شیکردۆتەوە: |
| 27 | تیۆری شیکاری دەروونی سیگمۆند فرۆید |
| 29-28 | تیۆرە دەروونییە کۆمەڵایەتییەکان |
| 30 | تیۆری مرۆڤایەتی |
| 31-30 | تیۆری گەشەکردنی مەعریفی |
| 31 | تیۆری کەسایەتی جۆردن ئەلبۆرت |
| 32 | لایەنەکانی سەربەخۆیی لای منداڵ |
| 32 | سەربەخۆیی لە خواردندا |
| 33-32 | سەربەخۆیی لە پاک و خاوێنیدا |
| 34-33 | سەربەخۆیی لە جل و بەرگدا |
| 34 | سەربەخۆیی لە سیستەمدا |
| 35 | ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرییان لەسەر گەشەکردنی سەربەخۆیی هەیە لای منداڵ |
| 35 | تەمەن |
| 35 | ڕەگەز |
| 36 | ڕیزبەندی لە خێزاندا |
| 36 | کۆمەڵەی هاوتەمەنان |
| 37 | چەمکی خود |
| 38-37 | مامەڵەکردنی دایک و باوک |
| 39-38 | ژینگەی ماددی باخچە |
| 39 | مامۆستای باخچە |
| 40-39 | باخچەی منداڵان |
| 40 | کاریگەری باخچەی منداڵان لەسەر منداڵ |
| 41-40 | مامۆستای باخچەی منداڵان |
| 42-41 | تایبەتمەندییەکانی مامۆستای باخچە |
| 42 | کار و ئەرکەکانی مامۆستای باخچە |
| 50-43 | توێژینەوەکانی پێشوو |

| | |
|---|---|
| توێژینەوەکانی تایبەت بە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی | 45-43 |
| توێژینەوەکانی تایبەت ڕەفتاری سەربەخۆیی | 47-45 |
| گفتوگۆکردنی توێژینەوەکان | 50-48 |
| سوودبینین لە توێژینەوەکانی پێشوو | 50 |
| بەشی سێیەم: ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە | 67-51 |
| میتۆدی توێژینەوەکە | 52 |
| کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | 52 |
| سامپڵی بنەڕەتی توێژینەوەکە | 53 |
| سامپڵی سەرەتایی توێژینەوەکە | 54 |
| ئامرازی توێژینەوەکە | 54 |
| فۆڕمی ڕاوەرگری کراوە | 54 |
| ڕاستگۆی رواڵەت | 55-54 |
| شیکردنەوەی ئاماری بۆ بڕگەکانی پێوانەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی | 55 |
| هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ بڕگەکانی پێوانەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی | 58-55 |
| پەیوەندی نمرەی هەر بڕگەیەک بە نمرەی گشتی پێوانەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی | 58 |
| جێگیری | 59 |
| تایبەتمەندی پێوانەی کۆنترۆلی کۆمەڵایەتی | 59 |
| فۆڕمی ڕاوەرگری بۆ پێوانەی ڕەفتاری سەربەخۆیی | 59 |
| داڕشتنەوەی بڕگەکانی ڕەفتاری سەربەخۆیی | 59 |
| شیکردنەوەی ئاماری بۆ بڕگەکانی پێوانەی ڕەفتاری سەربەخۆیی | 60 |
| هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ پێوەری ڕەفتاری سەربەخۆیی بڕگەکانی پێوانەکە | 63-61 |
| پەیوەندی نمرەی هەر بڕگەیەک بە نمرەی گشتی پێوانەکە | 63 |
| ڕاستگۆی رواڵەت | 64 |
| ڕاستگۆی وەرگێڕان | 64 |
| جێگیری | 65-64 |
| تایبەتمەندی پێوانەی ڕەفتاری سەربەخۆیی | 65 |
| جێبەجێکردنی ئامرازی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی کۆتایی | 66 |
| ئامرازە ئامارییەکان | 67-66 |
| بەشی چوارەم: خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکان: | 84-68 |
| خستنەڕووی ئەنجامەکان | 81-69 |
| دەرئەنجامەکان | 82 |
| ڕاسپارەکان | 83 |
| پێشنیارەکان | 84 |
| لیستی سەرچاوەکان | 94-85 |

| | |
|---|---|
| پاشکۆکان | 122-95 |
| پوختەی توێژینەوە بەزمانی عربی | 125-123 |
| پوختەی توێژینەوە بەزمانی ئینگلیزی | 128-126 |


**پێرستی خشتەکان**


| ژمارەی خشتە | ناونیشانی خشتە | ژمارەی لاپەرە |
|---|---|---|
| 1 | کۆمەڵگەی توێژینەوە | 52 |
| 2 | سامپڵی توێژینەوە بۆ پێوەرەکانی ئامرازی توێژینەوە | 53 |
| 3 | هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ بڕگەکانی پێوانەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی | 58-56 |
| 4 | هاوکۆڵکەی پەیوەندی نمرەی هەر بڕگەیەک بە کۆی گشتی نمرەکانی پێوانەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی | 58 |
| 5 | هاوکۆڵکەی جێگیری بۆ پێوانەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی | 59 |
| 6 | هاوکۆڵکەی جیاکاری بۆ بڕگەکانی پێوانەی ڕەفتاری سەربەخۆیی | 63-61 |
| 7 | هاوکۆڵکەی پەیوەندی نمرەی هەر بڕگەیەک بە کۆی گشتی نمرەکانی پێوانەی ڕەفتاری سەربەخۆیی | 63 |
| 8 | هاوکۆڵکەی جێگیری بۆ پێوانەی ڕەفتاری سەربەخۆیی | 65 |
| 9 | ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی ( یەک نموونە ) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە شاری سلێمانیدا بە شێوەیەکی گشتی بۆ پێوەری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی | 69 |
| 10 | ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (t) (دوو نموونە) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی باخچە(نموونەی توێژینەوەکە) لەسەر پێوەری کۆنترۆلی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ) | 70 |
| 11 | ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) (دوو نموونە) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی باخچەی باخچەی منداڵان(نموونەی توێژینەوەکە) لەسەر پێوەری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی پەروەردەی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) | 71 |
| 12 | ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) (دوو نموونە) بۆ نمرەکانی باخچەی منداڵان(سامپڵی توێژینەوەکە) لەسەر پێوەری کۆنترۆلی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی باخچەی (حکومی و ناحکومی). | 72 |
| 13 | ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) (دوو نموونە) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی باخچەی منداڵان(نموونەی توێژینەوەکە) لەسەر پێوەری | 73 |

| ژمارەی خشتە | ناونیشانی خشتە | ژمارەی لاپەرە |
| --- | --- | --- |
| | کۆنترۆلی کۆمەلایەتی بەپێی گۆڕاوی بڕوانامەی (دبلۆم-بەکالۆریۆس). | |
| 14 | ئەنجامی شیکاری یەک ئاڕاستە (ANOVA) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی باخچەی مندالان لەسەر پێوەری کۆنترۆڵی کۆمەلایەتی بەپێی گۆڕاوی سالانی خزمەت. | 74 |
| 15 | ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی ( یەک نموونە ) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی باخچەی مندالان لە شاری سلێمانیدا بە شێوەیەکی گشتی بۆ پێوەری ڕەفتاری سەربەخۆیی. | 75 |
| 16 | ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) (دوو نموونە) بۆ نمرەکانی مندالان(سامپڵی توێژینەوەکە) لەسەر پێوەری کۆنترۆلی کۆمەلایەتی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ). | 76 |
| 17 | ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) (دوو نموونە) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی باخچەی مندالان(سامپڵی توێژینەوەکە) لەسەر پێوەری ڕەفتاری سەربەخۆ بەپێی گۆڕاوی پەروەردەی(ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا). | 77 |
| 18 | ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) (دوو نموونە) بۆ نمرەکانی باخچەی مندالان(سامپڵی توێژینەوەکە) لەسەر پێوەری ڕەفتاری سەربەخۆ بەپێی گۆڕاوی باخچەی (حکومی و ناحکومی) . | 78 |
| 19 | ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) (دوو نموونە) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی باخچەی مندالان(نموونەی توێژینەوەکە) لەسەر پێوەری ڕەفتاری سەربەخۆ بەپێی گۆڕاوی بڕوانامەی (دبلۆم-بەکالۆریۆس). | 79 |
| 20 | ئەنجامی شیکاری یەک ئاڕاستە (ANOVA) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی باخچەی مندالان لەسەر پێوەری ڕەفتاری سەربەخۆ بەپێی گۆڕاوی سالانی خزمەت. | 80 |
| 21 | ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دۆزینەوەی ئاستی بەڵگەداری لەنرخی هاوکۆلکەی پەیوەندی لەنێوان کۆنترۆڵی کۆمەلایەتی و ڕەفتاری سەربەخۆیی. | 81 |

## پێرستی پاشکۆکان


| ژمارەی پاشکۆ | ناونیشان | لاپەرە |
|---|---|---|
| 1 | نووسراوی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت بۆ پشتگیری توێژەر | 96 |
| 2 | ڕاوەرگری کراوە بۆ دروستکردنی پێوەری پێوانەکردنی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی | 98-97 |
| 3 | فۆڕمی ڕاوەرگری سەرەتایی شارەزایان بۆ پێوەری کۆنترۆڵی کۆمەڵاتی | 103-99 |
| 4 | ڕاستی ئامرازی تویژینەوە (فۆڕمی ڕاوەرگری) بۆ پێوەری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لەلایەن شارەزایانەوە بە پێی ڕیزبەندی پلەی زانستیان | 104 |
| 5 | فۆڕمی ڕاوەرگری بۆ پێوەری کۆنترۆڵی کۆمەڵاتی دوای گەرانەوەی لە لایەن شارەزایانەوە و شێوەی کۆتایی | 109-105 |
| 6 | بڕگەکانی پێوەری (خفاف، 2003) بۆ ڕەفتاری سەربەخۆیی | 110 |
| 7 | بڕگەکانی پێوەری (الدوري، 2019) بۆ ڕەفتاری سەربەخۆیی | 113-111 |
| 8 | فۆڕمی ڕاوەرگری سەرەتایی شارەزایان بۆ هەڵسەنگاندنی پێوەری ڕەفتاری سەربەخۆیی | 117-114 |
| 9 | ڕاستی ئامرازی تویژینەوە(فۆڕمی ڕاوەرگری) بۆ پێوەری ڕەفتاری سەربەخۆیی لەلایەن شارەزایانەوە بە پێی ڕیزبەندی پلەی زانستیان | 118 |
| 10 | فۆڕمی ڕاوەرگری بۆ ڕەفتاری سەربەخۆیی دوای گەرانەوەی لە لایەن شارەزایانەوە شێوەی کۆتایی | 121-119 |
| 11 | لیستی ناوی شارەزایانی هەڵسەنگێنەری فۆڕمی ڕاوەرگری | 122 |

# بەشی یەکەم

## پێناسی توێژینەوەکە

## کێشەی توێژینەوەکە

## گرنگی توێژینەوەکە

## ئامانجی توێژینەوەکە

## سنووری توێژینەوەکە

## پێناسەی چەمک و زاراوەکانی توێژینەوەکە

## کێشەی توێژینەوەکە

لە ڕاستیدا، دەستپێکی هەر توێژینەوەیەک بریتییە لە بوونی کێشەیەک، دیاردەیەک، یان بابەتێک، کە سەرنجی توێژەر ڕادەکێشێت و بیر و هزری داگیر دەکات، بە جۆرێک، کە ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی ئەو بابەتە بە گرنگ و پێویست دەزانێت بۆ ئەمەش ئەو کێشەیە، یان ئەو دیاردەیە لەژێر ناونیشانی کێشەی توێژینەوە دەخاتەڕوو. کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ئایا کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی پەیوەندی بە ڕەفتاری سەربەخۆیی منداڵانەوە لەڕوانگەی مامۆستایانی باخچەوە هەیە ؟ لەم ڕوانگەیەوە لەسەر بنەمای گرنگی پرۆسەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و کاریگەرییەکانی لەسەر ڕەفتاری تاک بەشێوەیەکی گشتی و ڕەفتاری سەربەخۆیی بەتایبەتی و توانای تاک لە دەربڕینی بیر و بۆچوونەکانی و گوزارشت کردن لێیان بەشێوەیەکی سەربەخۆ و ئازاد و دوور لە لایەنگری. بەوپێیەی مرۆڤ بە سرووشتی خۆی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەسانی دیکەدا، کە خۆی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبینێتەوە بەبەشێکی سەرەکی لە کەسایەتی تاک هەژماردەکرێت و مرۆڤ ناتوانێت دەستبەرداری بێت (علي،2012 :15)، هەربۆیە ناتوانێت بەتەنها و دوور لە ئەوانی دیکە بژی، کەواتە تاک بەبەردەوامی پێویستی بە فێربوونی ئەو لێهاتوویانە هەیە بۆ سەرکەوتن لە ڕێڕەوی ژیان، چونکە تاک لەم پەیوەندییەیدا لەگەڵ کۆمەڵگەکەیدا پێویستی بەبوونی هەندێک لێهاتوویی هەیە، کە یارمەتیدەدات بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ کۆمەڵگەدا، هەر کۆمەڵگەیەک خاوەنی کۆمەڵێک بەها و پێوەری تایبەت بەخۆیەتی کە وەک ئامرازێک بەکاریدەهێنێت بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری تاکەکانی بە شێوازی جۆراوجۆر، کە هەندێکجار ئەم کۆنترۆڵکردنە دەکرێت ببێتە هۆی ئەوەی کە تاک ئاستەنگی ببینێت لە دەرخستنی بیرکردنەوە و هەستەکان و ئاڕاستەکان، یاخود شاردنەوەیان لە گرنگترین کێشەکان بێت، کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە (العمري،2013: 83).

پەروەردە ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەری لە بەدیهێنانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی تاکەکان و بڵاوکردنەوەی بەها و ڕەفتارە پەسەندکراوەکان لە کۆمەڵگەدا هەیە. یەکێک لەو گروپ و کۆمەڵانەی، کە زۆرترین کارلێکراون بریتیین لە منداڵان، دامەزراوە پەروەردەییەکان هەڵدەستن بە تەواوکردنی ڕۆڵی خێزان لە گەشەی کۆمەڵایەتی منداڵدا، مامۆستای باخچەی منداڵان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پرۆسەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیدا، هەر ئەم هۆکارەش بووە هۆی سەرنجڕاکێشانی توێژەر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی و دەستکەوتنی وەڵامێکی زانستی بۆ پرسیاری ئایا کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لای مامۆستایان لە چ ئاستێکدایە؟ لەبەر ئەوەی لەدواتردا ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ منداڵان. ئەوەی لە ئێستادا دەیبینین، کە هەندێک لە خێزانەکان و باخچە و خوێندنگەکان لە توانایاندا نییە کە هەستن بە جێبەجێکردنی هەندێک لە ئەرکەکان بەهۆی ئەوەی لەسەدەی هاوچەرخدا بەشێکی زۆری خوێندکاران و منداڵان لە ژێر کاریگەری تەکنەلۆجیای سەردەم و تۆڕی کۆمەڵایەتیدان، کە ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کە زیاتر ڕووبەڕووی لادان و ڕەفتاری نا دروست ببنەوە، بەشێک لە توێژینەوەکان ئاماژە بەبڵاوبوونەوەی ڕەفتاری نەرێنی دەدەن لە خوێندنگەکاندا، لەبەر ئەم هۆکارە پرۆسەی پەروەردەیی و

فێرکاری ناتوانێت له دەرەوەی کۆنترۆڵە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکاندا ئامانجەکانی بەدیبهێنێت، کە باخچەی منداڵان و خوێندنگە بە ئەرکی جێبەجێکردنیان هەڵدەستن و دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵ و خوێندکاران گەشەیەکی تەندروست بکەن لە لایەنەکانی مەعریفی و هەڵچوونی و کۆمەڵایەتی و ڕوحی.

لایەنێکی دیکەی توێژینەوەکە بریتییە لە گۆڕاوی ڕەفتاری سەربەخۆیی، لای منداڵان ئارەزوو و مەیل هەیە بۆ سەربەخۆیی ئەمەش پاڵنەر و داوایەکی سروشتییە، هەروەک چۆن توێژینەوەی (ابراهیم،2002) ئاماژە دەکات بەوەی، کە تاک بۆ ئەوەی بتوانێت بەرهەمهێن و داهێنەر بێت و بەردەوام بێت لە داهێنانەکانیدا پێویستی بەوەیە، کە هاوسەنگی بەدیبهێنێت لەنێوان پشت بەخۆبەستن و سەربەخۆیی لەگەڵ پەیوەست بوون و پشت بەستن بە ئەوانی دیکە، لەڕێگەی بەدیهێنانی ئەم داواکاریەشەوە تاکێکی داهێنەری خاوەن خودی سەربەخۆ بەرهەم دێت. کەواتە بوونی سەربەخۆیی و پاڵنەری سەربەخۆیی دەبنە هۆی دروست بوون و چالاک کردنی هزری داهێنانی لای تاکەکانی کۆمەڵ و تاک دووردەخەنەوە لە شیکردنەوەی نەریتخوازی و بۆچوونە باوە بڵاوەکان و دەبنە هۆی زیادکردنی متمانە بەخۆبوون لای تاک، کە ئەمە یەکێکە لە لایەنە گرنگەکانی پاڵنەری سەربەخۆیی، کە وا لە تاک دەکات تواناى ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵوێستە ناڕوون و نادیارەکانی هەبێت(ابراهیم،2002 :81). کەواتە، بۆ ئەوەی منداڵ سەربەخۆ بێت پێویستە بزانیین، کە بناغەکەی بریتییە لە پشت بەخۆبەستن و ئەنجامدانی کارە سادەکانی ژیانی ڕۆژانەی لە لایەن خۆیەوە، وەک خواردنی خۆراک و لەبەرکردنی جلوبەرگ و ..... هتد )، لەوانەش گرنگتر بریتییە لە بوونی تواناى هاندانی خودی لە کارکردندا، جا هەر جۆرە کارێک بێت ( أینون،2000 :205).   کێشەی بنەڕەتی، کە ڕووبەڕووی ڕێگەی فێرکردنی سەربەخۆیی منداڵان دەبێتەوە بریتییە لەوەی، کە خێزانەکان و مامۆستایان زۆرجار دەبنە ڕێگر لەبەردەم منداڵان لەئەزموونکردن و جێبەجێکردنی ئەرکەکان لەڕێگەی خودی خۆیانەوە، ئەمەش بەهۆکاری خۆشەویستی و پاراستنیان، بەڵام لە ڕاستیدا دەبنە ڕێگر لەبەردەم جێبەجێکردنی ڕۆڵەکانیان و نەدانی دەرفەتی ئەزموونکردن و چێژ وەرگرتن لە ڕەفتاری سەربەخۆیی، کە دەکرێت ئەم پاراستن و خۆشەویستییە ببێتە هۆی زیان، منداڵان ئارەزوویان هەیە بۆ سەربەخۆیی و دەرکردنی بڕیار، ئەمەش داوایەکی سرووشتییە، بەڵام دەرئەنجامەکان نەرێنی دەبن ئەگەر بێت و منداڵان ڕانەهێنرێن لەسەر سەربەخۆیی بە شێوەیەکی دروست، ئەگەر هاتوو لەسەرەتاوە منداڵ ڕابهێنرێت لەسەر پشت بەستن بەکەسانی دیکە و هەڵنەگرتنی بەرپرسیارییەتی لە داهاتوودا دەبنە هۆکاری نەتوانینی گوزارشت لەخۆکردن و نەبوونی تواناى دەرکردنی بڕیار، ئەمانەش دەبنە هۆکاری دروست بوونی ململانێ لە خودی تاکدا، کە لە کۆتاییدا ببنە هۆکاری یاخیبوون و دەرچوون لە خێزان گەڕان لەژینگەی دەرەوەی خێزان بۆ یارمەتیدانی لە تێرکردنی پێداویستییەکانی، یاخود دەبنە هۆی دروستبوونی کەسایەتییەکی لاواز و بەردەوام پشت بەستن بەکەسانی دیکە(الدوري،2019: 457). بوونی کەم و کوڕی لە گەشەکردنی ئەم جۆرەی ڕەفتار تەنها کاریگەری نابێت لەسەر ئەم قۆناغە بەڵکو کاریگەری دەبێت بەدرێژایی قۆناغەکانی ژیانی تاک، منداڵان لە قۆناغی باخچەدا ئارەزوویەکی زۆریان هەیە بۆ سەربەخۆیی و پشت نەبەستن بەکەسانی دیکە، بەڵام هەندێکیان بەردەوام دەبن لە پشت بەستن بە کەسانی دیکە لە دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەیاندا بەهۆی کەمی هۆشیاری هەندێک لە خێزانەکان بۆ شێوازەکانی

ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵ، ئەم هۆکارانەش وادەخوازن، کە زیاتر گرنگی بدرێت بە تەواوکردن و پێکهێنانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی لای منداڵ لە قۆناغی باخچەی منداڵان لەبەر ئەوەی لەدوای خێزان ڕۆڵی دەبێت لە گەشەپێدانی لێهاتوویە کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵ و پاڵپشتیکردن و بەرەوپێشبردنی لەڕێگەی پڕۆگرامەکانی باخچەوە.

لەبەر ئەم هۆکارانە و لە ئەنجامی تێبینیکردنی توێژەر بۆ ڕەفتاری منداڵان و شێوازەکانی مامەڵەکردنی مامۆستایان، کە بۆ ماوەیەک وەک مامۆستا لەباخچەی منداڵاندا کاری کردووە و پێداچوونەوەی سەرچاوە زانستییەکان و ئەو توێژینەوانەی، کە ئەنجامدراون دەربارەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری سەربەخۆیی و کاریگەرییان لەسەر کەسایەتی تاک و کۆمەڵ و ئەو گرفتانەی دەبنە ئاستەنگ و بەربەست لەبەردەم ئەم پرۆسەیەدا و کاریگەرییان دەبێت لەسەر جێبەجێکردنیان بە شێوەیەکی تەندروست، هەروەها گرتنەبەری باشترین ڕێگە و شێواز، کە کاریگەری ئەرێنیان هەبێت لەسەر تاک و کۆمەڵ و بۆ بەدیهێنانی پەروەردەیەکی تەندروست و ئامانجە پەروەردەییەکان، کە خۆیان دەبیننەوە لە گەشەپێدانی تاک لەسەرجەم لایەنەکانی جەستەیی و عەقڵی و کۆمەڵایەتی و هەڵچوونی، کە کەسایەتی تاک دروست دەکەن، لەو چوارچێوەیەشدا ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بە پێویست دەزانین بۆ پەروەردەکردنی منداڵێک، کە خاوەن کەسایەتییەکی سەربەخۆ و متمانەبەخۆ و ئیرادەیەکی بەهێز بێت، کە گونجاو بێت لەگەڵ کۆمەڵ و بەها کۆمەڵایەتییەکاندا و دۆزینەوەی وەڵامێکی زانستی بۆ کێشەی سەرەکی کێشەی توێژینەوەکە، کە بریتییە لە:-

**ئایا کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی پەیوەندی بە ڕەفتاری سەربەخۆیی منداڵانەوە هەیە لەڕوانگەی مامۆستایانی باخچەوە ؟**

**بەشەکانی پرسیاری سەرەکی کێشەی توێژینەوەکە :-**

1-ئایا کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لای مامۆستایانی باخچە لە چ ئاستێکدایە ؟

2-ئایا ڕەفتاری سەربەخۆیی لای منداڵان لە چ ئاستێکدایە ؟

## گرنگی توێژینەوەکە

بەشێوەیەکی گشتی قۆناغی سەرەتایی منداڵی بەگرنگترین قۆناغی گەشەی کەسایەتی تاک دادەنرێت، لەبەرئەوەی لە ساڵەکانی سەرەتای تەمەنی منداڵدا بەشێکی زۆری کەسایەتی بنیاد دەنرێت، بەتایبەتی لە رێگەی ئەو ئەزموونانەی منداڵ لەو قۆناغەدا رووبەڕوویان دەبێتەوە و پێیانداتێپەڕدەبێت . هەروەها چوارچێوەی کەسایەتی تاکیش لە داهاتوودا دیاری دەکات، کە پێک دێت لە داب و نەریت و ئاڕاستەکان و گەشەپێدانی مەیل و ئارەزووەکان، هەربۆیە ئەگەر ئەزموونەکان ئەرێنی بن، ئەوە دەبنە هۆی ئەوەی، کە تاک توانای خۆگونجاندنی لەگەڵ خودی خۆی و لەگەڵ کۆمەڵگەکەدا هەبێت، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەزموونەکان نەرێنی و ناخۆش و ئازاربەخش بن، ئەوا کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر کەسایەتی تاک بەجێدەهێڵن (الجيندروبدر،1994: 37).

کۆنترۆڵ و رێکخستنی کۆمەڵایەتی بە یەکێک لە بنەما هەرە گرنگەکانی کۆمەڵگەی مرۆیی هەژماردەکرێت. خەسڵەتێکە پێویستە لە گشت کۆمەڵگەکاندا بوونی هەبێت بەپێی جیاوازی ئاستی پێشکەوتن و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری، هەروەها هیچ جۆرە کۆنترۆڵێکی کۆمەڵایەتی بوونی نابێت، بەبێ بوونی پێوەرەکانی کۆنترۆڵی رەفتاری مرۆیی و دیاریکردنی رۆڵە کۆمەڵایەتییەکان و پەسەندکراوەکان و رێگەپێدراوەکان و قەدەغەکراوەکان لە چوارچێوەی قاڵبە رەفتارییەکاندا، یاخود داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان، یاخود یاساکان، یان بەها کۆمەڵایەتییەکان و بەدیهێنانی گونجاندن و رێککەوتنی کۆمەڵایەتی لەنێوان تاکەکان و گروپەکاندا(صديقي،2003 :43). ئامانجی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، بریتییە لە بەدیهێنانی سیستەم و جێگیریی و پاراستنی ماف و ئازادی ئەمەش لە رێگەی یاساکان و بەهاکان و داب و نەریتەکان و هێما شارستانییەکان و رۆشنبیرییەکان، کە هانی یەکگرتن و گونجاندن لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگە مرۆییەکان دەدات و رەچاوی گۆڕانکارییە بەردەوامەکانی کۆمەڵگە دەکات. هەروەها کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی فراوان کار دەکاتە سەر چاکسازی و بەرەوپێشبردن لەبوارە جیاوازەکانی کۆمەڵگە و چالاکییەکانیدا، ئەگەر پارێزگاری بکات لەلایەنە باش و ئەرێنییەکان رێککردنەوە و یەکسان کردنی لایەنە نەرێنییەکان (فرج،1989: 43). هەروەها کاتێک منداڵ لەدایک دەبێت نازانێت بەهاکان چین؟ لەبەر ئەوە زۆرجار قۆناغی منداڵی بە قۆناغی سیستەم ناودەبرێت، چونکە لەسەر منداڵ پێویستە، لەم قۆناغەدا فێری شێوازی گونجاو بێت لە کاتی گونجاو و شوێن و هەڵوێستی گونجاودا لەو بنچینانە تێبگات، کە ئەم پرۆسەیە پێکدەهێنن. لە ڕاستیدا، هەموو منداڵێک پێویستی بەوە هەیە فێری سیستەم ببێت، لەبەر ئەوەی سیستەم دەبێتە هۆی هەستکردن بە دڵنیایی و دیاریکردنی سنووری باشە و خراپە و سنووری ئازادی(السيد، 1971: 222).

وەک ئاشکرایە،زانایانی بواری دەروونزانی کۆکن لەسەر ئەوەی، کە ساڵەکانی یەکەمی تەمەن لە ژیانی منداڵدا بنچینەی دیاریکردنی کەسایەتییەکەیەتی لە داهاتوودا و لە دیاریکردنی گرنگیپێدانە عەقڵییەکان و ئاڕاستە هەڵچوونییەکانیدا(الخفاف،2003: 12)، لەبەر ئەم هۆکارانە ساڵەکانی یەکەمی ژیانی منداڵ بە گرنگترین و هەستیارترین قۆناغ دادەنرێت لە قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤدا. بێگومان، ئەم هۆکارەش بۆتە جێگەی

سەرنج و گرنگپێدان لەلایەن زۆربەی دەوڵەتە جیهانییەکان و دروستکردنی قوتابخانە بۆ منداڵان لە قۆناغی پێش چوونە قوتابخانە و ناویاننا باخچەی منداڵان، باخچەی منداڵان ئەو دامەزراوە پەروەردەییەیە، کە بوار بۆ منداڵان دەڕەخسێنێت بۆ یاریکردنی سەربەست لە ژینگەیەکی ئازاددا بەدەر لە سەپاندنی داواکارییەکان لەسەر منداڵ (Bergman،1979:67) واتە باخچەی منداڵان ئەو ژینگەیەیە دەکەوێتە نێوان ماڵ و قوتابخانە و منداڵ لە( لایەن مامۆستا و دادە دانپێداهێندراوە پەروەردەیی و زانستییەکانەوە ئاڕاستە دەکرێن، کە بەشداری دەکەن لە پێگەیاندنی کەسێتی منداڵ لەڕووی جەستەیی و عەقڵی و دەروونی وهەڵچوونی و کۆمەڵایەتییەوە و دەیخەنە بارودۆخێکی نوێی دەروونی و کۆمەلایەتییەوە، کە ئامادەباشی تیا دروست دەبێت بۆ قۆناغەکانی فێربوون لە ساڵەکانی داهاتوودا( الخفاف،2005: 76).

لەو ڕووەشەوە، ڕەفتاری سەربەخۆیی بەیەکێک لە سیما گرنگەکانی کەسایەتی منداڵ هەژماردەکرێت، لەبەر ئەوەی پێکدێت لە کۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندی مرۆیی، کە ئازایەتی و پێشکەوتن و بوێری و ئارامگرتن دەنوێنن و یارمەتیدەرن لەگەشەی کەسایەتی منداڵ و دەبنە هۆی دروستکردنی متمانەبوون بەخود و ڕێزگرتنی خود (أينون،2000: 205). توێژینەوەکان و لە ناویشیاندا توێژینەوەی (Sherman،1948) ئاماژە بەوە دەکەن، کە هاندانی منداڵان لەلایەن دایک و باوکەوە لە گەشەپێدانی سەربەخۆیی لە هزر و کاردا دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندی ویستراو و سەرنجڕاکێش لە کەسایەتیاندا (Sherman،1948: 65) ،شایانی باسە، زانایان و ڕێبەرانی بواری پەروەردە گرنگییەگی زۆریان بە ڕەفتاری سەربەخۆیی داوە، وەک (جۆن دیوی 1859-1952) جەخت دەکاتەوە لەسەر دروستکردنی کەسایەتییەکی سەربەخۆ لای خوێندکاران، کە خاوەنداریتی ئیرادەیەکی ئازاد بکات، کە سەربەخۆ بێت لە دەرکردنی بڕیار و فێربوونی خودی و قبوڵکردنی ڕاوبۆچوونی ئەوانی دیکە و پشت بەستن بە خودی خۆی لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا. توێژینەوەی گاردنر (Gardner،1978) باس لە کۆمەڵێک بنەما دەکات دەربارەی گەشەپێدانی ڕەفتاری سەربەخۆیی لای منداڵ و یەکێک لەوانە بریتییە لە پێگەیشتنی منداڵ و دەرفەت پێدانی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی کێشەکان و زیادکردنی ئەزموون و شارەزاییەکانی، کە دەبنە هۆی فراوان بوونی توانا و لێهاتووییە جیاوازەکان و هاندانی منداڵ لەسەر دووبارەکردنەوە و ئەنجامدانی لەڕێگەی خودی خۆیەوە بۆ ئەوەی ڕابهێنرێت لەسەریان، کە دەبێتە هۆی زیادکردنی متمانەبوون بەخودی خۆی و پشت بەستن بە خودی خۆی و ئەنجامدانی هەندێک لە کاروبارە سادەکان، کە گونجاو بێت لەگەڵ توانای جەستەیی و عەقڵی قۆناغەکەیدا، وەک ئازادی پێدان لە هەڵبژاردنی جلوبەرگ و خواردن و یارییەکانیدا (دبابنة،2001 : 227).

لەبەر ئەم هۆکارانە، گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە گرنگی ڕەفتاری سەربەخۆیی لە ژیانی منداڵ و کاریگەری لەسەر گەشەی هەڵچوونی و دروستکردنی کەسایەتی منداڵ لە ژیانی داهاتوویدا سەرچاوەدەگرێت، هەروەها لە ژێر ڕۆشنایی سەرچاوە و توێژینەوەکاندا توێژەر گرنگی ئەنجامدانی توێژینەوەکە لەم خاڵانەدا دەخاتە ڕوو :-

1- گرنگی ڕەفتاری سەربەخۆیی یەکێکە لە ئامانجەکانی وەزارەتی پەروەردە لە قۆناغی باخچەی منداڵاندا، کە کاریگەری دەبێت لەسەر ڕەفتاری داهاتووی منداڵ.

2- قۆناغی سەرەتای منداڵی بە گرنگترین قۆناغی ژیانی مرۆڤ دادەنرێت و کارکردن لەگەڵ منداڵ لەم قۆناغەدا تایبەتمەندی و جیاوازی خۆی هەیە، بەو پێیەی بەردەوام پێویستی بە ئەنجامدانی توێژینەوە هەیە.

3- هۆشیارکردنەوەی مامۆستایان و دایکان وباوکان دەربارەی گرنگی قۆناغی منداڵی و ڕەفتاری سەربەخۆیی و کاریگەری لەسەر کەسایەتییان لەداهاتوودا لەسەر ژیانی تاک و کۆمەڵگە.

4- خستنە ڕووی گرنگی و کاریگەرییەکانی کۆنترۆڵی کۆمەلایەتی لەسەر ڕەفتاری منداڵ و تەواوکردنی کەسێتیان و پیادەکردنیان بە شێوەیەکی تەندروست.

5- توێژەران بە شێوەیەکی گشتی دەتوانن سوودمەند بن لێی لە توێژینەوەی بابەتی نزیک و پەیوەندیدار داهاتوودا.

6- ئامادەکردنی پێوەرێکی زانستی گونجاو بە پێی مەرج و ڕێنماییە زانستییە تایبەتەکانی دروستکردنی پێوەرەکان بۆ پێوانەکردنی کۆنترۆڵی کۆمەلایەتی مامۆستایان.

7- هەروەها ئامادەکردنی پێوەرێک بە زمانی کوردی بۆ پێوانەکردنی ڕەفتاری سەربەخۆیی منداڵان، کە پێوانەکردنی دەبێتە ڕێنیشاندەر لە داهاتوودا بۆ زانینی چۆنییەتی مامەڵە کردن لەگەڵ منداڵدا بە شێوەیەکی گونجاو و تەندروست و پێکهێنانی کەسایەتیەکی هاوسەنگ و سەربەخۆ لە داهاتوودا، توێژەرانی بواری باخچەی منداڵان و خوێندکارانی خوێندنی باڵا و پسپۆڕانی بواری دەرونزانی و باخچەی منداڵان دەتوانن سوودی لێوەربگرن.

## ئامانجی توێژینەوەکە

هەر توێژینەوەیەک ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە، ئەو ئامانجانەش لەلایەن توێژەرەوە دیاری دەکرێت لەسەر بنەمای ئەو پرسیارانەی، کە لەلای توێژەر گەلاڵە بووە، ئەو ئامانجانەش دەبنە بەرچاو ڕوونییەک بۆ توێژەر لە چۆنییەتی ئەنجامدانی توێژینەوەکەی و کۆکردنەوەی زانیارییەکان دەربارەی و گرتنەبەری ڕێ و شوێنە زانستییەکانی دیکەی توێژینەوەکە. ئەم توێژینەوەیەش، وەک هەر توێژینەوەیەکی دیکە چەند ئامانجێکی تایبەتی خۆی هەیە، کە بریتیین لەمانەی لای خوارەوە :-

ئامانجی یەکەم: زانینی ئاستی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لای مامۆستایانی باخچە لە شاری سلێمانیدا بە شێوەیەکی گشتی.

ئامانجی دووەم: زانینی ئاستی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لای مامۆستایانی باخچە(سامپڵی توێژینەوەکە) بەپێی گۆڕاوەکانی :- آ- ڕەگەز (نێر و مێ) ، ب- پەروەردە (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) ، ج- جۆری باخچە (حکومی و ناحکومی) ، د- بڕوانامە (دبلۆم - بەکالۆریۆس) ، ه- گۆڕاوی ساڵانی خزمەت (0-9)(10-19)(20-29).

ئامانجی سێیەم: زانینی ئاستی ڕەفتاری سەربەخۆیی لای منداڵان لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەوە لە شاری سلێمانیدا بە شێوەیەکی گشتی.

ئامانجی چوارەم: زانینی ئاستی ڕەفتاری سەربەخۆیی لای منداڵان لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەوە بەپێی گۆڕاوەکانی :- آ- ڕەگەزی منداڵ (نێر و مێ) ، ب- پەروەردە (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) ، ج- جۆری باخچە (حکومی و ناحکومی) ، د- بڕوانامە (دبلۆم - بەکالۆریۆس) ، ه- ساڵانی خزمەت (0-9،10-19،20-29).

ئامانجی پێنجەم: زانینی پەیوەندی نێوان کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری سەربەخۆیی منداڵان لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەوە لە شاری سلیمانیدا.

## سنووری توێژینەوەکە

سنووری مرۆیی : بریتییە لە مامۆستایانی باخچە حکومی و ناحکومییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی شاری سلێمانی.

سنووری کات : ساڵی خوێندنی 2021 –2022 .

سنووری جوگرافی : باخچە حکومی و ناحکومییەکانی شاری سلێمانی لە هەردوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی (ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات).

## پێناسەی چەمک و زاراوەکان

### کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی

1- (الخشاب، 1986):- بریتییە لەو شێوازەی، کە کۆمەڵگە پەیڕەوی دەکات بۆ کۆنترۆڵی ڕەفتاری تاکەکانی، هەروەها بەکارهێنانی ئەو ئامرازانەی،کە لەڕێگەیەوە کۆمەڵگە ڕێککەوتن و یەکانگیری ڕەفتاری تاکەکانی گونجاوە لەگەڵ کۆمەڵ لە شێوازی کارکردن و بیرکردنەوە بەدیدێنێت (الخشاب، 1986 : 25).

2- (السالم،2000):- بریتییە لە ئاڕاستەکردنی تاک بەشێوەیەک، کە گونجاو بێت لەگەڵ پێوەر و بەها پەسەندکراوەکان لە کۆمەڵگەدا( السالم، 2000 : 26).

3- (روس،2007):-روس پێناسەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی دەکات بەئەوەی، کە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی کۆنترۆڵێکی ئامانجدار و مەبەستدارە کە توانای بەرگریکردنی لە جێگیری کۆمەڵگە هەیە(القریشی،2011: 33).

4- (العمر، 2007):- بریتییە لە کۆمەڵێک ئامراز و شێواز کەتاکەکان بەئامانجی پاڵاوتنی ڕەفتار و کۆنترۆڵ لە حاڵەتەکانی لادان لە پێوەرە کۆمەڵایەتیەکاندا بەکاریدەهێنن و هەر ئامرازێکش لەو ئامرازانەی بۆ ڕێکخستنی ڕەفتار بەکاردەهێندرێت، لەهەمان کاتدا بە ئامرازێک لە ئامرازەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی دادەنرێت(العمر، 2007: 47).

پێناسەی ڕێکاری :- ئەو نمرەیەیە، کە تاکی بەشداربوو وەری دەگرێت لەسەر وەڵامدانەوەی بڕگەکانی تایبەت بە پێوەری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنراوە.

### پێناسەی ڕەفتاری سەربەخۆیی

1- (Wyled، 1960):- بریتییە لە توانای تاک بە ڕەفتارکردن بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە و پشت نەبەستن بەئەوانی دیکە و دەبێت سەربەخۆ بێت لەدەسەڵاتەکانی و نەبوونی ئامادەباشی بۆ پەیوەست بوون بە ئەوانی دیکەوە(44: Wyled،1960 ).

2- (الفلاح، 1999):- بریتییە لە ڕاهێنانی منداڵ بۆ وازهێنان لە پشت بەستن بەئەوانی دیکە، بۆ ئەوەی پشت بە خودی خۆی ببەستێت لە جێبەجێکردنی کارەکانیدا، بەبێ هاوکاریکردنی ئەوانی دیکە (الفلاح، 1999: 24 ).

3- (المحامید، 2000):- بریتییە لە توانای تاک بۆ بەجێهێنانی داواکاری و پێویستییە دەروونییەکانی بەبێ هاوکاریکردن (المحامید، 2000: 10 ).

4- (سعید، 2005):- بریتییە لە توانای تاک بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ژیانی ڕۆژانەی بەبێ پشت بەستن بەکەسانی دیکە ئەوەش لەڕێگەی خودی خۆیەوە، کەتیایدا سەربەخۆیی بەپرۆسەی گەشەکردنی تاک هەژماردەکرێت (سعید،2005 :24).

**پێناسەی ڕێکاری :- ئەو نمرە گشتییەیە کە منداڵ وەریدەگرێت لەسەر بڕگەکانی تایبەت بە پێوەری ڕەفتاری سەربەخۆیی، کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنراوە.**

## منداڵی باخچە

1- (**الصايغ، 2006**):- **ئەو منداڵانەن، کە تایبەتمەندی جیاوازی خۆیان هەیە و دەتوانین وردتر بڵێین منداڵانی هەردوو پۆلی یەکەم و دووەمی باخچە کەتەمەنیان لە نێوان (3-6) ساڵاندایە** (**صايغ**،2006 :2)

2- (**العمراني، 2014**):- **ئەو منداڵانەیە، کە تەمەنیان لەنێوان (4-5) ساڵدایە و بۆماوەی دوو ساڵ لە باخچە دەمێننەوە**(**العمراني**،2014: 19).

3- (**صالح، 2019**):- **ئەو منداڵانە دەگرێتەوە، کە تەمەنیان دەکەوێتە کۆتایی ساڵی سێیەم تا کۆتایی ساڵی پێنجەم و سەرەتای ساڵی شەشەم، هەندێک لە زانایان ئەم قۆناغە بە قۆناغی منداڵی سەرەتایی ناودەبەن** (**صالح**،2019: 353).

## مامۆستای باخچە

1- (**راشد، 2001**):- **مامۆستای باخچە:- بریتییە لەو کەسەی، کە ئامادەکراوە لە ڕووی پەروەردەیی و زانستیەوە بۆ هەڵسان بە پەروەردەکردنی منداڵان و بەکۆمەڵایەتی کردنیان و گونجانیان لەگەڵ کۆمەڵگە لە ڕێگەی بەکارهێنانی هەوڵ و تواناکان و ئاڕاستەکردنی ڕەفتارەکانیان و بەکارهێنانی باش و کارا، کە هەڵقوڵاوی ئامانجی پەروەردەیی و داب و نەریتی کۆمەڵگە بێت** (**راشد**،2001: 27).

2- (**شريف، 2005**):- **مامۆستای باخچە:- مامۆستای باخچە ئەو کەسەیە، کە سەرپەرشتیاری لایەنی بەڕێوەبردنی ناوخۆ و دەرەوە دەکات و لێکۆڵینەوە لەسەر کاری زانستی و پەروەردەیی دەکات و توانای خۆگونجاندنی هەیە، بۆئەوەی بتوانێت ئەو زانست و زانیارییەی پێیەتی بیگەیەنێت بە منداڵەکان** (**شريف**،2005: 247_248).

3- (**البدر، 2010**):- **مامۆستای باخچە ئەو کەسەیە، کە کۆمەڵێ کرداری پەروەردەیی لە باخچەدا دەکات، بۆ گەیاندنی پەیامێک دەکەوێتە ناو کۆمەڵێک کاری فراوان، گرنگی سەرکەوتنی مامۆستا لە بوارەکەیدا لەوەدایە، کە کارکردن لەم قۆناغەدا گرنگ و قورس و ئاڵۆزە لە ژیانی منداڵدا و دیاریکردنی ئامانجەکان لە باخچەدا دەبێتە هۆی پێشکەوتنی باخچە** (**البدر**،2010: 285)

4- (**بۆکانی، 2020**):- **ئەو کەسەیە لە قۆناغی باخچەدا بە پەروەردەکردنی منداڵ هەڵدەستێت، و لە هەوڵی هێنانەدی ئامانجە پەروەردەییەکاندایە بە ڕەچاوکردنی تەمەنی منداڵان، هەروەها بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی چالاکییەکان لەناو پۆل و دەرەوەدا لە ئەستۆی ئەودایە، بوونی کۆمەڵێک تایبەتمەندی کەسێتی و کۆمەڵایەتی**

پەروەردەیی لە خەسڵەتە پێویستییەکانی ئەو مامۆستایەن، کە جیای دەکاتەوە لە مامۆستای قۆناغەکانی تری خوێندن(بۆکانی،2020: 321-322).

## باخچەی منداڵان

1- (البدر، 2010):- بریتییە لەو دەزگا پەروەردەییەی، کە چاودێری منداڵ دەکات لە تەمەنی ( 3 بۆ 4 ) تا (6 یان 7 ) ساڵی، ئامانج لێی بەدەست هێنانی گەشەی تەواو و هاوسەنگە لە گشت بوارەکانی ژیری ودەروونی وکۆمەڵایەتیدا، هەروەها پاڵپشتیکردن و گەشەپێدانی تواناکانییەتی لەڕێگەی ئەنجامدانی جووڵە و چالاکی سەربەستەوە البدر،2010 :32).

2- (جرجس،2016):- دامەزراوەیەکی پەروەردەییە، کە منداڵان دەگرێتە خۆی پێش ئەوەی بگەنە قۆناغی قوتابخانە (جرجس،2016: 22).

3- (بۆکانی، 2020):- دەزگایەکی پەروەردەیی کۆمەڵایەتییە ئامانجی گەشەیەکی تەواو و هاوسەنگە لە هەموو لایەنە جۆراو جۆرەکانی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و هەروەها ئامانجی بەرزکردنەوەی توانا و بەهرە جیاوازەکانە لەڕێگەی یاری و چالاکی ئازادانەوە، ئەم دامەزراوە پەروەردەییە چەندین چالاکی جۆراو جۆری تیایە، تاکو دەرفەتی خۆدەربڕینیان بۆ بڕەخسێت و مەشقیان لەسەر چۆنییەتی ژیان و کارلێکی کۆمەڵایەتی پێبکەن(بۆکانی،2020 :56).

# بەشی دووەم

## چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە و توێژینەوەکانی پێشوو

## کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی

## ڕەفتاری سەربەخۆیی

## باخچەی منداڵان

## مامۆستای باخچەی منداڵان

## توێژینەوەکانی پێشوو

# بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

## چەمکی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی

مەبەست لە چەمکی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بریتییە، لەو هەوڵانەی خەڵکی دەیدەن بۆ بەدەست هێنان و بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکان و تێرکردنی پێداویستییە مرۆییە گرنگەکان، هەروەها چەمکی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک بەها و پێوەری دانراو لە کۆمەڵگەدا، کە لە ڕێگەیەوە بڕیار دەدرێت لەو ململانێیانەی لە نێوان تاکەکاندا ڕوودەدات و یارمەتیدەرە لە بەدیهێنانی یەکگرتوویی و پەیوەندی نێوان تاکەکان و کۆمەڵەکاندا، هەروەها جۆرێکە لە فشار، کە پەیڕەودەکرێت بەسەر تاکەکاندا لە پێناو پارێزگاریکردن لە ئارامی و جێگیری سیستەم لە کۆمەڵگەدا(ابو الغفار،1985: 215).

ڕای زانایان دەربارەی چەمکی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بە پێی جیاوازی تێڕوانین و بیر و بۆچوونەکانیان بە پێی جیاوازی گۆشەنیگا و تیۆرەکانیان، بە تایبەتیش لەدوای بەشداریکردنی چەمکی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لەگەڵ چەمکەکانی دیکەی زانستی کۆمەڵناسی، وەک ( سیستەمی تەواوکاری-ڕێکخستن و هێز و دەسەڵات-پارتەکان-ڕای گشتی )دابەشبووە. (ئیدوارد روس) چەمکی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە، وەک ئامراز و هۆکارێک بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی، ئایا ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵ لەگەڵ داواکارییەکانی کۆمەڵگەدا گونجاوە، هەروەها باس لە گرنگی ئەو ڕۆڵە دەکات، کە ئاکار و ڕەوشت و یاساکان و ڕای گشتی و هونەر و فێرکردن و دیاردەکان دەکات، کەپەیوەستن بەم بابەتەوە لە پارێزگاریکردن لە کۆمەڵگە.

هەندێک لە زانایان پێیان وایە کۆنترۆڵ لە ناوەڕۆکدا لەسەر بنەمای یاسای سروشتییە، کە پەیوەستە بە سروشتی مرۆییەوە و وای دەبینن بریتییە لە سرووشتێکی کۆمەڵایەتی و ئەزموون، لە ڕاستییدا، مرۆڤ کاتێک دەتوانێت ئەم سروشتە بەدەست بهێنێت، کە ئارەزووی پاراستن و پارێزگاریکردن و سنووردارکردنی ڕەفتارەکانی و دادوەریکردنی کۆمەڵگەی هەبێت، وەک دەرئەنجامێک، بەڵام هەندێکی دیکە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی دەناسێنن بەوەی، ئەم چەمکە ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێکی گشتگیر، کەپێکدێت لە هێما کۆمەڵایەتییەکان و ماناکان و کۆمەڵێک لە بەها ، سەرباری هەموو ئەو پرۆسانەی پەیوەستن پێوەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، کە لە ڕێگەیەوە هاوسەنگییەکی کاتی بەدیدێت لەهەر کۆمەڵگەیەکدا، یاخود کۆمەڵەیەکی تایبەت بێت، کە تاکەکان تیایدا هەوڵدەدەن بۆ زاڵبوون بەسەر کەم و کوڕی و دوودڵی و دڵەڕاوکێ و ململانێکان، کە تایبەتە پێیان(السالم،2000: 27).

هەندێکی دیکە پێیان وایە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی ئەو شێوەیەی، کە یەکانگیر و گونجاوە لەگەڵ سیستەمی کۆمەڵایەتی گشتی و پارێزگاریکردن لە بونیادی کۆمەڵایەتی، پاشان دانانی بەشێوەیەکی گشتی هاوسەنگ لە حاڵەتە گۆڕاوەکاندا(ماکفیر،1961: 27). هەندێکی دیکە پێیان وایە، کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی وەڵامدانەوەی کۆمەڵگەیە بۆ ئەو ڕەفتارانەی تاک، کە لایان داوە لە پێوەرە کۆمەڵایەتیەکان بەمەبەستی گەڕاندنەوەی هاوسەنگی بۆ سیستەمی کۆمەڵایەتی، هەروەها پێیان وایە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی تاکەوە پاڵنەرە بۆ ڕەفتارە

لادەرەکـان، بەڵام لە ڕوانگەی سیستەمی کۆمەڵایەتییەوە بـریتییە لەو هێزەی، کە دووبـارە گێڕانەوەی هاوسـەنگی بەدیـدەهێنێت. " نـادل " جیـاوازی دەکـات لە نێـوان کـۆنترۆڵی کـۆمەڵایەتی و کـۆنترۆڵی خـودی لەم خـاڵانەی لای خوارەوەدا:-

1-کـۆنترۆڵی کـۆمەڵایەتی بـریتییە لە ڕەفتـاری بـاو و پێویسـتی بە کۆمەڵێـک لە کـۆنترۆڵە کۆمەڵایەتیەتییەکـان هەیە، کە بەهایەکی بەسوودی هەیە بۆ تـاک.

2-کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی زۆر پێویستە و لەڕێگەیەوە کۆنترۆڵی خودی بەدیدێت.

هەروەهـا کـۆنترۆڵی کـۆمەڵایەتی بەوە دەناسرێت بـریتییە لە کـۆنترۆڵکردنی کـۆمەڵگە لە ڕێگەی خـۆیەوە، کە لەڕێگەی پرۆسەکانی کۆنترۆڵەوە بەدیـدێن، نەک لە ڕێگەی تـاک، یـاخود تـاکە جیاکراوەکانەوە(محمد،2010: 23).

## گرنگی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی

بەشێکی زۆری بیرمەندان جەخت لەسـەر گرنگی کومەڵایەتی دەکەنەوە بـۆ کـۆمەڵگە و لەپێشـەنگی ئەو زانایـانەش زانـای کۆمەڵناسـی عەرەبـی "ئیبن خەلـدون" ئـامـاژەی بـۆ ئەوە کـردووە، کە دەبێـت شارنشـینی مـرۆڤ سیاسـەتێکی هەبێـت، تـا کاروبارەکـانی پـێ ڕێکبخـات، هەروەهـا کـۆمەڵگەی تەندروسـت نابێـت، ئەگەر هـاتوو کـۆنترۆڵی کومەڵایەتی بـوونی نەبێـت، بـۆیە بـۆ پاریزگـاریکردن لەقەوارەکەی پەنـای بـۆ دەبەن، ئەگەر هەر تێکچـوون و پشـێوییەک ڕوویـدا، کە هەڕەشـە بێـت بـۆ سـەر ئاسایشـی ئەو کـۆمەڵگەیە، لەبەر ئەوە کـۆنترۆڵی کـۆمەڵایەتی پێویستییەکی سەرەکییە بۆ مرۆڤ، کە بەسروشتی خۆی ئارەزووی هەیە بۆ زوڵم کردن و شەڕانگێزی، چونکە ئەگەر مرۆڤ هەندێک ڕەفتاری کۆمەڵایەتی بەدەست نەهێنـایە و پابەنـدی سیسـتەمی کۆمەڵایەتی نەبـوایە، کەڕەفتـارەکـان دیاریدەکات، ئەوە ئاڕاستەیەکی دیکەی دەبوو بەرامبەر ئەوانی دیکەی کۆمەڵگە(الجمال،2012: 32).

شایانی باسە، بەشێکی زۆر لەزانایان و توێژەران گرنگی پیان داوە بەتوێژینەوەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی سەربـاری جیاوازییـان لەدیـاریکردنی نـاوەڕۆکەکەی و جیـاوازی تێڕوانینیـان بـۆ ئەم بابەتـە، بەڵام هەموویـان کـۆکن لەسـەر گرنگی و پێویستی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە، لەبەر ئەوەی هەر کۆمەڵگەیەک لەکۆمەڵگە مرۆییەکـان یاسـا و ڕێکخستنی تایبەتی خۆی هەیە، کەتیایدا کاردەکەن لەسەر دیـاریکردنی ڕەفتـاری پەسـەند کـراو بـۆ پاڵپشـتیکردنی سیستەمی کۆمەڵایەتی و بەردەوام بـوونی، بێگومـان، ئەم کۆنترۆڵکردنـە بـۆ هەر کۆمەڵگەیەک پێویستە سـەرەتایی بێت، یـاخود نـا، لەبەر ئەوەی ئامادەکردن، یـاخود گۆڕانکـاری، یـان پێشخسـتن ڕوونـادەدات، ئەگەر لەچوارچێوەی کۆمەڵێک کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیدا نەبێت، کە کاریگەریـان هەیە لەسـەر ڕوودانـی ئەو گۆڕانکـاری و پێشکەوتنانە. هەروەها کۆنترۆڵی کـۆمەڵایەتی بنەمـایەکی کـاریگەری سیسـتەمی کۆمەڵایەتییە، کە بەدیهێنەری لایەنێکی گرنگی پێویسـتە، کە بـریتییە لە جێگیـری و ئاسایشـی و بەدیهێنـانی یەکگرتـوویی کـۆمەڵگە و سیسـتەمی کۆمەڵایەتیی(محمد،2010: 28).

## ئامانجەکانی کۆنترۆڵی کۆمەلایەتی

ئامانجەکانی کۆنترۆڵی کۆمەلایەتی لەچوارچێوەی یەک ئامانجدا دەسورێتەوە، کە خۆی دەنوێنێت لەگرنگی و پێویستی و گەیشتن بەڕازیبوونی خود، کە کۆنترۆڵی کۆمەلایەتی بەمانا فراوانەکەی بەدیدەهێنێت.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت ئامانجەکانی کۆنترۆڵی کۆمەلایەتی لەمانەی لای خوارەوەدا ڕوون بکەینەوە:-

**أ- ئامانجە پەروەردەییەکان:** خۆیان لەیەکگرتنی فێرخواز لەگەڵ پێوەرە کۆمەلایەتییەکان دەنوێنن، کە کۆمەڵگە ئامانجیەتی لەڕێگەی دامەزراوە پەروەردەییەکانەوە بەدیبهێنێت، بەم شێوەیە دامەزراوەکان بەشێوەیەکی نموونەیی هەڵدەستن بەڕۆڵی خۆیان بەرامبەر بەکۆمەڵگە.

**ب- ئامانجە کلتوری و ڕۆشنبیرییەکان:** خۆیان لەپاڵپشتیکردنی چەمکە ڕۆشنبیرییە دروستەکان لەکۆمەڵگەدا دەنوێنن و پارێزگاریکردن لێیان لەلادان، هەروەها پێویستە ئەم پاڵپشتیکردنە بەشێوەیەکی بەردەوام بێت، بۆ ئەوەی بەبەردەوامی لەلای ئەندامانی کۆمەڵ زیندوو بێت، کە بەکاری دەهێنێت، لەپرۆسەی پەروەردەدا و نەوە لەدوای نەوە پێیان دەگەیەنێت و وایان لێدەکات پەیڕەوی بەهاکانی کۆمەڵگە بکەن و دوورکەونەوە لەو زیادەڕۆیی و لادانانەی، کەزیان بەهەموو کۆمەڵگە دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی ئەرکی کۆنترۆڵی کۆمەلایەتیە کار بۆ پێشکەوتن و گەشەپێدانی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگە بکات، هەروەها بەدیهێنانی ڕەفتارە پەسەند کراوەکان بەپێی بەهاکان و دابونەریت و یاساکانی کۆمەڵگە(القريشي،2011: 45)

**ج- ئامانجەکانی ئارامی ئاسایش :** ئەو ئامانجانە دەگرێتەوە، کە بەرپرسن لەدروستکردنی کەشێکی ئارام و بوونی ئاسایش لەنێوان تاکەکان کۆمەڵدا بۆ ئەوەی هەست بکەن پارێزراون و هیچ هەڕەشە و مەترسیەک لەسەر ماف و موڵکەکانیان نییە.

**د- ئامانجی ڕێکخستن :** ئەو ئامانجانەیە، کە کاردەکەن بۆ دیاریکردنی ماف و ئەرکەکانی تاک لەکۆمەڵگەدا،بۆیە، ئەگەر ئەم ئامانجانە بەدیبێن، لەهەمان کاتدا کۆنترۆڵی تاک بەدیدێن،کەدەبێتە هۆی کۆنترۆڵ و ڕێکخستنی کۆمەڵ.

**ه-ئامانجە دەروونییەکان :** واتا بەدیهێنانی دروستی دەروونی تاکەکانە، ئەگەر ئەم ئامانجە بەدی نەهێنرێت ئەوا پەشێوی و دوو دڵی لەکۆمەڵگەدا بڵاو دەبێتەوە، لەبەر ئەوە دروستی دەروونی تاکەکان بنەمان بۆ کۆنترۆڵی ڕەفتارەکانیان (جبارة،2012: 229-232) .

## کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی وەک پێویستییەکی کۆمەڵایەتی

لەگرنگترین ئەو چەمکانەی سروشتی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لەنموونەی ڕۆژئاوایدا پێکدەهێنێت بریتییە لەبیرۆکەی پێویستی کۆمەڵایەتی، کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بەو شێوەیە سەیر دەکرێت، کەپێویستییەکی گرنگە بۆ جێگیربوونی سیستەم و دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان، ئەمەش بۆ ئەوەی دڵنیایی بەردەوامی کاریگەرکەی بدات لەبەرامبەر پاراستنی شێوەی بونیادی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی کرداری گروپەکان و بەشەکانیاندا، ئەم پێداویستییە لەسروشتی سیستەمە کۆمەڵایەتیەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، لەبەر ئەوە هەموو کۆمەڵگەیەک سیستەمی تایبەت بەخۆی هەیە، کە لەگەڵ ئەو بەهایانەی، کەلەئەو کۆمەڵگەیەدا بوونیان هەیە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ڕۆشنبیری و کەلەپورە کلتوریەکاندا، کە گوازراوەتەوە بۆی. هەموو کۆمەڵەکان، ئەگەر بچووک بن، یاخود گەورە کۆمەڵێک بنەمای گشتییان هەیە، کەکۆکن لەسەر چەند پێگەیەکی گونجاو بۆ دابین کردنی پێداویستی تاکەکان و وەڵامدانەوەی خواستەکانیان و بەدیهێنانیان(خشاب، 2015: 88) ، ئەم بنەما گشتییەش تایبەتمەندییەکانی بەردەوام بوون و جێگیری و مانەوە بەدەستدەهێنێن، ئەمەش بەمانای ئەوە دێت، کە پێویستییەکی گرنگە بۆ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و شێوەیەک وەردەگرێت، کاتێک گروپەکان ئاشنا دەبن و شێوەی داب ونەریت و کلتورە کۆمەلایەتیەکان وەردەگرێت. هەروەها دەبێت بەلایەنێکی بەرگریکاری بنەڕەتی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی، کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە پێک دەهێنێت و خۆی لەدەسەلاتێکی ئیلزامی گشتیگر و هەمە لایەن دەنوێنێت، کەئەمە پەیوەندییەکی سروشتی پێوەرییە(محمد، 2010: 94) .

## ئەرکەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی

کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بەرپرسە لە چەند ئەرکێکی سەرەکی، کە بریتیین لەمانەی لای خوارەوە :-

1- دەبێتە هۆکاری پەسەند کردنی پێوەرەکان و بەها پەسەندەکان لای تاکەکان.
2- دانانی پاداشت  بۆ ئەو کەسانەی، کەڕەچاوی بەها و پێوەرەکان دەکەن.
3- دانانی سزای مەعنەویی بۆ ئەو کەسانەی بەها و پێوەرەکان ڕەتدەکەنەوە و لێ لادەدەن.
4- یارمەتی دانی تاکەکان لەنموونەی ڕەفتارەکانیاندا لەناو کۆمەڵگەدا.
5- ڕێگە بە دەسەڵاتە فەرمیەکان دەدات، کە هەستن بەجێبەجێکردنی ئەرکەکانیان لە ملکەچکردنی تاکەکان بۆ یاسا دەستورییەکان.
6- بەهێزکردنی هێماکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، کە مانا کۆمەڵایەتی و کلتوریەکان لەخۆدەگرێت و ڕێگرن لەڕوودانی لادانی ڕەفتاری، یاخود سزادانی لادەرانی پێوەرەکان لەبەردەم خەڵکدا.
7- ئەرکی سەرەکی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بریتییە، لەدیاریکردنی لایەنەکانی و جۆرەکانی ڕەفتارە پەسەندکراوەکان لەکۆمەڵگەدا(القرشي، 2016: ئینتەرنێت).

## تایبەتمەندییەکانی کۆنترۆڵی کۆمەلایەتی

ئەو تایبەتمەندییانەی، کەپرۆسەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی پێ جیادەکرێتەوە بریتیین لە :-

1- بیرۆکەی بەشداریکردنێکی کرداری لەسیستەمی کۆمەڵایەتییدا.

2- بەشداریکردن لەسیستەمی کۆمەلایەتی بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و لەخۆوە نابێت، بەڵکو بەپێی پلانێکی ڕێکخراو ئامانجدار و هاوبەشیکردن دەبێت، کەبەشداری دەکات لەڕێکخستن و جێبەجێکردنی لە سێکتەرەکانیدا، کە لە کۆمەڵگەدا بوونیان هەیە.

3- کۆنترۆڵی کۆمەلایەتی جەخت لەسەر یاسای کۆمەڵایەتی دەکاتەوە، هەروەها ئاشکرایە، تاکەکان چەندین پاڵنەری سەرەتاییان هەیە، یاخود پێداویستیان هەیە، وەک خواردن و خواردنەوە و خەوتن و سێکس. هەموو ئەم پێداویستییانەش پێویستییان بەتێربوونە، بەبێ بوونی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیش بەتەنها ئەم پێداویستییانە تێرنابن، لەبەر ئەوە پێویستییان بەفاکتەرەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی هەیە.

4- ئەگەر کۆنترۆڵی کۆمەلایەتی ئامانجداربێت، کەواتە پێویستە وەک چارەسەر و گۆڕینی و چاکردنی لادانەکانی کۆمەڵگەدا ڕەچاوبکرێت و بەهەند وەربگیرێت(ناصر، 2011: 268).

## جۆرەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی

### یەکەم: کۆنترۆڵی ناوەکی

ئەو هێزە کۆنترۆڵ کردنەیە، کە لە پێوەر و بەها کۆمەڵایەتیەکانەوە لەلای تاکەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، هەروەها شوێنی خۆی لە ناوچەی هەستدا کردۆتەوە، لە ڕێگەی کۆنترۆڵی ناوەکییەوە، کە لەو پێوەر و بەها کۆمەڵایەتیانەوە لەلای تاکەکان سەرچاوە دەگرێت، کە ڕێگریان لێدەکات لە بیرکردنەوە، یاخود هەستان بە بردنی ماف و ماڵی ئەوانی دیکە، بەبێ ئەوەی خۆیان خاوەنی بن، لەبەرئەوەی هەڵگری بنەمایەکی ڕەوشتین (عمر،2003: 48).

### دووەم: کۆنترۆڵی دەرەکی

ئەو جۆرە کۆنترۆڵەیە، کە لەسەر تاک پەیڕەو دەکرێت لە دەرەوەی خۆی، بۆ ئەوەی پابەند بێت بەو بنەما و یاسایانەی، کە کۆمەڵگە داینـاوە، زۆربەی کات ئەم جۆرە فشارانە لە شێوەی سزا کۆمەڵایەتییەکاندان، کە فەرمین، یاخود کلتورین. هەر کۆمەڵگەیەک خاوەنداریتی کۆنترۆڵی دەرەکی دەکات، کە پێک دێت لە کۆمەڵێک سزای کۆمەڵایەتی، کە دەسەپێنرێت بەسەر هەموو ئەو ڕەفتارانەی کە لادەرن، هەروەها ئەوانەی بەکاردەهێنرێن و باون بە شێوەیەکی نافەرمی وەک ( کلتورە کۆمەڵایەتییەکان )، هەروەها فەرمی، کە سزا فەرمییەکان دەسەپێنێت لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە(ابراهیم،2009: 122). کۆمەڵگە خاوەنداریتی چەند شێوازێکی

کۆنـترۆڵ دەکـات، ئەگەر فەرمی بێت، یـاخود کلتـوری، کە هەڵدەستێت بە کۆنــترۆڵکردنی ڕەفتــاری سـەرجەم تاکەکان، کە بیانەوێت دەربچن لەو بنەما و یاسا و کلتورانە و پاداشتکردنی بۆ هەموو ئەوانەی، کە یەکدەگرن لەگەڵ ئەو بەهاو پێوەرانە و شێوازی کۆنـترۆڵە دەرەکیەکاندا(بطرس،2010: 24).

سێیەم: کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی ئەرێنی و نەرێنی

کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی ئەرێنی :- بریتییە لە ستایشکردنی باش و هاندان و پاداشتکردنی تـاک و گروپەکـان، کە نوێنەرایەتی سیستەمی کۆمەڵایەتی و پێوەری بەها کۆمەڵایەتییەکان دەکەن.

کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی نەرێنی :- خۆی لە جۆرە جیاوازەکـانی سزاداندا دەبینێتەوە، کە دەسەپێندرێت بەسەر هەر تاکێکـدا، کە سـەرپێچی یاسـاکانی ڕێکخسـتن بکـات. بێگومـان، دەبێـت سـزاکە گونجـاو بێـت بـۆ هەڵوێسـتە کۆمەڵایەتییەکە، وەک پێزانینی کۆمەڵگە بۆ دیاردەکانی لادان لە سیستەمی کۆمەڵایەتی(العسل،2011: 52).

چوارەم:کۆنترۆڵی ماددی و مەعنەوی

لەبواری کۆنترۆڵدا دەتـوانین جیـاوازی بکەیـن لە نێوان جۆری سزاکان و پاداشتەکاندا، کەبـریتیین لەمـانەی لای خوارەوە :-

سـزا مـاددییە بەرجەسـتەکان :- بەسـەر تاکـدا جێبەجێـدەکرێت، وەک بەنـدکردن و لەسێدارەدان، بـاڵام پاداشـتە ماددییە بەرجەستەکان، وەک خەڵات و بڕوانامە و پێزانین بە تاک دەدرێت.

سـزا ڕەوشـتییەکان، یـاخود مەعنەوییـە نابەرجەسـتەکان :- ئەم جـۆرە زیـاتر ئـامڕازە نافەرمییەکـانی کـۆنترۆڵی کــۆمەڵایەتی دەگــرێتەوە، وەک گــاڵتەپێکردن و لــۆمەکردن و ســەرکۆنەکردن و پڕوپاگەنــدە و دوورخســتنەوە (السمالوطي،1974: 306-307).

پێنجەم: کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ

کۆنترۆڵی کـۆمەڵایەتی ڕاسـتەوخۆ :- بەدیدەهێنـدرێت لەڕێگەی ڕێکخسـتن و یاسـا دانـدراوەکان و نووسـراوەکان لە ڕێگەی ڕێکخراوەکـان و دامەزراوەکـان و لایەنەکـان و بریکـارە کـۆمەڵایەتییە تایبەتمەنـدەکانەوە، وەک چـاودێری و ڕێکخستنە سیاسییەکان و ئابوورییەکان و کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆ، یان ئەرێنییە، یاخود نەرێنییە بەشێوەیەکی فەرمی.

کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی ناڕاستەوخۆ :- مەبەسـت لێـی سەپاندنی دەسەڵاتە لە سەرچاوەیەکی دیـاری نەکراوە و نـا ئیـدارییەکانەوە، کە خۆیـان دەنـوێنن لە ڕێـگە باوەکـان و داب و نەریتەکـان، وەکـو دەسـەڵاتێک بەسـەر تـاک و گروپەکاندا پەیڕەودەکرێت (خشاب،1968: 27).

## ئەو تیۆرانەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لێکدەدەنەوە

**لە خوارەوە ئاماژە بە دیارترین ئەو تیۆرانە دەدەین، کە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی ڕووندەکەنەوە :-**

**یەکەم/ تیۆری ولیام سومنەر (1840 - 1910)**

**بیرۆکەی سەرەکی تیۆرەکەی (سومنەر) بریتییە لە تایبەتمەندی سەرەکی بۆ سروشتی کۆمەڵایەتی، کە بە شێوەیەکی ڕوون خۆی دەردەخات لە کۆنترۆڵکردنی ڕەفتار لە ڕێگەی داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانەوە و کاردەکات بۆ کۆنترۆڵکردنی کارلێکی کۆمەڵایەتی، ئەمەش لە دەرەوەی ئیرادەی مرۆڤە (الرشدان،1999: 62) . هەروەها لە کتێبی " ڕێگە فۆلکلۆرییەکان " دا دەڵێت:- ڕێگە فۆلکلۆرییەکان ئاماژەیە بۆ داب ونەریتەکانی کۆمەڵگە بەپێی ئەوەی جیاوازن لە کاریگەرییان، ئەوانن دادوەری دەکەن بەسەر گرنگی ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانەوە و لە دواییدا دەبن بە پێویستی بۆ سەرکەوتنی نەوە یەک لە دوای یەکەکان "، داب و نەریتەکان لای (سومنەر) گرنگی زۆریان هەیە و ئەوانن دادوەری دەکەن بەسەر سیستەم ویاساکاندا. (سومنەر)پێی وایە، هیچ بۆشاییەک لە نێوان داب ونەریت و یاساکاندا نییە، لەوانەیە تەنها جیاوازی نێوانیان لە سزاکاندا بێت، کە سزا یاساییەکان زیاتر عەقڵانی و لۆجیکی تر و ڕێکخراوترن بەراورد بە سزا نەریتییەکان (جابر،1984: 96).**

**دووەم/ تیۆری ڕوس (1866 - 1901)**

**(ئێدوارد روس ) بەیەکەم کەس دادەنرێت، کە تیۆریکی تایبەت بە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی دارشتووە، ئەمەش لە کتێبی " کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی : توێژینەوەیەک بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی "، کە لە ساڵی(1901) دا بڵاوکراوەتەوە، باس لە دیاردەی کۆنترۆلی کۆمەڵایەتی کراوە و لێیکۆڵیوەتەوە و شیکردۆتەوە.( ڕوس ) جیاوازی دەکات لە نێوان دوو جۆر لە هۆکارەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، کە ئەمانەن :-**

**آ/ هۆکارە ئاکارییەکان**

**پێک دێت لەسەرجەم پاڵنەرە سرووستییەکان، کە لەلای سەرجەم تاکەکان بوونیان هەیە، ئەمەش وا لە مرۆڤ دەکات سیستەمێکی تەواوکار پێکبهێنێت و کاردەکات بۆ پشتگیریکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئاستی کەسی.( ڕوس ) ئەو هۆکارانەی دیاریکردووە بە ئەمانەی لای خوارەوە، کە بریتیین لە (سۆزی سرووشتی - توانای کۆبوونەوە - هەستکردن بە دادپەروەری – کاردانەوە) (السالم،2000: 20).**

**ب/ هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان**

**لەگەڵ ئەوەی(ڕوس) جەخت دەکاتەوە لە گرنگی هۆکارە ئاکارییەکان لە بوونی کاریگەرییان لەسەر کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، بەڵام لە تیۆرەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات، کە لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا ئەم هۆکارانە بەتەنها کاریگەر نابن لەسەر کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، بەڵکو کۆمەڵگە بەرپرسیار دەبێت لە هەستان بە**

جێبەجێکردنی ڕێکخستن و کۆنترۆڵ لەڕێگەی کۆمەڵێک هۆکاری کۆمەڵایەتییەوە. هەروەها (روس) هۆکارەکانی بە ئەمانەی لای خوارەوە دەستنیشان کردووە، کە هەریەکێکیان گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لە پرۆسەی کۆنترۆڵی کۆمەلایەتیدا (ڕای گشتی - ئایین - پێشنیارەکان - دروشمەکان - دەوڵەت ولایەنەکانی جێبەجێکردن - پەروەردە و فێرکردن - هونەر - کەسایەتی - ڕۆشنگەری - هەڵخەڵەتاندن، یان وەهم )(ال عیدان،2014: 61).

**سێیەم/ تیۆری هاری ستاک سولیڤان (1892 - 1949)**

بیردۆزێکی کەسایەتییە جەخت دەکاتەوە لەسەر هۆکارە کلتوری و کۆمەلایەتییەکان و کاریگەرییان لەسەر پێکهاتەی کەسایەتی، تێگەیشتنی (سولیڤان) بۆ کەسایەتی جیاوازە لە زانایانی تری لە چوارچێوەی کۆمەلایەتی – دەروونی دیاریدەکرێن، پێی وایە بریتییە لە تێکەڵەیەک لە کۆکردنەوەی دەگمەن لە پزیشکی دەروونی و دەروونزانی کۆمەلایەتی، کەواتە بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان کەسەکان و لە پرۆسەکانی کارلێکردنی نێوان خەڵک، سولیڤان پێی وایە ناکرێت لێکۆڵینەوە لە کەسایەتی تاک بکرێت بەبێ خەڵک لەبەر ئەوەی کەسایەتی تاک بە تەنیا نییە و جیاناکرێتەوە لە کۆمەڵگە، هەر لایەنێک لە لایەنەکانی کەسایەتی تاک دەرئەنجامی کەسایەتییەکانن کە لە ژیاندا هەستی پێکردوون لە ساتی لەدایک بووندا، کەواتە کەسایەتی گوزارشتی لێدەکرێت لەڕێگەی کارلێکردن لەگەڵ ئەوانی تر، هەروەها پێشی وایە گرژی ڕۆڵێکی زۆر لە کەسایەتیدا دەبینێت ئەو کەسانەی بەردەوام لە هەوڵی کەمکردنەوەی گرژی دان، ئەو هەوڵە لە دوو ئاراستەوە سەرچاوە دەگرێت ، پێداویستییە بایەلۆجیەکان و نەبوونی ئاسایشی کۆمەلایەتی دەبنە هۆی دروستبوونی سەرجەم جۆرەکانی ڕەفتار و لەنەبردنی گرژی دەبێتە هۆکارێک بۆ دڵەڕاوکێ، هەروەها جەخت دەکاتەوە لە پەیوەندی نێوان منداڵ و دایک پێچەوانەی بۆچوونی (فرۆید)ە، کە دەڵێت سالی (4-5) بناغەی دروست بوونی کەسایەتی مرۆڤە، (سولیڤان) بڕوای وایە گۆڕانکاری سەیر و زەق لە قۆناغی هەرزەکاریدا ڕوودەدات(مصطفى، 2019 : 183-184).

**چوارەم/ تیۆری تالکوت پارسۆنز (سیستەم 1902 - 1979)**

(پارسۆنز) زانای کۆمەڵناسی ئەمریکی هاوچەرخ کاریگەربووە بە لێکۆڵینەوەکانی (هوبهوس وجنربرج و فیبر هندرسون) و بەشداری هزری ( دورگایم ) ی کردووە، کە جەخت دەکاتەوە لەسەرهاوسەنگ کردنی سیستەم، هەروەها (بارسونز) گرنگی داوە بە بیرۆکەی هاوسەنگی لە سیستەمی کۆمەلایەتیدا و پێی وایە سیستەمی کۆمەلایەتیش بە هەمان شێوەی حاڵەتەکانی هاوسەنگی، یاخود نەمانی گەشەدەکات. هیچ گۆڕانکارییەک، یاخود تێکچوونێکی لەناکاوی بەسەردا نایەت، بەڵکو بەشێوەیەکی هەنگاو بە هەنگاو کار دەکات بۆ گێڕانەوەی هاوسەنگییەکەی، ئەمەش بەو واتایە دێت، کە کۆمەڵگە لە هەموو حاڵەتەکاندا لە توانایدایە کۆمەڵێک میکانیزم دروست بکات بۆ پارێزگاریکردن لە هاوسەنگییەکەی. هەروەها پێی وایە مرۆڤ توانای گۆڕینی سیستەمی بەهاکانی نییە، بەڵکو پێویستە خۆی لەگەڵیاندا بگونجێنێت(محمد،2010: 37).

(بارسونز) پێی وایە، کە چەندین هۆکار هەن کاریگەریان لەسەر نەمانی هاوسەنگی سیستەم هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە سیستەم هەستێت بە ئەنجامدانی چەند ڕێکارییەک بۆ پێکهێنانی گونجاندنێکی شیاو لە ڕێگەی چەند میکانیزمێکی شیاوەوە، کە ئەمانەن ( آ- بەکۆمەڵایەتیکردن ، ب- ئاڵوگۆڕکردنی پێداویستییەکان لەناو سیستەمدا ، ج- کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی : - میکانیزمێکە بۆ تەواوکردنی پاڵنەر لە بەرامبەر بەدیهێنانی پێشبینیکردنەکانی ڕۆڵ، ( بارسۆنز ) لەو بڕوایە دایە، کە پاڵنەری بەرامبەر بەدیهێنانی پێشبینییەکان پاڵنەرێکی سروشتی نییە، بەڵکو پاڵنەرێکی بەدەستهێنراوە لە ڕێگەی فێربوونەوە و هیچ تاکێک ناتوانێت هەستێت بەجێبەجێکردنی ڕۆڵەکەی هەتا ئەوکاتەی لە سەرەتاوە فێردەبێت چی دەوێت ؟ ئەمەش ڕۆڵی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیکردنە، کە بەتەنها ناتوانێت ئەو پاڵنەرە بێت وپشتگیری بکات. لێرەوە ڕۆڵی میکانیزمی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی دێت، کاتێک پرۆسەی بەکۆمەڵایەتی کردن ناتوانێت بەتەنها ڕوبەڕووی هەموو لایەنە لادەرەکان بێتەوە،هەروەها کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی ڕووبەڕووی ئەو پاڵنەرانە دەبێتەوە، کە لادەدەن لە پێشبینیکردنەکانی ڕۆڵ، یان هەرپرۆسەیەک بۆ گێڕانەوەی هاوسەنگی(عبدالعزیز،2016،ئینتەرنێت).

## پێنجەم/ تیۆری سکینەر (1904 - 1990)

(فریدریک سکینەر) پێی وایە هەموو ڕەفتارێک وابەستەی دەرئەنجامەکەیەتی هەموو ئەو ڕەفتارانە زیاتر دووبارە دەبنەوە، کە پاڵپشت و پاداشت دەکرێن، هەموو ئەو ڕەفتارانەی، کە پاداشت ناکرێن، یاخود سزادانیان بەدوادا دێت کەم دەبنەوە و لاواز دەبن. لە ڕوانگەی تیۆرەکەی سیکنەرەوە ژینگە کاریگەری لەسەر بوونەوەر هەیە، سیکنەر پێی وایە پاداشت کردن و سزادان ئەگەری ڕوودانی وەڵامدانەوە بۆ ڕەفتارەکان بەهێزتر دەکەن.

**چەمکە سەرەکییەکانی تیۆری (مەرجی کرداری) سکینەر بریتیین لە:**

**پاداشت:-** بە هەموو ئەو پاداشتە ماددی و مەعنەویانە دەوترێت، کەدەبنە هۆی بەهێزکردن و جێگیرکردنی ڕەفتارێکی گونجاو، کە دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر (پاداشتی پۆزەتیف – پاداشتی نێگەتیف).

**سزادان:-** بە هەموو ئەو سزا ماددی و مەعنەویانە دەوترێت، کە دەبنە هۆی لاوازکردن و دووبارە نەبوونەوەی ڕەفتار، کە دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر (سزادانی پۆزەتیف –سزادانی نێگەتیف) دەکرێت ئەم جۆرە سزایانە جەستەیی – دەروونی، یاخود کۆمەڵایەتی بن(عزیز،2014: 129-130).

## شەشەم/ تیۆری ئەلبێرت باندۆرا (1925 - 2021)

تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی، یەکێکە لە تیۆرە گرنگەکانی دەروونناسی کۆمەڵایەتی، کەبەشدارییەکی گرنگی هەیە لە شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی دیاردە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان، باندۆرا لە تیۆرەکەیدا جەخت دەکاتەوە لەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، لەبەر ئەم هۆکارە هەر لە ژینگەی کۆمەڵایەتییەوە فێردەبێت و گەشە دەکات. هەر لە ڕێگەی ژینگەی کۆمەڵایەتی و پەروەردەوە لایەنگری بۆ خێزان ، بۆ نیشتیمان ، بۆ ئاین ، بۆ زانست

..هتد، لا دروست دەبێت. هۆكاری سەرەكی فێربوونیش بریتییە لەسەرنجدان و لاسایكردنەوەی ڕەفتاری كەسانی دیكە، باندۆرا و لایەنگرانی ئەم تیۆرە ئەوە دەخەنەڕوو لە چەند هۆكارێك هەن كاریگەرییان هەیە لەسەر منداڵ لە سەرنجدان و لاسایكردنەوەی كەسانی دیكە، كە بریتیین لە :-

*پلە و پایە و كەسایەتی ئەو كەسەی منداڵ دەیەوێت لاسایی بكاتەوە.

*توانا و لێهاتووی منداڵ بۆ لاسایكردنەوەی ڕەفتار.

*پاداشت و سزا ڕۆڵی كاریگەریان هەیە لەسەر فێربوونی منداڵ لەڕێگەی لاسایكردنەوەوە، چونكە منداڵ هەمیشە لاسایی ئەو ڕەفتارانە دەكاتەوە، كە دەبنە مایەی پەسەندكردن لەلایەن كەسانی دەوروبەر و لەسەری پاداشت دەكرێن، هەروەها دەستبەرداری ئەو ڕەفتارانەش دەبێت، كە لەلایەن دەوروبەرەوە ناپەسەندن و دەبنە هۆی سزادان.

*سەرسام بوونی منداڵ بە كەسێتی كەسانی دیكە.

*هاوڕێیەتی و هاوبیری و هاوتوخمی(عەلی، 2007: 105).

## دام و دەزگا و دامەزراوە بەرپرسیارەكان لە كۆنترۆڵی كۆمەڵایەتی

### 1-حكومەت

بە پێی ئەوەی حكومەت سەرچاوەی دەسەڵات و جێبەجێكردن و هێزە لە كۆمەڵگەدا، لەبەرئەوە ڕۆڵێكی بنەڕەتی هەیە لە كۆنترۆڵی كۆمەڵایەتی فەرمیدا، تا پارێزگاری لە ئارامی و ئاسایشی و ئاشتی بكات لە كۆمەڵگەدا، و پارێزگاریكردنی هاونیشتیمانیان و موڵكەكانیان، بۆ بەدیهێنانی ئەم ڕۆڵەش حكومەت هەڵدەستێت بە دانانی یاساكان، كە ڕێكخەری پەیوەندی نێوان تاكەكان و هەركاتێك لەم یاسایانە لابدات و دەربچێت ڕووبەڕووی سزا دەبێتەوە(الخطیب، 2002: 165).

### 2-دڵنیایی كۆمەڵایەتی

یەكێكە لە دامەزراوە گرنگەكانی بەرپرسیار لە پاراستنی ئارامی لە كۆمەڵگەدا، بەهۆی بوونی ڕێژەی زۆر لەو تاكانەی، كە پێویستیان هەیە، یاخود ئەو تاكانەی كار ناكەن و كاریان نییە لە كۆمەڵگەدا، هەروەها ئەوانەی، كە بە دەست هەژاریەوە دەناڵێنن لەگەڵ برسیەتی و بە مەترسی دادەنرێت لەسەر ئاسایشی كۆمەڵگە و مەترسی بۆسەر سەلامەتی كۆمەڵگە، لەبەرئەوە حكومەت هەست بە بەرپرسیاریەتی دەكات لە پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری بەم گروپە بۆ پارێزگاریكردن لە بەجێگیری هێشتنەوەی كۆمەڵگە

.

## 3-نۆرینگە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکان

لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لە پارێزگاریکردن لە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و سیستەم لە کۆمەڵگەدا، بۆ نموونە نەخۆشی دەروونی، یاخود لادەر، یان تاوانبار بە تاکێکی ناتەندروست، یاخود نە گونجاوی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، بۆیە پێویستی بە هاوکارییە پزیشکی و کۆمەڵایەتیەکانە، کە لەو کۆمەڵگەیەدا بوونیان هەیە بۆ یارمەتیدانی بۆ ئەوەی بە تەندروستی بمێنێتەوە(الخطیب،2002: 166).

## 4-خێزان

خێزان لە دایک و باوک و منداڵ پێکدێت، کە پەیوەندی خوێنی و ئامانجی هاوبەش پەیوەستییان دەکات بەیەکەوە، هەروەها کاریگەر دەبن بە سیستەمە کۆمەڵایەتییە هەمەلایەنەکان، کە کارلێکیان لەگەڵ دەکات لە کارو ئەرکەکانیدا، لەبەرئەوە گۆڕانی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی کاریگەری دەبێت لەسەر شێوازی ژیانی خێزانی و توانایان لە ئەرکەکانیاندا(حوالة،2003: 6).خێزان ئەو ژینگەیەیە، کە چوار دەوری منداڵ دەدات لەدایک بوونییەوە باوانی بەشێوەی تایبەت بەرپرسیارن لەچاندنی بەهاکان و ئاڕاستەکان و شێوازەکانی ڕەفتاردا، کە گونجاو و پەسەند، یاخود نەگونجاو و پەسەندنەکراون لەلای تاک. گەیاندنی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە و بەها و ڕەوشت و ئاکارەکانی تاکدا و دیاریکەری چوارەچێوەی کەسێتی منداڵە، هەروەها ڕەفتارەکان و چۆنییەتی مامەڵە لەگەڵ ئەوانەی دیکەدا دیاری دەکات، لەسەر خێزان پێویستە تاک فێربکات چی دروستە و هەڵەیە، چی حەڵاڵە و چی حەرامە؟(الخطیب،2002: 167).

## 5-کۆمەڵەی هاوتەمەنان

کۆمەڵەی هاوڕێیان، ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە ژیانی تاکدا بە تایبەتی لە قۆناغی منداڵی و گەنجییدا، منداڵ خۆی لە ناو هاوڕێکانیدا دەدۆزێتەوە و لە هەموو شتێکدا هەوڵدەدات لاساییان بکاتەوە، تاکو بتوانێت ڕەزامەندییان بەدەست بهێنێت، لەبەرئەوە کۆمەڵەی هاوڕێیان بە یەکێک لە سەرچاوەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی دادەنرێت. ئەو دەتوانێت پاڵنەر بێت لە هاندانی تاک بۆ شوێنکەوتنی بەهاکان و بەدەستهێنانی ڕەزامەندی، هەندێک جار کۆمەڵەی هاوڕێیان بە سەرچاوەیەک لە سەرچاوەکانی لادانی دادەنرێت، ئەگەر تاک لە هەڵبژاردنیان بە شێوەیەکی دروست سەرکەوتوو نەبوو، لەبەرئەوە گونجاوترە هەڵبژاردنی هاوڕێیان لە ناوەندێکی پەروەردەیدا بێت، هەروەها تەنانەت خێزان و قوتابخانەش هاوڕان لەسەر گرنگی و کاریگەری بەهێزی کۆمەڵەی هاوڕێیان لە ڕێگریکردن لە لادان لای تاک(الخطیب،2002: 167).

## 6-دامەزراوە پەروەردەییەکان

گومان لەوەدا نییە، کە پەروەردە ڕۆڵێکی سەرەکی و پڕبایەخی لە باخچەدا هەیە، ئەگەر پەروەردە ئەرکی پێگەیاندنی تاکێکی بەسوود و هاوکار بێت لە بنیاتنان و پێشخستنی کۆمەڵگە و خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز بێت لە هەموو لایەنەکانەوە، ئەوا باخچەش گرنگی بە گەشەی منداڵ دەدات لەسەرجەم لایەنەکانی (جەستەیی،ئەقڵی،هەڵچوونی و زمانەوانی،جوڵەیی،کۆمەڵایەتی،دەروونی)، هەروەها یارمەتی منداڵ دەدات تاکو بتوانێت هەستەکانی دەرببڕێت، لە ئاماژەکان تێبگات و خەیاڵ و ئەندێشەی فراوان بکات، هاوکات بایەخدان بە بەها کۆمەڵایەتییەکان و مافی خاوەندارێتی تایبەت و گشتی لای منداڵ و زیادکردنی توانای چارەسەر کردنی ئەو گرفتانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، هەروەها دروستکردنی هەستی متمانە بەخۆبوون و کەسایەتییەکی بەهێز لام منداڵ، منداڵ بەشێکی زۆری بەهاکانی کۆمەڵگەکەی لە ئەم دامەزراوانەوە بەدەستدەهێنێت، سیستەمی فێرکاری بە شێوەیەکی کرداری لە ڕێگەی مامۆستا و ئادابەکانی ڕەفتارکردن لە باخچە و خوێندنگەدا و پرۆگرامەکانی خوێندن و سیستەم و یاساکان کار دەکات، هەروەها شێوازی مامەڵەکردنی لە نێوان مامۆستا و منداڵان بە جۆرێک، کە ببێتە هۆی ڕێککەوتن و گونجان لە نێوان ڕۆڵەکانی کۆمەڵگەدا، ئیدی لەم ڕێگەیەوە منداڵ دەزانێت کامە دروستە و کامە هەڵەیە؟ هەروەها خوێندنگە بە ئامرازێک لە ئامرازەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، لە ڕێگەی پرۆسەی پەروەردەیی خوێندنگەوە خوێندکارەکان ئامانجە ڕۆشنبیرییە دیاریکراوەکان و ڕێکخستنیان بە شێوەیەکی هەرەمی دەزانن، هەروەها ئاشنای چۆنییەتی کارکردن بۆ بەدیهێنانیان دەبن، لەم ڕێگەیەوە درک بە سیستەمی کۆمەڵگەو ئەو سزایانەی بەکاردەهێنرێت دەکەن، ئەمەش ئاسانکاریان بۆ دەکات لە کارلێکردن و هەستان بە ڕۆڵەکانیان لە کۆمەڵگەدا، کە چاوەڕوانکراوە لێیان و کارلێکردنیان بە شێوەیەکی تەندروست لەگەڵ ژینگە کۆمەڵایەتی و ژینگەی ماددییە سروشتیەکە بە جۆرێک، کە بە شێوەیەکی چالاک و کارا کار بکەن بۆ بنیادنانی کۆمەڵگەکەیان و پێشخستنی و گەشەپێدانی(السيد،1998: 37).

## 7-دامەزراوە ئایینییەکان

مەبەست لە دامەزراوە ئایینییەکان بریتییە لەو ناوەندانەی تایبەتن لە کۆمەڵگەدا بۆ هەستان بە ئەنجامدانی ئەرکە ئایینییەکان و دروشمەکان، کە ئەوانیش بریتین لە مزگەوت لای موسوڵمانان، کەنیسە لای مەسیحیەکان، پەرستگاکان لای ئایینەکانی دیکە.

ئایین بریتییە لە کۆمەڵێک بەها، کە تاک پشتی پێدەبەستێت و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەوانی تردا دیاری دەکات، هەروەها پەیوەندییە بەهێزە نەبینراوەکەی دەوروبەری دیاری دەکات، ئایین بە سەرچاوەیەکی گرنگ دادەنرێت لە سەرچاوەکانی یاسادانان و بەها ڕەوشتیەکان لە کۆمەڵگەکەندا. هیچ کۆمەڵگەیەک تەنانەت ئەگەر بچوکیش بێت بەبێ ئایین بوونی نییە، ئایین دیاردەیەکی گشتییە لە هەموو کۆمەڵگەکاندا و هیچ ئایینێک بانگەشە بۆ کوشتن و دزیکردن ناکات، بەڵکو هەموو ئایینەکان بانگەشەی باش مامەڵەکردن دەکەن لە نێوان خەڵکیدا، لەبەرئەوەی ئایین بە ئامرازێکی گرنگی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی دادەنرێت لە کۆمەڵگەدا، بۆ نموونە

مزگەوتەکان بە درێژایی مێژوو ڕۆڵێکی گەورەیان هەبووە، سەرباری ئەوەی ماڵێک بوون بۆ پەرستن، شوێنێکیش بوون بۆ فێرکردن و ڕۆشنبیری و ئاڕاستەکردن و سەرپەرشتیکردن و ناوەندێک بووە بۆ گفتوگۆکردن و بیروڕا گۆڕینەوە(یونس و اخرون،1999: 27) .

## 8-دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکان و ڕاگەیاندنەکان

ڕاگەیاندن گرنگییەکی زۆری هەیە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە و بنەما ڕۆشنبیری و زانستییەکانی، لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندییەکی بەهێزی بە ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەوە هەیە ئەمەش بەهۆی کاریگەرییەکانی لەسەر هۆشیاری و گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و گواستنەوەی ڕۆشنبیرییەکان بۆ ناوەکانی داهاتوو، هەروەها گەشەپێدانی پەیوەندییەکان و کاریگەری لەسەر ڕەفتاری تاک لەسەرجەم قۆناغە جیاوازەکاندا،ڕاگەیاندن ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و گەلەری و مۆزەخانەو کتێبخانەو ڕۆڵی شانۆ و سینەما و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سەرجەم ئەو دەزگایانە دەگرێتەوە، کە بە ئەرکی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و کەلتوری و هەڵدەسن، .هۆکار و ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن بە گرنگترین شێوەی پەیوەندی جەماوەری، یاخود کۆمەڵ دادەنرێت، کە کاریگەری هەیە لەسەر بینەر و کاریگەر دەبێت پێیان، ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن لە ئیستادا پێشبڕکێی خێزان و خوێندنگە دەکەن لە ئاڕاستەکردنی نەوەکاندا ( منداڵەکاندا ) و بوونی کاریگەری لەسەریان، لەبەرئەوەی سەرنجیان ڕادەکێشن بۆ پرۆگرامەکان و باش و بەسوودە، ئەگەر ئامانجیان زیادکردنی بینەر بێت لە ڕێگەی بەهاو ڕەوشتە جوانەکان و نموونە باڵاکانەوە(مکروم،1994 :253). ئامڕاز و ڕاگەیاندنە جۆراو جۆرەکان لە تەلەفزیۆن و سینەماو ڕۆژنامەکان و کتێب و گۆڤار و ڕیکلامەکان کاریگەریان هەیە بە پێی ئەوانەی، کە پێشکەشی دەکەن و بڵاوی دەکەنەوە لە زانیاری ڕاست و هەواڵ و بیرۆکە و بیر و بۆچوونەکان لەسەر پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیکردن و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بە پێی ئەوەی گوازەرەوەی ڕۆشنبیری و جۆرە جیاوازەکانییەتی(زهران،1973: 211) . ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن دەکرێت لە چەندین لاوە کاریگەری ئەرێنی لەسەر منداڵ دروست بکەن وەک گەشەپێدانی هەستەوەرەکان، بەتایبەتی بینین و بیستن ، گەشەپێدانی ئەندێشەی منداڵ و کارلێکردنی مەعریفی لەڕێگەی تیڤی و کۆمپیوتەر، یاخود ئایپاد، گەشەپێدانی توانای منداڵ بۆ هەستان بە ئەنجامدانی ڕۆڵە جیاوازەکان و کۆبوونەوەی سەرجەم لایەنە ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و چێژوەرگرتن لەیەککاتدا، و ئاشنابوون بە ڕەفتارە دروستەکان و هاندەر بۆ ئەنجامدانیان و دووبارەکردنەوەیان، هەروەها تێرکردنی پێداویستییەکانی ئەو قۆناغە، بەتایبەتی ئەوانەی کە پەیوەستن بە گەشەی مەعریفی وەک گەڕان و دۆزینەوە. بەڵام لەهەمانکاتدا دەکرێت ڕاگەیاندنەکان کاریگەر نەرێنی لەسەر منداڵ دروست بکەن وەک پێشکەشکردنی چەمکە فکری و یاینیەکان کە گونجاو نین لەگەڵ ئەو قۆناغەدا، گەشەپێدانی هەستی شەڕانگێزی و توندوتیژی، توشبوونی منداڵ بە هەندێک جۆری پشێویە دەروونییەکان، لەبەر ئەوە زۆر گرنگە کە ڕاگەیاندنەکان ڕەچاوی ئەم لایەنانە بکەن و بەشداری بکەن لە گواستنەوەی بەهاکانی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی تەندروست.

## ڕەفتاری سەربەخۆیی

سەربەخۆیی بە یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی کەسایەتی تاک هەژمار دەکرێت، بەهۆکاری ئەوەی پێکهێنەری کۆمەڵێک تایبەتمەندی، وەک ئازایەتی و خۆڕاگری و ئارامگرتن و پێشکەوتن و سەرکێشیکردنە، سەربەخۆیی بەهایەکی کۆمەڵایەتی هەیە، لەبەر ئەوە پێویستە کۆمەڵگە هاندەر بێت و لە هەوڵی گەشەپێدانی دا بێت، چونکە چەمکی سەربەخۆیی بۆتە جێگەی بایەخ و گرنگیپێدان لەلایەن زانستی کۆمەڵناسیەوە و بەهایەکی باڵای هەیە. هەروەها لەلایەن سیاسیەکانیشەوە گرنگی پێدراوە، لەبەرئەوەی نوێنەرایەتی هێزی بیرکردنەوە دەکات لە ڕووبەڕووبوونەوەی بیرە باو و پشت پێبەستووەکاندا، سەرباری گرنگیپێدانی لەلایەن زانایانی دەروونزانی و مرۆڤایەتییەکانەوە، بەڵام بە بیر و ڕاو و لێکدانەوەی جۆراوجۆر و بەپێی گۆشەنیگا و تێڕوانینیان بۆ سەربەخۆیی، جگە لە کۆک بوونیان لەسەر بەها و گرنگییەکەی، کە هەیەتی لە ژیانی تاکدا، ئەوەش بەهۆی پەیوەندی بە ڕووبەڕووبوونەوە سەختیەکانی ژیان و سەرکێشیەکانەوە(علي،1990: 32).

## چەمکی سەربەخۆیی لای منداڵ

منداڵ لە تەمەنی سێ ساڵییەوە لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی گەشەکردنیدا جیادەکرێتەوە بە بوونی ئارەزوویەکی زۆر بۆ سەربەخۆیی و پشت بەستن بەشێوەیەکی زۆر فراوانتر لە قۆناغەکانی پێشوتردا (المحرز،2004: 75). منداڵ لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیانەوە هەوڵی بەدەست هێنانی سەربەخۆیی دەدات لە خۆیدا، کاتێک دەیەوێت بەبێ یارمەتی ئەوانی دیکە بە پێوە بوەستێت و دەیەوێت لەو ڕێگەیەوە بڵێت توانای زاڵبوونی هەیە بەسەر هاوسەنگی خۆیدا لە ڕێگەی پشت بەستن بەخۆی، هەروەها دەیەوێت هەموو ئەوانەی، کە لەبەر دەمیدان تاقییان بکاتەوە و دەیەوێت خۆی جلوبەرگەکەی لەبەر بکات و خۆی نان بخوات و لاپەڕەی کتێبەکان هەڵدەداتەوە و سەیریان دەکات، هەروەها دەیەوێت سەربەخۆیی خۆی بسەلمێنێت لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەی وشەی ( نا-نا ) بەرامبەر هەر شتێک، کە تیایدا یارمەتی ئەوانی دیکە ڕەتدەکاتەوە، هەروەها هێنانەوەی بیانوو لە بەرامبەر یارمەتیدانی لەلایەن کەسانی دیکەوە، کە هەموو ئەو ڕەفتارانە لە ئەنجامی تەواو کردنی سەربەخۆیی منداڵن و تێرکردنی پێداویستییەکانی بۆ سەربەخۆیی (واطسن،2004: 307).

بە ڕۆشتنی منداڵ بۆ باخچە پشت بەستنی بە دایک و باوکی بە شێوەیەکی هەنگاو بە هەنگاو کەم دەبێتەوە و ڕەفتاری سەربەخۆیی گەشە دەکات لەلای لەم تەمەنەدا و ڕەفتارەکانی، وەک لەبەرکردنی جلوبەرگ و نان خواردن لەڕێگەی خودی خۆیەوە لەلای منداڵ دەردەکەوێت، هەروەها پارێزگاریکردن لە پاک وخاوێنی خۆی و بایەخدان بە جلوبەرگەکانی و هەستان بە چەند کارێکی دیکە، هەموو ئەم ئەزموونە بنەڕەتییانە هاندەری دەبن بۆ سەربەخۆیی و ئارەزووی بۆ هەستکردن بە بوونی خۆی و بوونی قەوارەیەکی سەربەخۆ لەوانی تر(کفافی،النیال،2008:274).

هەڵوێستە پەروەردەییەکان و بەکۆمەڵایەتی کردنی منداڵ ئامانجیان ڕاهێنانی منداڵە لەسەر چۆنییەتی کۆنترۆڵی ڕەفتارەکانی لەڕێگەی خودی خۆیەوە و ئازادکردنی لە ڕەفتارکردن و ئاکارەکانیدا، نەک پشت بەستن بە کەسانی دیکە. کەواتە، دەتوانین سەربەخۆیی بناسێنین بەوەی، بریتییە لە ڕادەی ئازادی منداڵ لە ڕەفتارەکانی و جێبەجێکردنی پێویستییەکانی لە ڕێگەی خودی خۆیەوە و ئەنجامدانی ئەرکەکانی بەبێ هاوکاریکردنی ئەوانی دیکە (عبدالفتاح،1995: 123–124) .

## ئەو تیۆرانەی سەربەخۆییان شیکردۆتەوە

### یەکەم/ تیۆری شیکاری دەروونی سیگمۆن فرۆید (1856-1939)

تیۆری شیکاری دەروونی (سیگمۆن فرۆید)، یەکێکە لە تیۆرە گرنگەکان لە لێکۆڵینەوەی کەسایەتی مرۆڤدا، کە (فرۆید) بە دامەزرێنەری دادەنرێت. (فرۆید) پێی وایە، پێنج ساڵی یەکەمی تەمەن لە ژیانی تاکدا گرنگترین قۆناغی ژیانی مرۆڤە، کە کەسایەتی تاک دیاری دەکات لە داهاتوودا و پێی وایە کەسایەتی مرۆڤ لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت، کە بریتیین لە(ئەو – من – منی باڵا)، کارلێکی داینامیکی نێوان ئەم بەشانە ڕەفتار دیاری دەکات (شلتز،1983: 20). ئەم سێ بەشە ئاماژەن بۆ پرۆسە دەروونییەکان و نابێت بەو شێوەیە بیربکەینەوە، کە ئەم بەشانە سەربەخۆ و جیاواز لە یەکتر کار دەکەن، بەڵکو لە کەسایەتی تاکدا، وەک یەک یەکە و گشتییە بەیەکەوە کار دەکەن، نەک سێ بەشی جیاواز لە یەک (الخواجا،2002 :47) .ئەم تیۆرە جەخت لەسەر پاڵنەرە بایەلۆجییەکان دەکاتەوە، لەبەر ئەوە هۆکارە زۆر گرنگی نەداوە بە ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان و کاریگەرییان لەسەر کەسێتی (شلتز،1983: 20). بە بڕوای (فرۆید) هەموو ڕەفتارێک بەرگریکردنە، بەڵام هەموو مرۆڤەکان هەمان بەرگری بەکارناهێنن، لەبەر ئەوەی ئەم بەرگریکردنانە لەگەڵ بوونی مرۆڤەوە بوونیان هەیە، بەڵام ڕێگەیەکی هاوشێوەی گشتگیر نییە لە سرووشتی من و منی باڵادا، لەگەڵ ئەوەی هەردووکیان هەڵدەستن بە هەمان ئەرک لە هەموو تاکەکاندا، کەچی ناوەڕۆک و سروشتیان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازە، ئەوەش بەهۆی ئەوەی لە ڕێگەی ئەزموونەوە پێکدێت و هیچ دوو مرۆڤێکیش نییە بە هەمان ئەزمووندا تێپەڕبن، لە هەمان کاتدا هەتا خوشک و براکانیش جیاواز لە یەکتری لەگەڵ ئەوەی لە یەکماڵیشدان، لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین بەشێک لە کەسێتی دروست دەبێت، یاخود پێک دێت لەسەر بنەمای کۆمەڵێک پەیوەندی سەربەخۆ، کە لەلای تاکەکان بوونی هەبووە، لە کاتێکدا منداڵ بوون بەم شێوەیە کەسێتی پێک دێت لە کۆمەڵێک لە تایبەتمەندییەکان، کە لە ناواخنیدا تایبەتمەندی سەربەخۆیی لە کەسێتی دا دەگرێتەوە (شلتز،1983 :49).

## **دووەم/ تیۆرە دەروونییە کۆمەڵایەتییەکان**

### **آ- ئەلفرێد ئەدلەر (1870-1937)**

**(ئەدلەر) جەخت لەسەر گرنگی گۆڕاوە کۆمەڵایەتییەکان و کەسێتی دەکاتەوە، کە پەرەدەسێنن، وەک یەکەیەکی بێهاوتا و تایبەت لە کەسێتی تاک، هەروەها مرۆڤ بوونەوەرێکی هەستیارە و هۆکاری ڕەفتارەکانی دەزانێت و هەست بە کەم و کورتییەکانی دەکات (هول و لندزي، 1971: 162) . گرێی هەست کردن بەکەمی لە قۆناغی منداڵیدا گەشە دەکات بە هۆکاری (نازپێدان-کەم وکوڕی ئەندامی-پشت گوێخستن). (ئەدلەر) پێی وایە، ئەوە ئیرادەی مرۆڤە ڕێگەی پێدەدات شێوازی ژیانی دەست نیشان بکات و چوار شێوازی بنەڕەتی بۆ ژیانکردن داناوە، یەکێک لە شێوازەکان ئاڕاستەی تاکە بەرەو سەربەخۆیی و گونجاندن لەگەڵ هەستکردن و گرنگی کۆمەڵایەتیدا (شلتز، 1983: 67–78). (ئەدلەر) وای داناوە ئەوە ئیرادەیە، کە ڕەفتاری تاک دیاری دەکات و مرۆڤ خاوەنی ئیرادەیەکی بەهێزە ئەوەش وای لێدەکات توانای ڕێکخستنی ژیان و سەربەخۆیی هەبێت.**

### **ب- ئیریک ئەریکسۆن (1902-1994)**

**(ئەریکسۆن) جەخت دەکاتەوە لەوەی گەشەکردنی مرۆڤ و پەرەسەندنی ئاماژەیە بۆ زنجیرەیەک ململانێ، کە مرۆڤ لە توانایدایە هەموو ململانێ دەروونییەکان تێپەڕێنێت لە قۆناغەکانی گەشەکردنیدا، تەنانەت هەر قۆناغێکیش لە قۆناغەکانی گەشەکردن تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی ودەروونی تایبەت بە خۆی هەیە. (ئەریکسۆن) قۆناغەکانی گەشەی دەروونی کۆمەڵایەتی دابەش کردووە بۆ ئەمانەی لای خوارەوە :-**

**1-متمانە بەخۆبوون - بێ متمانەیی :- ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵ دەگرێتەوە و جیا دەکرێتەوە بە هەستکردنی منداڵ بە متمانە بەخۆبوون و متمانە بوون بە ئەوانی دیکە و جیهانی دەووروبەری بەشێوەیەکی گشتی، یاخود لەدەستدانی متمانە بە تەواوی، ئەمەش پەیوەستە بە جۆری چاودێریکردن و گرنگیپێدان لەناو خێزاندا، هەر بۆیە ئەگەر هاتوو دایک ئەرێنی بوو و سۆز و خۆشەویستی بە منداڵەکەی بەخشی، ئەوا منداڵ متمانەی بە خودی خۆی و ئەوانەی دەوروبەری دەبێت، بەڵام ئەگەر دایک گرنگی بە باری دەروونی و کۆمەڵایەتی منداڵەکەی نەدا لەناو خێزان، ئەوا ئەو کاتە گەشەکردنی منداڵ بە ئاڕاستەی نەبوونی متمانە بە خودی خۆی و دەوروبەری دەبێت.**

**2-سەربەخۆیی - شەرم و گومان :- ساڵی دووەم و سێیەم لە تەمەنی منداڵ دەگرێتەوە، کە تیایدا ماوەی توانای منداڵ بۆ پشت بەستن بە خودی خۆی دیاری دەکات و منداڵ لەم قۆناغەدا خۆی لە فێربوونی چەند لێهاتوویەکی دیاریکراودا دەبینێتەوە، وەک پارێزگاریکردن لە هەندێک لە کەل وپەلەکان و مامەڵەکردن بە سۆز و نەرم ونیانی، یاخود دژایەتیکردن، کە لەوانەیە ناکۆکی لە نێوان ئیرادەی دایک و باوک و ئیرادەی منداڵدا ڕوویدات، کە ڕێگر بێت لە ئەزموونکردنی پێویستییەکانی، لە دەرئەنجامدا دەبنە هۆی ئەوەی منداڵ هەست بە شەرم بکات و گومان لەوانی دیکە بکات (شلتز، 1983: 212-215).**

**3-دەستپێشخەری - هەستکردن بە تاوان :-** ئەم قۆناغە تەمەنی سێ بۆ پێنج ساڵان دەگرێتەوە، کە ( ئەریکسۆن ) بە ساڵەکانی یاریکردن ناوی دەبات، ڕووداوی گرنگی ئەم قۆناغە سەربەخۆییە لەوەدایە، کە منداڵ بەردەوام دەبێت بۆ زیاتر دڵنیابوونەوە لە خودی خۆی لە ڕێگەی ئەو دەست پێشخەرییانەی پێیان هەڵدەستێت، بەڵام ئەگەر توندوتیژی تێدابوو وای لێدەکات هەست بە تاوان بکات.

**4-هەستکردن بە بەدەست هێنان - هەستکردن بە کەم وکوڕی :-** ئەم قۆناغە تەمەنی شەش بۆ دوانزە ساڵ دەگرێتەوە، تاک لەم قۆناغەدا ڕووبەڕووی کاریگەری و فشاری دەرەکی نوێ دەبێتەوە لە دەرەوەی سنوری خێزان، هەروەها تاک فێری لێهاتوویی تازە دەبێت بەپێی ڕێسایەکی دیاریکراو، ئەگەر هاندان و ستایشکردن هەبوو، ئەوا هانیان دەدات بۆ پەرەسەندن و گەشەکردن، بەڵام گاڵتەکردن بە کارەکانیان وایان لێدەکات هەست بە کەمی بکەن.

**5-هەستکردن بە پێناسی تایبەت - ڕۆڵ پشێوی :-** ئەم قۆناغە تەمەنی دوانزە بۆ هەژدە ساڵان دەگرێتەوە ، ئەمە ئەم قۆناغەیە کە تیایدا وێنەی خود لەلای مرۆڤ بەرامبەر بەخودی خۆی دروست دەبێت.

**6-ئینتیما - گۆشەگیری :-** تەمەنی نۆزدە بۆ بیست و پێنج ساڵ دەگرێتەوە، لەم قۆناغەدا تاک ئامادەباشییەکی زۆری تێدایە بۆ یەکگرتن و دۆستایەتی، ئەگەر تاک لە قۆناغی پێشوودا سەرکەوتوو بوو، هەستی بە خودی خۆی و ناسنامەکەی کردبوو، ئەوا بە ئاسانی دەتوانێت ئەم قۆناغە تێپەڕێنێت.

**7-باوکایەتی و بەرهەم هێنان - وەستان و نەبەکامی :-** تەمەنی سی وپێنج بۆ پەنجا ساڵ دەگرێتەوە، مەبەست لەم قۆناغە هەڵگرتنی بەرپرسیارییەتی منداڵ و بەخێوکردنیان و دابینکردنی پێداویستییەکانیانە و چاودێریکردن و پێدانی سۆز و خۆشەویستییە، بەڵام ئەو دایک و باوکانەی منداڵەکانیان پشتگوێ دەخەن بەهیچ شێوەیەک ناتوانن بە کەسی بەرهەمهێنەر و خولقێنەر.

**8-تەواوکردنی خود - بێ هیوایی :-** تەمەنی پەنجا ساڵی تا کۆتایی تەمەن دەگرێتەوە، ئەم قۆناغە بە تروپکی قۆناغەکانی پێشوو تەواوکەریان دادەنرێت، کامڵی و بەرەنگاربوونەوەی ژیان و خۆگونجاندن لەگەڵیدا و مامەڵەکردنێکی واقیعیانە و ڕازی بوونە لە خود(شلتز،1983: 212–225).

وەک تێبینی دەکرێت لە قۆناغەکانی تیۆرەکەی ئەریکسۆندا، لە ساڵانی یەکەمی پێکهاتندا متمانەبەخۆبوون و سەربەخۆیی گەشە دەکەن، بەڵام ئەگەر دەرفەت نەدرا بە تاک بۆ بەکارهێنانی ئەوەی هەیەتی، وەک چالاکییەکان ودابینکردنی هۆکارەکانی بەدیهێنانی پێداویستییەکانی منداڵ لە سۆز و پێزانین و ئازادی و هەستکردن بە ئاسایش وجێگیریی و سەربەخۆیی، بەڵام ئەگەر هاتوو پشت بەستوو بە ئەوانی دیکە بێت ئەوا خاوەندارێتی هەست کردن بە نەبوونی متمانە وشەرم کردن و هەستکردن بە کەمی وگومان بەرامبەر تواناکانی خود، تایبەتمەندی سەربەخۆییش بە ڕوونی لە قۆناغەکانی گەشەکردنی تاک لای (ئەریکسۆن) دەردەکەوێت .

## سێیەم/ تیۆری مرۆڤایەتی

### آ- کارل روجرز (1902-1987)

(روجرز) پێی وایە، بە کارلێکردنی تاک لەگەڵ ژینگەکەیدا سەربەخۆیی بەدیدەهێنرێت و لە ڕێگەی پێگەیشتن و فێربوونیشەوە گەشە دەکات. لە قۆناغەکانی گەشەکردندا سەرباری ماوەیەکی کاتی درێژ لەڕێگەی ئەزموونەکانی تاک و پەیوەندی تاک بە دەوروبەرییەوە لە کەسەکان و گروپەکان و بەهاکان. هەروەها (روجرز) سەربەخۆیی بە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کەسی پێگەیشتوو و تەواو لە ئەرکەکاندا هەژمار دەکات و پێی وایە، تاکێکی تەندروست بە داهێنان و گەڕان بە دوای ئەزموون و سەرکێشی تازە بە ئامانجی بەدیهێنانی خودی خۆی بە شێوەیەکی بەردەوام و وازهێنان لەو ڕەفتارانەی لەسەری ڕاهاتووە جیادەکرێتەوە بە هۆی ئەوەی، کە سەربەخۆیی هەڵبژاردووە(شلتز،1983: 404)

### ب- ماسلۆ (1908-1970)

(ماسلۆ) پێی وایە، هەندێک تاک هەیە، هەندێک پێویستی، کە بنەڕەتی نین دەیخەنە پێش پێویستی ئاسایش و دڵنیاییەوە، بەهۆی ئەوەی دڵنیایی بوونی کەسی تایبەتی خۆیان دەداتێ، بەلایەنی کەمەوە لە ڕوانگەی خۆیانەوە، لێرەدا هەندێک کەس هەن بە دوای مەعریفەدا دەگەڕێن لەسەر حسابی ئەوەی ژیانیان ڕووبەڕووی مەترسی دەکەنەوە. (ماسلو) ئەم پێویستیانەی بە پێویستییە باڵاکان ناوناوە و پێشنیاری ئەوەی کردووە، لە هەرەمێکی جیاکراوەی بچووکدا ڕیزبەند بکرێن، کە ناوی ناوە هەرەمی دووەمی پێویستییەکان (شلتز،1983: 296-297). تێرکردنی ئەو پێویستیانەی لە ئاستی باڵادان، کلیلی گەشەی کەسی تاکە، سەربەخۆییش لەناو هەرەمی دووەمی ڕیزبەندکردنی پێویستییەکانە (جورارد،1988: 15- 16) .

## چوارەم/ تیۆری گەشەکردنی مەعریفی Cognitive Developmental Theory

### جان بیاجیە (1896-1980)

بە ڕابەری ئەو زانایانە دادەنرێت، کە گرنگیان بە گەشەی کۆمەڵایەتی منداڵ داوە و منداڵی پشت بەستوو بە ئەوانی دیکە جیادەکاتەوە بە بوونی خود سەنتەری و سەرچاوەی بڕیارەکانی ئەوانی دیکەن و ئارەزووی گۆڕانکاری ناکات، لە کاتێکدا منداڵی خاوەن کەسایەتی سەربەخۆ جیادەکرێتەوە بە بوونی ئارەزووی هاوکاریکردن و هەرەوەزی و توانای داهێنان و نەرمی و هەڵگرتنی بەرپرسیارییەتی و توانای بڕیاردان و خاوەنداریێتی کاروبارەکانی دەکات و خاوەنی ناوەندی بڕیاردانی ناوەکییە بە هۆی ئەوەی، کە خۆی خاوەنی بڕیارە. (پیاجێ) جەخت لەوە دەکاتەوە، کە منداڵی قۆناغی سەرەتایی دەست بە ناسین دەکات لە ڕێگەی پەیوەندیکردن بە گروپەکانەوە، بەمەرجێک ئەگەر کار بکات لەگەڵیاندا و بەشداری بکات لە کارەکان و چالاکییەکان و پرۆژەکاندا و ئامازەکانی بوونی سەربەخۆیی لەم قۆناغەدا دەردەکەون. (پیاجێ) جەخت دەکاتەوە لەوەی، کە ڕەفتاری تاک

ئەنجامی کارلێکردنییەتی لەگەڵ ژینگەکەیدا. سەربەخۆیی ڕەفتارێکە دەرئەنجامی ئەو مامەڵەکردنەیە، کە لەگەڵ تاکدا دەکرێت سەرەتا لە دایک و باوک و دواتر کۆمەڵگە بە شێوەیەکی گشتی و کارلێکردن لەگەڵ ئەم مامەڵەکردنانە، هەرچەندە تاک زیرەک بێت باشتر دەتوانێت ڕەفتاری سەربەخۆیی بەدیبهێنیت بە پێی ئەوەی، کە خاوەنی بونیادی مەعریفییە، کە لە دەرئەنجامی گۆڕانکارییەکانی تەمەندا و دەبنە هۆی پێشکەوتن و گەشەکردن بە ئاڕاستەی سەربەخۆیی، لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین پێشبینی بوونی پەیوەستییەکی ئەرێنی لە نێوان زیرەکی و ڕەفتاری سەربەخۆیی و دووبارەبوونەوەیی و زیاد بوونی بکەین (موسي،2006: 68).

**تیۆری کەسایەتی جۆردن ئەلبۆرت(1897–1967)**

بە ڕاگری سایکۆلۆجیای تایبەتمەندی وئەندازیاری چەمکەکەی دادەنرێت و  بە یەکێک لە دەروونناسە ئەمریکییە پێشەنگەگان هەژمار دەکرێت، کە بنەما بنەڕەتییەکانی پێکهێنەری کەسێتیان داڕشتووە و دەستنیشانیان کردووە. یەکێک لە پێکهێنەرەکانی کەسێتی لای (جۆردن ئەلبۆرت) تایبەتمەندییە، کە دەیناسێنێت بە سیستەمێکی دەماری دەروونی تایبەت بە تاک و لە توانایدایە ژمارەیەک لە ئاگادارکردنەوە بنێرێت و توانای دروستکردنی فۆڕمێکی جێگیر لە ڕەفتاری خۆگونجاندن و گوزارشتکردن دەبەخشێت (صالح،1988: 34) . تایبەتمەندی لای (جۆردن ئەلبۆرت) ئەو پێکهاتە ناوەکیانەن، کە ڕەفتاری تاک ئاڕاستە دەکەن بەرەو جێگیری و تایبەتمەندێتی، کە چەند یەکەیەکی سەربەخۆن لەناو تاکدا و ناتوانین وەڵامدانەوەکان بگەڕێنینەوە بۆ یەک تایبەتمەندی، بەڵکو پێویستی بە کۆمەڵێک تایبەتمەندی تاکی گونجاو هەیەز

**(ئەلبۆرت) پێشنیاری ئەوەی کردووە، کە تاک خاوەنداریێتی دوو ئاستی جیاواز لە سەربەخۆیی دەکات، کە بریتیین لەمانەی لای خوارەوە :-**

**1-سەربەخۆیی ئەرکی بەردەوام :-** شێوازە جیاوازەکانی ڕەفتار دەگرێتەوە، وەک ئالوودەبوون و جووڵەی جەستەیی دووبارە خۆی دەنوێنێت لە تاکرەویی و ڕێگەی ئاڵوودە بوون و تاک بەکاریان دەهێنێت، ڕەفتارەکە بەردەوام دەبێت بەبێ بوونی هیچ هاندەرێکی دەرەکی.

**2-سەربەخۆیی ئەرکی دەروونی هەڵبژاردەیی :-** لای (ئەلبۆرت) سەربەخۆیی دەروونی هەڵبژاردەی گرنگتر و بنەڕەتی ترە بۆ تێگەیشتنی پاڵنەر لە مرۆڤدا، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بەهێز پەیوەستە بە کەسێتی یەوە، بارەکانی گرنگپێدان و هەستەکان و بەهاکان و ئاڕاستەکان و مەبەستەکان و وێنەی خود و شێوازی ژیان دەگرێتەوە (شلتز،1983: 270).

## لایەنەکانی سەربەخۆیی لای منداڵ

لە دیارترین پێداویستیەکانی منداڵ لە تەمەنی(4)ساڵیدا پێویستی سەربەخۆیی و ئازادییە لە بەدیهێنانی داواکارییەکانیدا، لە ڕووبەڕوو بوونەوەی یەکەم لایەنی سەربەخۆیی لە منداڵدا بریتییە لە جیابوونەوەیەکی بەشی لە دایک، ئەمەش لەگەڵ قۆناغەکانی گەشەکردن و داواکارییەکانی پێشکەوتنی جەستەیی و عەقڵی و هەڵچوونی کۆمەڵایەتیدا دەڕوات (دیاب،1979: 155) .

هەروەها یەکێک لە دیاردەکانی پشت بەستن بەخۆی بەڕێوەبردنی پێداویستیەکانییەتی لە ڕێگەی خودی خۆیەوە، وەک نان خواردن و خواردنەوە و لەبەرکردنی جل و بەرگ و ڕێکخستنیان و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی قوتابخانە و چەندین کاری تر، کە لە ڕێگەیەوە منداڵ دەست دەکات بە سەربەخۆیی (سەرەتای سەربەخۆیی منداڵە، لە تەمەنی (3-4) ساڵیدا تێبینی ئەوە دەکرێت منداڵ ئارەزووی دەربڕینەکانی وەک ( من بەم کارە هەڵدەستم )دەکات، کاتێک دایکی دەم و چاوی دەشوات، یاخود جل و بەرگەکانی لەبەر دەکات، بەڵام ئەو بەرگری دەکات و دەیەوێت وازی لێ بهێنێت و خۆی بەو کارە هەڵبستێت، لەگەڵ ئەوەی منداڵ هەندێک جار ناتوانێت بەو کارە هەڵبستێت، وەک ڕێگەی بەستنی قەیتانی پێڵاوەکانی، بەڵام هەوڵ دەدات و هەوڵەکانیشی هێمای گەشەکردنی سەربەخۆییە (عطية ،2001: 31).

### سەربەخۆیی لە خواردندا

کاتێک منداڵ بۆ یەکەم جار دەست دەکات بە هەوڵدان لە نان خواردندا، لەگەڵیدا ئارەزووی بۆ سەربەخۆیی لە خواردندا دەست پێدەکات، منداڵ لە کاتی یاریکردن بە خواردندا تەنها چێژ وەرناگرێ، یاخود بە بردنی بەشێکی کەمی بۆ دەمی لە هەندێک کاتدا، بەڵکو لە هەمان کاتدا هەوڵەکانییەتی بۆ پشت بەستن بە خودی خۆی لە تێرکردنی پێداویستیەکانی ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە بۆ سەربەخۆیی و هەڵەیە دایک و باوک ڕێگری بکەن لە منداڵەکانیان لە هەوڵە سەرەتاییەکان بۆ پشت بەستن بە خودی خۆی لە نان خواردندا، ئەوەش بە هۆکاری ئەوەی، نان خواردن بەو شێوازەی، کە منداڵەکە دەیەوێ کاتێکی زۆر دەخایەنێت، یان هەر هۆکارێکی دیکە.لە هۆکارە یارمەتیدەرەکانی بوونی سەربەخۆیی لە خواردنی خواردندا گەشەی جەستەیی منداڵە، کە منداڵ لە تەمەنی ( 4 )ساڵیدا لەڕووی ددانەکانی و ماسولکەکانی و پەنجەکانی پێی گەیشتووە بۆ یارمەتیدانی لە گرتنی کەوچک و هەڵگرتنی قاپ و ڕێکخستنی شوێنی نان خواردنەکەیدا(حداد،2003: 116).

### سەربەخۆیی لە پاک و خاوێنیدا

پاک و خاوێنی بە چالاکییەکی گرنگی منداڵ هەژماردەکرێت لە تەمەنی پێش چوونە خوێندنگە، ئەگەر منداڵان فێربکرێن، ئەوان بەرپرسن لە پاک و خاوێنی کەل و پەل و ئامڕاز و یارییەکانی تایبەت بە خۆیان، هەروەها یەکێک لە ڕەگەزەکانی پاک و خاوێنی لە فێرکردنی منداڵان، بریتییە لە گەڕاندنەوەی یارییەکان بۆ شوێنی خۆیان لە دوای یاری پێکردنیان و پاک کردنەوە و ڕێکخستنی ژووری چالاکییەکانیان لە دوای تەواو بوونی چالاکیەکە.

لەسەر دادە و مامۆستایانی باخچە پێویستە منداڵ ڕابهێنن لەسەر ڕێکخستنی کارەکان لەو بوارەدا(هیر،2006 :288).قۆناغی سەرەتایی منداڵی بەوە جیادەکرێتەوە، کە منداڵ پشت بە دایک و باوکی دەبەستێت لە بابەتی پاک و خاوێنی تایبەتی وەک ( جەستەیی - جل و بەرگ - پێداویستیە تایبەتیەکان )، هەروەها خێزان چاوەڕێی ئەوە لە باخچە دەکات، کە هەڵبستێت بەڕۆڵی خۆی لەو بوارەدا، هەر بۆیە، گومانی تێدا نییە، کە ڕاهێنانی منداڵ لەسەر گرنگیدان بە پاک و خاوێنی و جەستەو قژو جل و بەرگ و پێڵاو پاک کردنەوەی ددانەکانی و دەستەکانی لە ڕێگەی خۆیەوە گەشە بەسەربەخۆیی و پشت بە خۆ بەستنی منداڵ دەدات، سەرباری بەدەستهێنانی چەمکە تایبەتەکانی پەیوەست بە پاک و خاوێنی کەسی و پاک ڕاگرتنی ژینگە(الناشف،1995: 48). زۆربەی منداڵان لە نێوان تەمەنی (3-4)ساڵاندا لە ماڵەوە سەرنجی دایکیان دەدەن، کاتێک ماڵ پاک دەکاتەوە و جلەکان چۆن دەشوات؟ یاخود چۆن ماڵ پاک دەکاتەوە و لە نزیکەوە چاودێری دایکی دەکات و هەوڵ دەدات یارمەتی لە کاروبارەکانی ناو ماڵدابدات. لە ڕاستیدا ئەم هەنگاوە گرنگە لە سەربەخۆیی منداڵدا و پێویستە منداڵ لەسەری هانبدرێت، لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێک لە دایکان ڕێگری لە ئارەزووەی منداڵەکانیان لە یارمەتیدانیان لە پاک کردنەوە و ڕێکخستنی ناو ماڵدا دەگرن، بە هۆکاری ئەوەی کاتیان لێدەگرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا منداڵ هەوڵ دەدات بوونی خۆی بسەلمێنێت و یارمەتی ئەوانی دیکە بدات. کاتێک منداڵ تەمەنی دەگاتە (5 )ساڵ دەتوانێت بەشێوەیەکی باشتر، وەک لە پێشتر گرنگی بە پاک و خاوێنی خۆی بدات و لێهاتووتر دەبێت لە بەکارهێنانی فلچەی ددان شۆردن و پاک کردنەوەی ددانەکانی، هەروەها دەتوانێت دەم و چاوی و دەستەکانی وشک بکاتەوە و لە داهێنانی قژیشدا باشتر دەبێت(Robert ،2004:216).

شایانی باسە هەموو ئەوانەی، کە توێژەر خستنییە ڕوو ئاماژەن بۆ ئەوەی، کە پاک و خاوێنی پرۆسەیەکی هەمەلایەن و جۆراوجۆرە و چەند لایەنێکی هەیە، کە پێک دێن لە پاک و خاوێنی جەستەیی و پاک و خاوێنی تایبەتی منداڵ و پاکو خاوێنی ژینگەی دەوروبەری، ئەم پرۆسەیەش وێنەدانەوەی لایەنەکانی گەشە کردنی منداڵە، لەبەر ئەوە پارێزگاریکردن لە پاکو خاوێنی دەستەبەری تەندروستی باش دەکات، ئەمەش ژینگەیەکی دەروونی و سروشتی تەندروست بۆ منداڵ دەستەبەر دەکات، پاک و خاوێنی، منداڵ لەسەر ڕێکخستن و سیستەم ڕادەهێنێت و لە کۆتاییشدا مامەڵەکردنێکی تەندروست لەگەڵ ئەوانی دیکەدا فێردەبێت. لێرەوە گرنگی فێرکردن و ڕاهێنانی منداڵ لەسەر پاک و خاوێنی لە قۆناغی سەرەتایی منداڵیدا دەردەکەوێت، کە خاوەنداریێتی توانا و لێهاتوویەکی زۆری فێربوون و لاسایی کردنەوە دەکات. ئەمەش لە ئەنجامی پێشکەوتنی گەشەکردنە بە شێوەیەکی باش لە بوارەکاندا، کە یارمەتی منداڵی باخچە دەدات بە ئاڕاستەی سەربەخۆیی و گونجان لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا.

**سەربەخۆیی لە جل و بەرگدا**

گەشەکردنی منداڵان لە تەمەنی (4 و 5) ساڵیدا یارمەتیان دەدات زیاتر سەربەخۆ بن و بەهێز و گونجاو بن، منداڵان لە تەمەنی (4) ساڵیدا خاوەنداریێتی ئاستێکی باشی جووڵە کردن دەکەن و لەتوانایاندایە گرنگی بە خودی خۆیان بدەن بەشێوەیەکی باشتر و گونجاوتر لە پێشوتر(محمد،1993: 46). ئەوان لە توانایاندایە جل و

بەرگەکانیان لەبەربکەن لەگەڵ کەمێک هاوکاری، هەروەها دەتوانن جیاوازی بکەن لە نێوان ڕووی جلەکانیان لە دیوی دەرەوە و دیوی ناوەوەدا، لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە بەبیریان بهێنرێتەوە، کە پێویستە لەسەریان چی بکەن ؟ (هیر،2006: 98). کەواتە باشترە، منداڵ لە تەمەنی پێش چونە خوێندنگە ئەو جل و بەرگانە لەبەربکات، کە لە بەرکردنیان ئاسانە، هەروەها دەتوانن پێیانەوە بە سەربەخۆیی و ئازادی جووڵە بکەن و لە کاتی لەبەر کردن و دانانیدا ئاسان بێت بۆی، بەڵام لە هەندێک کاتدا بۆ هەندێک جۆری جل و بەرگ پێویستی بە هاوکاری ئەوانی دیکە هەیە (حداد،2003: 116).

## سەربەخۆیی لە سیستەمدا

لە تەمەنی (4) ساڵییەوە توانای وەرگرتنی منداڵ بۆ یاساکان و سیستەم و زیاد دەکات ئەمەش لایەنێکی گرنگە لە گەشەی ویژداندا، کە لە ڕێگەیەوە دەتوانێت شوێن یاساو ڕێساکانی دایک و باوکی بکەوێت (212 :1981، Henderson).هەموو بیرۆکەو بیرکردنەوە تایبەتەکانی، کە منداڵان پێکی دەهێنن بە گونجاو و ڕەتکراو لە ڕەفتار و تێگەیشتن لە ڕاست و هەڵە تەنها بە پێگەیشتن دیاری ناکرێت، بەڵکو پێویستییان بە ئەزموونکردن هەیە، لەڕێگای لێهاتوویی کۆمەڵایەتییەوە منداڵ دادوەری کۆمەڵایەتی و ئاڕاستەکردنی خودی، کە وای لێدەکات پابەند و بەرپرسیار بێت لە کۆمەڵگەکەی لەڕێگەی پابەندبوونی سیستەم و داب و نەریت و کلتورەکان بەدەستدەهێنێت(صالح،2008: 170) . بۆ نموونە ڕێکخستنی سفرەی نان خواردن چەند ئەزموونێکی جۆراو جۆر بە منداڵ دەبەخشێت لە پەیوەندییە شوێنییەکان و بەدەستهێنانی ڕەفتاری ڕێکخراو. یەکێک لە ئامانجە گرنگەکانی باخچەی منداڵان، بریتییە لە ڕاهێنانی منداڵ بۆ پابەندبوون بە سیستەم و یاساکان لە چالاکیەکانی ڕۆژانەدا لە ناوەوە و لە دەرەوەی باخچەدا، هەروەها پارێزگاریکردن لەو کەل وپەلانەی، کە موڵکی گشتین و ڕاهێنانی منداڵ لەسەر ڕێزگرتنی ئەوانی دیکە و پێزانینی بۆ ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان (بدور،2010: 70).

لە بەر ڕۆشنای ئەوانەدا، دەتوانین بڵێین فێرکردنی یاساو سیفەتەکان بە منداڵان لە ژیاندا زۆر گرنگە لە سەرجەم لایەنەکانی ژیانیاندا، لەبەرئەوەی ئەوان بەتەنها ناژین، بەڵکو لە نێو کۆمەڵگەدان و پێویستە لەسەریان، کە خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ڕێکخستن و یاساکاندا. هەروەها لاساییکردنەوە و بەدواداچوون لە گرنگترین جیاکەرەوەکانی منداڵانی باخچەیە، بۆیە پێویستە نموونە فێرکارییە پێشکەوتووە باشەکان بۆ منداڵان بخەینەڕوو، بۆئەوەی فێری سیستەم و ڕێزگرتنی مافەکان بن، وەک مۆڵەت وەرگرتن پێش چونە ژوورەوە، تەنانەت پابەندبوون بۆ کاتی دەوام کردن لە باخچەداو وەرگرتنی مۆڵەت لەکاتی بەکارهێنانی ئامراز و کەلو پەلەکاندا لەم هەڵوێستانەوە منداڵان دەتوانن سیستەم لە مامەڵەکردن و لە ژیانیدا بەدەستبهێنن.

## ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر گەشەکردنی سەربەخۆیی هەیە لای منداڵ

### تەمەن

تەمەنی کاتی منداڵ بە گرنگترین هۆکار دادەنرێت، کە خۆڕاگری دایک و باوک دیاری دەکات بەرامبەر بە ڕەفتاری پشت پێبەستن، لەو ڕووەشەوە دەتوانین کاریگەری ئەم هۆکارە بە سادەیی لەوەدا کورت و پوخت بکەینەوە، کە دایک و باوک و کۆمەڵگە بە شێوەیەکی گشتی چاوەڕێی ئەوە لە منداڵی گەورە دەکەن، کە پشت بە خۆی ببەستێت زیاتر لەوەی، کە لە منداڵێکی تەمەن بچووک چاوەڕوان دەکرێت، منداڵ لە تەمەنی سێ ساڵیدا داوای یارمەتی دەکات لە داخستنی قۆپچەی کراسەکەیدا، ئەوەش کارێکی ئاسایی و سروشتییە، بەڵام زۆرکات ئاسایی نییە، کاتێک منداڵێکی تەمەن (6) ساڵان داوای بکات (علاونة،2004: 272). هەروەها کاتێک منداڵ ئارەزوو و ئامادەباشی تێدایە بۆ ئەنجامدانی کارەکانی لە هەر تەمەنێکدا بێت، ئەمەش بەو مانایە دێت، کە گەیشتۆتە کاتی گونجاو بۆ فێربوونی پشتبەستن بە خودی خۆی (سەربەخۆیی).

### ڕەگەز

لە ڕاستیدا، جیاوازی لە ڕۆڵی جێندەری هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ دەکەوێتە ژێر کاریگەری هۆکارە کلتووری و ڕۆشنبیرییەکانەوە لە کۆمەڵگەدا، لەبەر ئەوە بە کۆمەڵایەتیبوون ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە دیاریکردنی ڕۆڵی جێندەری هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ، یان ئەوەی پێی ئەوترێ لێهاتوویی جێندەری، کە بەو چالاکییە دادەنرێت لە ڕێگەیەوە تاک دەتوانێت لەخودی خۆی تێبگات مێ بێت، یاخود نێر. گومانی تێدا نییە، کە جیاوازییە ئەندامییەکان وا لەمنداڵان دەکات زیاتر ئارەزووی ڕەگەزی خۆیان بکەن لە مامەڵەکردندا، وەک لە ڕەگەزی بەرامبەر(صالح،2008: 179-180). بۆ ئەو مەبەستەش دایک و باوک ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە یارمەتیدانی منداڵەکانیان لە درک کردن بە ڕەگەزی خۆیان لە ڕێگەی هاندانیان لەسەر ئەو ڕەفتارانەی، کە گونجاوە لەگەڵ ڕەگەزی منداڵەکە و ڕوونکردنەوەی ئەوانەی گونجاو نین، کە ئەمانەش کاریگەر دەبن بەو ڕۆشنبیری و کەلتورانەی لە کۆمەڵگەدا هەن (الريماوي،2003: 241). هەروەها جیاوازیکردنی دایک و باوک لە مامەڵکردن لەگەڵ منداڵەکانیان دا دەبێتە هۆی چەند سیفاتێکی هاوبەشی بەدەستهێنراو لەلای منداڵان، وەک ڕەفتاری پشت پێبەستن(298: 2004، Robert).وەک ئەوەی دەردەکەوێت کوڕان ( نێر) زیاتر سەربەخۆیی بەدەستدەهێنن بەراورد بە ڕەگەزی مێ، بێگومان ئەم پێشبینیکردنانەش پێش وەخت دەردەکەون لە ژیاندا و بە بەشێکی تەواوکاری ڕاهێنانی منداڵ دادەنرێت لە ڕۆڵە گونجاوەکانی تایبەت بە ڕەگەزی خۆیان "ڕۆڵی کچ، یان ڕۆڵی کوڕ" (علاونة،2004: 273).

**ڕیزبەندی لە خێزاندا (ڕیزبەندی بە پێی لە دایک بوون)**

مامەڵەکردنی دایک و باوک جیاوازە و دەگۆڕێت لەگەڵ منداڵەکانیاندا بەپێی ڕیزبەندیان، چاوەڕوانی و پێشبینیکردنیان لە منداڵی یەکەم زیاترە بەراورد بە منداڵەکانی تر، ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری هەیە لە دیاریکردنی ئەو داواکاریانەی، کە دایک و باوک چاوەڕوانی دەکەن لە منداڵی یەکەم بە تایبەتی لە بواری ڕاهێنان لەسەر سەربەخۆیی (غریب،2010 :46). هەروەها ئەوان لە دەربڕینەکانیاندا زیاتر جەخت دەخەنە سەر منداڵی یەکەم (تۆ پیاوی ماڵەکەی، تۆ پێشەنگی بۆ خوشک و براکانت)، زۆرجار دایک و باوک بەرپرسیارییەتیەکی زیاتر دەدەن بە منداڵی یەکەم، وەک چاودێریکردنی خوشک و برا بچوکترەکانی لە خێزاندا، بەڵام وا مامەڵە لەگەڵ منداڵی بچوک دەکرێت لە خێزاندا، کە لەئەوانی دیکە بچوکترە و خێزان دەستی هاوکاری بۆ درێژ دەکات بەبەردەوامی، ئەمەش دەبێتە هۆی گەشەپێدانی پشت پێ بەستن بەئەوانی دیکە(ادلر،2005: 195).ڕیزبەندی لە خێزاندا هۆکارێکی گرنگە، کە دەبێتە هۆی گەشەپێدانی ڕەفتاری سەربەخۆیی منداڵ، یاخود گەشەنەکردنی،کە ئەمەش بەپێی شوێنی منداڵەکە دەگۆڕێت لە خێزاندا، کە ئایا منداڵی یەکەمە، یاخود ناوەند، یاخود کۆتایی،هەروەها لە لێکۆڵینەوەکان و ئەدەبیاتە تیۆرییەکاندا دەردەکەوێت منداڵانی یەکەم و ناوەند لە خێزاندا زیاتر سەربەخۆترن بەراورد بە منداڵی کۆتایی .

## کۆمەڵەی هاوڕێیان

کۆمەڵەی هاوڕێیان: بریتیە لە کۆمەڵە هاوڕێیەک و دیاریکردنی لە ناو باخچەو دەرەوەی باخچەدا، بەهۆی مەیل و ئارەزووی منداڵ بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەو تاکانەی لە هەمان تەمەندان .کارلێکردن لەگەڵ هاوتەمەنەکان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە گەشەکردنی منداڵدا لەسەرجەم لایەنە جیاوازەکاندا، کۆمەڵەی هاوڕێیان بەسەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی وروژێنەرە جۆراوجۆرەکان دادەنرێت، کە گەشەکردنی چالاک دەکەن. ئاشکرایە، منداڵ لە ڕێگەی کارلێکردن لەگەڵ هاوتەمەنەکانییەوە هەوڵی دۆزینەوە و پشکنین دەدات، هەروەها دۆزینەوەی یاری نوێ ، کە ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر گەشەی کۆمەڵایەتی و مەعریفی منداڵ(بدور،2010: 7).هاوڕێیەتی گرنگە بۆ منداڵ لە قۆناغی پێش چوونە قوتابخانە، چونکە منداڵان لەم قۆناغەدا سەربەخۆترن بەراورد بە قۆناغی پێگەیشتن، کە حەز لە یاریکردن دەکەن لەگەڵ ئەوانی دیکەدا (هاوتەمەن) زیاتر، وەک لە پێشتر، کە ئارەزووی یاریکردنیان لەگەڵ ئەوانی دیکە نەبوو، بەڵام پێویستییان بە هاوکاریکردنە لە پێناو بەدەستهێنانی کەرەستەو ئامڕازەکاندا، هەروەها لەم قۆناغەدا منداڵ هەست بە بەهای هاوڕێیەتی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا دەکات و ئارەزووی هاوڕێیەتی ژمارەیەکی کەم دەکەن، کە لە ڕەگەزی خۆیان بن(هیر،2006: 103).

لێرەوە منداڵ هەست بەبوونی خۆی دەکات لەنێوان ئەوانی تردا و متمانە بەخۆبوون دروست دەبێت، بێگومان ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت لە پێکهێنانی کەسایەتیەکی سەربەخۆدا، لەبەرئەوە کۆمەڵەی هاوڕێیان بە هۆکارێکی ئەرێنی دەبینرێت لەگەشەکردنی ڕەفتاری سەربەخۆیی لای منداڵ .

## چەمکی خود

وەک ئاشکرایە، چەمکی خود لەگەڵ منداڵدا لە دایک نابێت، بەڵکو لە ژینگەوە بەدەستدەهێنرێت لەڕێگەی کارلێککردن لەگەڵ ئەوانی تردا، بە تایبەتی باوان، بۆیە چەمکی خود بەهۆکارێکی بنەڕەتی لە دروستبوونی کەسایەتی و گونجاندنی دەروونی دادەنرێت. لەو ڕووەوە، (ماسلو) پێی وایە، چەمکی بەدیهێنانی خود یەکێکە لە پێویستییە گرنگەکانی منداڵ و گەورە، هەروەها چەمکی بەدیهێنانی خود پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە بەسەربەخۆییەوە، چەمکی خود گەشە دەکات، وەک دەرئەنجامێکی تەواوکاری کارلێکی کۆمەڵایەتی لەلایەک و لەلایەکی دیکە لەگەڵ پاڵنەری ناوەکی بۆ دڵنیایی خود و سەربەخۆیی، منداڵ لە تەمەنی(4)ساڵیدا پێشوازی لە تاکایەتی دەکات و هۆشیاری خودی زیاد دەکات، پشت بەستنی تەواوی بە باوان کەم دەبێتەوە و سەربەخۆیی زیاد دەکات، بەوەش کارلێککردنی لەگەڵ جیهانی دەرەوە زیاد دەکات. منداڵی باخچە تێگەیشتن بەرامبەر بە خودی خۆی بەدەست دەهێنێت لە ڕێگەی کارلێکردنی لەگەڵ کەسانی دەوروبەری خێزاندا بێت، یاخود باخچە. لە هەمان کاتدا چەمکی ئەرێنی خود زیاد دەکات لە ئەنجامی سەرکەوتنی کارلێکی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە سەرکەوتووەکاندا، کە دەبنە هۆی زیاد بوونی ڕەفتاری سەربەخۆیی لای منداڵ، لەبەر ئەوە متمانە بوون بە خود و قبوڵکردن لەلایەن ئەوانی دیکەوە دەبنە بنەمای سەربەخۆیی لە زۆربەی بوارەکاندا( kassim، 2004:38).

بەڵام چەمکی خودی نەرێنی، کە خۆی لە نەبوونی متمانە بوون بە خود دەنوێنێت، دەبێتە هۆی هەستکردن بەنەبوونی چارەسەر بۆ کێشەکان و پێشبینیکردنی ئاستێکی نزمی ئەداکردن، کە یەکێکە لە هۆکارەکانی دروستبوونی چەمکی خودی نەرێنی لای منداڵ پاراستنی زیادە لەلایەن باوان و دایەنەوە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵ هەست بە سەربەخۆیی نەکات(رزق،2008: 228).

لێرەدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی، کە بڵێین، چەمکی خود پەیوەستییەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ سەربەخۆیی لەلای تاک، ئەگەر چەمکی خود ئەرێنی بوو، ئەوا دەبێتە هۆی پێکهێنانی ڕەفتاری سەربەخۆیی تەندروست لای تاک، بەڵام ئەگەر هاتوو چەمکی خود نەرێنی بوو ڕەفتاری سەربەخۆیی نزم دەبێتەوە و ڕەفتاری پشت پێ بەستن زیاد دەکات.

## مامەڵەکردنی دایک و باوک

بێگومان،دایک و باوک ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە گەشەپێدانی ڕەفتاری پشت بەستن بە خود لای منداڵ لە ڕێگەی پارمەتیدانیان لە کەمکردنەوەی هەنگاو بە هەنگاو و پشت بەستن بە ئەوان بە ڕێگەیەکی گونجاو لە هەڵوێستە جیاوازەکاندا، کە دەبنە هۆی پشت بەستن بە خودی خۆی، هەروەها لە ڕێگەی هاندانیان و دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی شێوازە هەڵەکان لە مامەڵەکردندا، وەک پاراستنی زیاد لە پێویست و دووبارە کردنەوە و ڕەقی لە مامەڵەکردن لەگەڵیاندا و ڕاهێنانییان لەسەر ئەداکردنی کاروبارە تایبەتەکانی خۆیان و ڕەخساندنی هەل لە جێبەجێکردنی پێداویستیەکانیان و گرنگیدانیان بە کارەکانیان(داود،2004:150-153).ئەو منداڵەی لەژینگەیەکدا دەژی، چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکرێت، کە پشت بە خودی خۆی ببەستێت و هاندانی دایک و باوکی

بەدەست بهێنێت لە کاتی هەستان بە ڕەفتاری لەم شێوەیەدا، کە منداڵ خودی خۆی هەڵدەستێت بە ئەرکەکانی، بەڵام کاتێک منداڵ لە ژینگەیەکدا دەژی، کە هانی دەدات لەسەر داواکردنی یارمەتی وپشت بەستن بە ئەوانی دیکەدا، ئەوا دەبێتە هۆی ئەوەی بەردەوام بێت لەسەر ئەو ڕەفتار و مامەڵەکردنەی، کە دەگەڕێت بۆ بە دەستهێنانی یارمەتی ئەوانی تر و پشت پێ بەستنیان(علاونة ،2004: 275-274) .

**لەو هەڵانەی کە دایک و باوک، یاخود یەکێکیان ئەنجامی دەدات و دەبنە هۆی گەشەپێدانی منداڵێک، کە پشت بەستوو بێت بە ئەوانی دیکە :-**

1- دەستوەردان لە کاروبارەکانی منداڵ، کە هەلی ئەوە بۆ منداڵەکە نارەخسێنێت خۆی بڕیار بدات.
2- ئازادی نەدان بە منداڵ لە مامەڵەکردن لە زۆربەی کاروبارەکاندا.
3- هەستان بە جێبەجێکردنی ئەرک و کاروبارەکانی منداڵ لەلایەن دایک و باوکیەوە(ابو العبد،2008: 27–28).

**لە گرنگترین ئەو شێوازە هەڵانەی، کە دایک و باوک بەکاری دەهێنن و دەبێتە هۆی نەگونجانی دەروونی لای منداڵ و وای لێدەکات پشت بە ئەوانی دیکە ببەستێت بریتین لە:** (پاراستنی زیاد لە پێویست، 1- جیاوازیکردن لە مامەڵەکردندا لەگەڵ منداڵەکاندا، نەرمی نواندنی زیاد لەپێویست لە مامەڵەکردندا، ڕەقی و دەسەڵات، پشت گوێ خستن، هەڵچوون) (العنانی،1997 :244).

وەک ئاشکرایە، لە تەمەنی پێش چوونە خوێندنگە دایک و باوک ڕۆڵێکی یەکجار گەورە و کاریگەریان هەیە لە گەشەپێدانی سەربەخۆیی لەلای منداڵ، لەبەرئەوەی منداڵ لەم قۆناغەدا (4-5) ساڵان، ئارەزووی لاساییکردنەوەی گەورەکان دەکات و هەموو ئەو ڕەفتارو چالاکیانەی پێی هەڵدەستن، بۆ نموونە کاتێک دایک و باوک ڕێگەی پێدەدەن و دەڵێن خۆت یارییەکانت پاک بکەرەوە و ڕێکی بخە، یاخود مۆڵەتی پێدەدەی بۆ وەڵامدانەوەی تەلەفۆن، یاخود لەگەڵ خۆیان دەیبەن بۆ بازاڕ کردن و هەلی ئەوەی بۆ دەڕەخسێت، کە خۆی پێویستییەکان بکڕێت و پارەکەی بدات، بەمەش منداڵ دەگاتە یەکەم هەنگاوە گرنگەکانی فێربوونی سەربەخۆیی و پێدانی متمانە بەخۆبوون.

## ژینگەی مادی باخچە

ئەو ژینگەیەی دەوری منداڵی باخچە دەدات (تاکەکان-کەلوپەلە مادییەکان)، لە گرنگترین ئەو هۆکارانەن، کە یارمەتیدەرن لە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و باخچەی منداڵان کەل و پەل و ئامراز و یارییەکان و منداڵانی هاوتەمەن بۆ منداڵان فەراهەم دەکات، کە یارمەتیدەرن لە گەشەپێدانی سەربەخۆیی لای منداڵان و بەشێوەیەکی دروست گونجاون لەگەڵ قۆناغەکانی گەشەکردن و تەمەنی عەقڵی و کاتی منداڵاندا و بەجۆرێک پێشکەش بە منداڵ دەکرێت، کە یارمەتیدەرن لە بەکارهێنانیان بە شێوەیەکی ئازاد، هەروەها ژینگەی باخچە بە پێکهاتە و وردەکارییەکانەوە بەشێوەیەکی تایبەت بە منداڵ ئامادەکراوە و هەر لەسەرەتاوە گونجاوە لەگەڵ مەیل و

ئارەزووەکانی و لەگەڵ توانا و لێهاتووییەکانی دا. ئیدی بەم شێوەیە منداڵ لە ڕێگەی ئەزموونکردنی چالاکییە جیاوازەکانەوە هەست بە تواناکانی خۆی دەکات و هەست دەکات پێویستی بە هاوکاری نییە و خۆی دەتوانێت کاروبارەکانی بەرێوەبەرێت، ئەمەش وای لێدەکات متمانەی بە خودی خۆی هەبێت وتوانای گونجاندنی زیاد دەکات(القاضي و الحازمي،2015: 42).

## مامۆستای باخچە

مامۆستای باخچە بەشێوەیەکی سەرەکی بەشداری لە بنیادنانی بنەمای دەروونی و مەعریفییە بنەڕەتییەکانی منداڵدا دەکەن، مامۆستا بۆ ماوەیەکی زۆر لەگەڵ منداڵدا دەمێنێتەوە، کاتێک منداڵ لە خێزانەکەی دوورە لەو کاتەدا مامۆستای باخچە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە یارمەتیدانی منداڵ بۆ سەربەخۆیی، لە ڕێگەی ئەو چالاکییانەی لەگەڵ منداڵەکاندا هەڵدەستن بە ئەنجامدانی لە ڕێگەی ئەو شێواز و ڕێگایانەی بەکاریدەهێنێت بە پێی ئەو ئەزموونە پەروەردەییانەی بەدەستی هێناوە .مامۆستای باخچە هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی چالاکییەکان و ڕەخساندنی دەرفەت بۆ منداڵان بۆ گوزارشت کردن لە ناخی خۆیان و هەستان بە ئەنجامدانی هەندێک کار بەبێ یارمەتیدان، هەروەها مامۆستا دەتوانێت کەشێکی گونجاو و وروژێنەر بڕەخسێنیت لە نێوان منداڵەکاندا و لەنێوان خۆی و منداڵەکاندا، هەر بۆیە هەستکردنی منداڵ بە خۆشویستن لەلایەن مامۆستاکەیەوە و ڕیزگرتن لە توانا و لێهاتووییەکانی دەبنە بنەمای دروستکردنی متمانە و دڵنیایی لای منداڵ(بدور،2010: 71). ئەو کارانەی یارمەتی مامۆستا دەدات لە گەشەپێدانی سەربەخۆیی لای منداڵ، بریتیین لە پشت بەستن بە منداڵەکە لە هەندێک لە بەرپرسیارییەتەکاندا، وەک بەشداری پێکردنی منداڵان لە ئامادەکردنی کەرەستەکانی ژووری چالاکی و کۆکردنەوەیاندا، یاخود ڕازاندنەوەی باخچە لە کاتی بۆنەکاندا، ئیدی لەڕێگەی ئەم کارانەوە منداڵ فێری ڕێزگرتن لە بۆچوون و بیرۆکەکانی و پێداویستییەکانی ئەوانی تر دەبێت(عبداللة،2001: 16) .

بەڵام ئەگەر مامۆستا لێهاتوو نەبێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵ و تایبەتمەندییەکانی گەشەکردنیدا، ئەوا ناتوانێت بەشێوەیەکی ئەرێنی مامەڵە لەگەڵ منداڵدا بکات و یارمەتیدەری بێت بۆ دروستکردنی کەسایەتییەکی سەربەخۆ، لێرەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی، کە ئەم هۆکارانە کاریگەرییان هەیە لەسەر گەشەکردنی سەربەخۆیی لای منداڵان.

## باخچەی منداڵان

قۆناغی منداڵی لە گرنگترین قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤە، ئەمە تەنها مەبەست لێی ئامادەکردن نییە بۆ داهاتوو، بەڵکو ئەوە ژیانی ئێستایەتی، کە پێیدا تێپەڕ دەبێت و دەبێتە بنچینەیەک بۆ داهاتووی، چونکە پەروەردەکردنی منداڵ لە تەمەنی پێش چوونە خوێندنگە هەرچەندە، ئەمە مانای ئەوە نییە، کە لە پەروەردەی قۆناغەکانی دواتریدا چاکسازی بۆ نەکرێت، چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکە شایەنی گۆڕانە، بەڵام باشتر وایە هەر لەسەرەتاوە بە

هاوكاری خێزان و دەزگا پەروەردەییەکان، پەروەردەیەکی تەندروست و سەرکەوتوو لە گشت بوارەکانی ژیان بەرهەم بهێنرێت(صایغ،22:2014).

## كاریگەری باخچەی منداڵان لەسەر منداڵ

باخچەی منداڵان بە قۆناغێکی پەروەردەیی پێش چوونە خوێندنگە دەژمێرێت و گوێزانەوەیەکی پلەکی منداڵە لە کەشی ماڵەوە بۆ خوێندنگە ئامانجییەتی .

فرۆبل(1782-1852) جەخت لەوە دەکاتەوە باخچەی منداڵان لە گونجان لەگەڵ دەوروبەر یارمەتی منداڵ دەدات و هەل بۆ منداڵان دەڕەخسێنێت، کە چالاکی گونجاو بە قۆناغی گەشەکردنیان ئەنجام بدەن. باخچەی منداڵانی پێکهێنراو بە بنچینەی ڕاست گرنگی زۆری هەیە لە پێگەیاندنی منداڵاندا، ئەویش لە سنووری بەدەستهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوەدا :-

1-گەشەپێدانی باوەڕبەخۆبوون و هەستکردن بە سەربەخۆیی لە بەرامبەر پشت بەستن بە کەسانی دیکە.

2-یارمەتیدانی منداڵ بۆ دوورکەوتنەوەی پلە بە پلەی لە خۆ ویستی و گەشەپێدان و ئامادەباشی و سازاندنی منداڵ بۆ خوێندنگە .

3-ئاڕاستەکردنی منداڵ بە زانیاری و ڕاستییەکان لەسەر دەوروبەر، لەگەڵ سامانێکی زمانەوانی دروست و ڕەخساندنی هەل بۆ چالاک بوونی .

4-سازاندنی کەشێکی گونجاو، کە وابکات منداڵ لە هەموو لایەنەکانی جەستەیی و کۆمەڵایەتی و ژیریی گەشەی هاوئاست بەدەستبهێنێت، لەگەڵ پاراستنی سروشتی منداڵ و چاودێریکردنی گەشەی گشتگیریی ئەو و فێرکردنی ڕەوشتی پەسەند .

5-ئامادەکردنی منداڵ بۆ ئەوەی ببێت بە تاکێکی باش و گوێزانەوەی لە خۆی و خێزانەوە بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی هاوبەش (العواملة ، مزاهرة،2008: 283-284).

## مامۆستای باخچەی منداڵان

کەسێکی زۆر کاریگەرە لەسەر دروست کردنی کەسایەتی منداڵ، دەبێت بەباشی ئامادە و ڕاهێنراو بێت بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ منداڵدا. سەرکەوتنی باخچە پشت بە کاری مامۆستا دەبەستێت، مامۆستای باخچە دەبێت زانیاری لە بواری دەروونی و کۆمەلایەتی و تەندروستی منداڵ هەبێت، هەروەها، دەبێت هەلی گونجاو بڕەخسێنێت بۆ گەشەی منداڵ لەهەموو بوارەکاندا وەک بواری جەستەیی، ئەقڵی، کۆمەلایەتی،ڕۆحی، هەروەها هەوڵبدات بۆ دۆزینەوەی توانا و لێهاتوویی منداڵ و کارکردن بۆ پێشخستنی. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، دەبێت مامۆستای باخچە حەزی لە پیشەکەی بێت و ئامادە بێت بەبەردەوام شتی تازە و نوێ فێربێت لەبوارەکەیدا، چونکە مامۆستای باخچە پێشڕەوە بۆ منداڵانی باخچە لە بواری ڕەفتاریدا، تەنانەت دەبێت زۆرجار شتی سەرسوڕهێنەر و خۆش بۆ منداڵەکان ئامادە بکات و درک بە کارەکەی و گرنگییەکەشی بکات (البدري،2003: 24).

## تایبەتمەندیەکانی مامۆستای باخچەی منداڵان

**یەکەم / جەستەیی** :پاک و خاوێن بێت، ڕواڵەتی گونجاو بێت نەخۆش نەبێت، ڕووخۆش بێت، زمانی پاراوبێت، بەسۆز بێت، لێبوردە بێت، ئامادەیی زانستی باشی هەبێت.

**دووەم / تایبەتمەندی پیشەیی** :توانای دیاری کردنی پێداویستییەکانی منداڵی هەبێت، کارلێککردنی ئەرێنی و توانای شیکردنەوەی هەبێت، باوەڕی بە ئازادیی منداڵ هەبێت و فێرکردنی منداڵ بگرێتە ئەستۆ (فهمي،2007 : 58).

**مامۆستای باخچە دەبێت هەندێک توانای پیشەیی و زانستی و کلتوری هەبێت لەسەر پیشەکەی کە بریتین لە:-**

1-توانای پەروەردەیی، مەرجی یەکەمە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵدا، هەروەها دەبێت حەز و ئارەزووی بۆ پیشەکەی هەبێت و گونجاوبێت بۆ کەسایەتییەکەی.

2-بەوەفا بێت بۆ کارەکەی و باوەڕ و خۆبەخشینی هەبێت بۆ پیشەکەی، هەروەها توانای دانپێداهێنانی بەهەڵەدا هەبێت.

3-زانینی چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵدا بەپێی تایبەتمەندی و پێویستییان بێت.

4-زانیاری تازە پەسەند بکات و ئەزموون و ناسینی تازە لەسەر منداڵ وەربگرێت.

5-بوونی توانای هونەری، بۆ نموونە، (وێنەکێشان، مۆسیقا).

6-خۆشەویستی بۆ منداڵ هەبێت، چونکە منداڵ خۆشەویستی و سۆز پێویستە، هەروەها ئارامی و ئاسوودەیی و سەلامەتی و دڵنیایش پێویستن.

7-خاوەن ڕەوشتی بەرز و کەسێکی کۆمەڵایەتی بێت، تابتوانێت زاڵبێت بەسەر بارە نارەحەتەکاندا .

8-لێبوردە و بەئارام بێت و لەتوانایدا هەبێت زاڵبێت بەسەر هەڵچوونەکانیدا.

9-هەستیار بێت بۆ ئاگاداربوون لەناخی منداڵ، تا بتوانێت لەکاتی خۆیدا مامەڵەی گونجاو لەگەڵ منداڵدا بکات، لەهەمان کاتتدا توانای تێگەشتنی هەبێت بۆ هەڵوێستەکە.

10-ڕووخۆش بێت بۆ دڵخۆشکردنی منداڵان، هەروەها بوونی نەرم و نیانی لە مامەڵەکردن و گفتوگۆکردندا لەگەڵ منداڵدا، هاوکات جوڵان و کاردانەوە و خۆگونجاندنی هەبێت لەگەڵ بار و هەڵوێستە ناهەموارەکاندا.

11-تەندروستی باش بێت، لە ڕووی هەست کردن و قسەکردنەوە.

12-شێوە و ڕواڵەتی دەرەوەی گونجاو بێت،لەبەر ئەوەی کەسێکە، کە بەردەوام نزیکە لە منداڵەوە و مامەڵەی لەگەڵ دەکات (فهمي،2007: 59).

## کارو ئەرکەکانی مامۆستای باخچە

مامۆستای سەرکەوتوو لە باخچەی منداڵاندا، ئەو کەسەیە بەردەوام چاوی لە هەموو شتێکی پۆلی باخچەیە، خاوەن هەستێکی گەورەیە بۆ کارەکانی و پشتگیری منداڵ دەکات بۆ کاری داهێنەر، هەروەها دەبێت تێگەیشتنی هەبێت بۆ پەیوەندییەکان و لەهەموو کاتێکدا ڕووخۆش بێت و نابێت جیاوازی لەنێوان منداڵەکاندا بکات.

بەشێوەیەکی گشتی ئەرکە گرنگەکانی مامۆستا لە باخچەدا بریتیین لە (گرنگیدان بە منداڵ - گەشەپێدانی کەسی - هەڵسەنگاندن – پلاندانان - ژینگەی پۆل و کەلوپەلەکانی - پەیوەندی مرۆڤایەتی )(محمد،2000 : 64).

## توێژینەوەكانی پێشوو

لەژێر ڕۆشنایی پێداچوونەوەمان بەو توێژینەوانەی، كە لە پێشتردا لە بواری بابەتی توێژینەوەی توێژەر، یاخود بابەتی نزیک و هاوشێوە، كە پەیوەندییان بە گۆڕاوەكانی توێژینەوەكەوە هەیە، چەند توێژینەوەیەک بەردەست كەوتن، كە باس لە گۆڕاوەكانی (كۆنترۆڵی كۆمەڵایەتی) و (ڕەفتاری سەربەخۆیی) دەكەن و لێیان كۆڵیونەتەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكانی توێژینەوەكانیان و وەڵامدانەوەی پرسیاری سەرەكی كێشەی توێژینەوەكانیان بە شێوازی جۆراوجۆر، بە هۆكاری نەبوونی ئەو توێژینەوانەی، كە هەمان بابەتی توێژینەوەی توێژەر بە هەدوو گۆڕاوەكە لە یەک توێژینەوەدا، بۆ ئەم مەبەستەش ئەو توێژینەوانەی كە پەیوەندیدارن وەرمان گرتوون و پۆلێنمان كردوون بۆ دوو تەوەر، كە بریتین لە :-

### توێژینەوەكانی تایبەت بە كۆنترۆڵی كۆمەڵایەتی

**(الاخرس،2013)**

ناونیشانی توێژینەوەكە بریتییە لە شێوازەكانی كۆنترۆڵی كۆمەڵایەتی لە قوتابخانە ناوەندییەكان و پەیوەندی بە كارلێكی نێوان خوێندكار و مامۆستایان،ئامانجی توێژینەوە خۆی دەبینێتەوە لە زانینی ئاستی كۆنترۆڵی كۆمەڵایەتی و جیاوازی لە شێوازەكانی كۆنترۆڵی كۆمەڵایەتی لە خوێندنگە ناوەندییەكان بە پێی گۆڕاوەكانی (ڕەگەزی خویندكار - ڕەگەزی مامۆستا - جۆری فێركردن- ساڵانی ئەزموون) ، پێشكەشكردن پێشنیار دەربارەی باشتركردنی شێوازەكانی كۆنترۆڵی كۆمەڵایەتی، كە دەبنە هۆی كارلێكی ئەرێنی و كاریگەر لە نێوان خوێندكار و مامۆستاد،توێژەر میتۆدی وەسفی شیكاری بەكارهێناوە، كە گونجاوە لەگەڵ سروشتی توێژینەوەكەیدا، سامپڵی توێژینەوەكە، پێک هاتبوو لە (455) خوێندكار لە پۆلی دووەمی ناوەندی، كە بە فەرمی تۆماركرابوون و لە ماوەی خوێندندا بوون لە قوتابخانەی اللاذقیة بۆ ساڵی خوێندنی 2013 - 2012 ، سامپڵی دووەمی توێژینەوەكە پێک هاتبوو لە (180) لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە هەمان قوتابخانەدا.ئامرازی توێژینەوەكە بریتیی بوو لە بەكارهێنانی فۆڕمی ڕاپرسی بەشێوەیەک دیزاینی كردووە، كە چەند بوارێكی لە خۆگرتووە و شێوازەكانی كۆنترۆڵی كۆمەڵایەتی دەنوێنن ،گرنگترین دەرئەنجامەكانی توێژینەوەكە كۆنترۆڵی كۆمەڵایەتی لە ئاستێكی بەرزدایە لای مامۆستایان ،هەروەها شێوازەكانی كۆنترۆڵی كۆمەڵایەتی ڕێكخران لەلای تاكەكانی سامپڵی توێژینەوە لە خوێندكار و مامۆستایان بەم شێوەیە، شێوازە ماددی و مەعنەوییە ئەرێنییەكان لە ئاستی یەكەمدان و شێوازەكانی چارەسەری ڕێنوێنی لە ئاستی دووەمدان و شێوازە ماددی و مەعنەوییە نەرێنییەكان لە ئاستی سێیەمدان،جیاوازی نییە بە پێی بەڵگەداری ئاماری لە ناوەندی نمرەی وەڵامی تاكەكانی سامپڵی توێژینەوە لە مامۆستایان لە شێوازەكانی كۆنترۆڵی كۆمەڵایەتی بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز و ساڵانی ئەزموون،جیاوازی هەیە بە پێی بەڵگەداری ئاماری لە ناوەندی نمرەكانی وەڵامی تاكەكانی سامپڵی توێژینەوە لە خوێندكارەكان لە شێوازەكانی كۆنترۆڵی كۆمەڵایەتی بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز، ئەم جیاوازییەش لە شێوازی ماددی و ماعنەوییە ئەرێنییەكان و

شێوازەكانی چارەسەر و ڕێنوێنی بوو لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێ، شێوازە ماددی و مەعنەوییە ئەرێنییەكان لە بەرژەوەندی ڕەگەزی نێر،جیاوازی هەیە بە پێی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ناوەندی وەڵامەكانی سامپڵی توێژینەوە لە مامۆستایان و خوێندكاران بۆ شێوازەكانی كۆنترۆڵی كۆمەڵایەتی (الاخرس، 2013 : 5).

**(فكرة،2010)**

ناونیشانی توێژینەوەكە شێوازەكانی كۆنترۆڵ لە دامەزراوە پەروەردەییەكاندا لە نێوان ڕێسا یاساییەكان و بەها كۆمەڵایەتییەكاندا،ئامانجەكانی توێژینەوە بریتیی بوون لە گەیشتن بە زانینی ئەوەی، كە كۆنترۆڵ لەچ ئاستێكدایە و بابەتی كۆنترۆڵ، وەك شێوازێكی پێویست بۆ گەیاندنی كلتور و ڕۆشنبیرییەكی تەندروست و ئامانجدارە بۆ فێرخواز، زانینی سەركەوتووترین شێوازەكانی كۆنترۆڵ، كە دەتوانرێت پشتیان پێ ببەسترێت لە دامەزراوە پەروەردەییەكاندا بۆ بەدیهێنانی ئامانجە مەبەستدارەكانی خوێندنگە،توێژەر میتۆدی وەسفی شیكاری بەكارهێناوە، كە گونجاوە بە لایەنە مەعریفی و تیۆری و ئەزموونییەكەی ،سامپڵی توێژینەوەكە بریتیی بوو لە خوێندكارانی قۆناغی ناوەندی، كە ژمارەیان (108) خوێندكار بوو، هەڵبژێردران بە پێی ئاستی فێركاری دەستكەوت لە ڕێگەی ئەو ئەنجامانەی، كە لە خوێندنگە بەدەستیان هێناوە لە ئاستێكی بەرزدا و ئاستەكانی ڕەفتار و پۆلێنكردنیان بە پێی مەیل و ئارەزوویان، بۆ ئامرازی توێژینەوەكەی فۆرمی ڕاپرسی و تێبینیكردن و چاوپێكەوتنی بەكارهێناوە،لە گرنگترین دەرئەنجامەكانی توێژینەوە(كۆنترۆڵی كۆمەڵایەتی بوونی هەیە، هەروەها تەواوكاری هەیە لە نێوان ڕێسا یاساییەكان و بەها كۆمەڵایەتییەكاندا، كە دەبنە هۆی بەدیهێنانی كۆنترۆڵی خوازراو و بە پێچەوانەوە زۆركردن لە فێرخوازان، كە دەبێتە هۆی زیان- كۆنترۆڵ بە فاكتەرێكی گرنگ دادەنرێت لە بەدیهێنانی پابەند بوون لای خوێندكاران كاتێك ڕەزامەندییەكی ئارەزوومەندانە بەدیهات، كە ناكۆك نەبێت لەگەڵ منطق (ژیربێژی) پابەندبوون بەدیدێت، ئەمەش ڕوونە لە ڕێگەی شێوازە بەكارهاتووەكان لە دامەزراوە فێركارییەكاندا( فكرة ،2010 : 13).

**(محمد ،2001)**

ناونیشانی توێژینەوەكە شێوازەكانی كۆنترۆڵ و پەیوەندی بە ئاستی دەستكەوتی خوێندكاران لە خوێندنگە ناوەندییە سورییەكاندا،ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان شێوازەكانی كۆنترۆڵ، كە لە خوێندنگا سوریەكاندا بوونی هەیە بە ئاستی دەستكەوتی خوێندكاران،توێژەر میتۆدی وەسفی شیكاری بەكارهێناوە، وەك ڕێگەیەكی گونجاو بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دیاریكراوەكانی توێژینەوەكەی، سامپڵی توێژینەوەكە بریتیی بوو لە خوێندكارانی پۆلی سێی ناوەندی بۆ ساڵی خوێندنی(2000-1999) لە پارێزگای ریف دمشق سوریا ،ئامرازی توێژینەوەكە دیزاین كراوە بە شێوەیەك، كە ئاراستەی خوێندكاران وەربگرێت دەربارەی بابەتی توێژینەوەكە لە ڕێگەی فۆرمی ڕاپرسی تایبەت، كە داتای كەسی و(10)بواری بنەڕەتی كە پەیوەندیدار و پەیوەست بوو بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ بە شێوازەكانی كۆنترۆڵی كۆمەڵایەتی، كە بۆ هەر بوارێك برگەی(5)گونجاو هەبوو بۆ هەر بڕگەیەكیش(5)پێشبینیكردن هەبوو بە پێی پێوانەی لیكەرت ،ئەنجامەكانی توێژینەوەكە ئاماژە بۆ

**ئەوە دەكـات، كە شێوازی مامۆسـتا و بەڕێـوەبەران خاوەنـدارێتی ئاسـتێكی بەرزی كـۆنترۆڵ دەكەن لەسـەر بنەمـای گفتوگۆكردن و باسكردنی بابەتی زانستی گونجـاو لەگەڵ توانـا و مەیل و ئـارەزووی خوێنـدكاران دانـراوە، هاوكـات چـالاكی كـۆمەڵایەتی و ڕۆڵە كاریگەرەكانیـان، هەمـوو ئەمـانە بەشـداری دەكەن لە كـۆنترۆڵی كـۆمەڵایەتی و بەرزكـردنەوەی ئاسـتی دەسـتكەوت لەلای خوێنـدكاران،لە هەمـان كاتـدا كـۆنترۆڵی خـودی بەشـداری دەكـات لە بەرزكردنەوەی دەستكەوتی خوێندندا (محمد ،2001 :3-4) .**

## توێژینەوەكانی تایبەت ڕەفتاری سەربەخۆیی

**(حسین ، 2015)**

**ناونیشانی توێژینەوە كاریگەری پرۆگرامێكی ڕاهێنان بۆ باشكردنی ڕەفتـاری سەربەخۆیی لای منداڵانی بـاخچە، كە خـاوەنی لەپشـێوی (تێكچـوون ) بە ئـاگـاین (كەمـی بە ئـاگـایی و وریـایی)،ئامـانجی تـوێژینەوەكەزانینی جیـاوازی ڕەفتاری سەربەخۆیی لە نێوان گروپی ئەزموونی و گروپی كۆنترۆڵكراو و زانینـی كـاریگەری پرۆگرامێكی ڕاهێنـان لەسەر گەشەپێدانی ڕەفتاری سەربەخۆیی لای منداڵانی باخچە كە كێشەی كەمی بەئاگایی و وریییان هەبوو، تـوێژەر لە توێژینەوەكەیدا میتۆدی ئەزموونی بەكارهێنـاوە ، سامپڵی تـوێژینەوەكە پێكهـاتبوو لە (20) منـداڵ لە ئاسـتی یەكەم و دووەم لە باخچەی زهور أوكتبر فێركاری بنی سویف لە قۆناغی باخچەی منداڵانی تەمەن (6-4) سـاڵان، دابەشكران بـۆ دوو گـروپ. گروپـی ئەزموونی (10) منـداڵ، كە پرۆگرامەكەیـان بەسـەردا جێبەجێكرا و ناوەنـدی تەمەنیان (5.7) بوو، گروپی كۆنترۆڵكراو ژمارەیان (10) منداڵ، كە پرۆگرامەكەیـان بەسـەردا جێبەجێنەكرا و ناوەندی تەمەنیان لە نێوان (5.11) ساڵان بوون ،ئامرازەكانی توێژینەوە (پێـوەری كەمی بە ئـاگـایی (خـاتم ابـو شـوارب 2013) - پێـوەری ڕەفتـاری سـەربەخۆیی (ئامـادەكراو لەلایەن تـوێژەر)، پرۆگرامێكـی ڕاهێنــانی بـۆ باشـتركردنی ڕەفتـاری سـەربەخۆیی لای منـداڵی (كەمـی بەئاگـایی) لەلایەن (تـوێژەر)،گرنگترین دەرئەنجامەكـانی تـوێژینەوە ( جیـاوازی هەیە بەپێـی بەڵگەداری ئـاماری لە نێـوان ناوەنـدی نمرەكـانی گروپـی ئەزموونی و گروپـی كۆنترۆڵكراو بـۆ پێوەری ڕەفتـاری سـەربەخۆیی پاشـەكی لەبەرژەوەنـدی گروپـی ئەزموونی،جیـاوازی هەیە بەپێـی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ناوەندی نمرەكانی گروپی ئەزموونی و گروپی كۆنترۆڵكراو لە تـاقیكردنەوەی پێشـەكی و پاشەكی لەبەرژەوەندی تـاقیكردنەوەی پاشەكی) (حسین ،2015 : 3).**

**(بدور،2010)**

**ناونیشانی توێژینەوە كاریگەری مامەڵەكردنی دایـك و بـاوك لە گەشە پێدانی پێویسـتی سەربەخۆیی لای منـداڵی بـاخچە لە تەمەنـی (3-5) سـاڵان پارێزگـای اللاذقیـة ،ئامانجەكانی تـوێژینەوە چـاودێریكردن و تێبینیكردنـی شێوازەكانی پەروەردەی خێزانی لای ئەو خێزانانەی، كە خاوەنی منداڵن لە تەمەنی(3) سـاڵیدا لە دامەزراوەكـانی باخچەی منداڵان لە پارێزگای اللاذقیة، كاریگەری ئەو شێوازانە لەسەر گەشەی سەربەخۆیی لای منداڵ. توێژەر لە توێژینەوەكەیدا پشتی بە میتۆدی وەسفی بەستووە،سامپڵی تـوێژینەوەكە (595) منداڵ بـوو، دابەشكران بەپێـی**

ڕەگەزی منداڵ (345) نێر و (250) مێ، (100) مامۆستا،ئامڕازەکانی توێژینەوە که فۆرمی ڕاپرسی ئاڕاستەکراوی باوان بۆ پێوانەکردنی شێوازەکانی مامەڵەکردنی دایک و باوک، فۆرمی ڕاپرسی سەربەخۆیی کە لەلایەن توێژەرەوە ئامادەکراون ،گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوە(هیچ بەڵگەدارییەکی ئاماری بوونی نەبووە، کە ئاماژە بێت بۆ بوونی پەیوەندی لە نێوان شێوازی دیموکراتی گەشەکردنی پێویستی سەربەخۆیی لای منداڵانی باخچە - هیچ بەڵگەدارییەکی ئاماری بوونی نەبوو لە نێوان شێوازەکانی مامەڵەکردنی باوان و گەشەکردنی پێویستی سەربەخۆیی لای منداڵانی باخچە - نەبوونی جیاوازی لە نمرەی گەشەی پێویستی سەربەخۆیی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی منداڵ - جیاوازی هەیە بەپێی بەڵگەدارە ئامارییەکان لەنمرەی گەشەی پێویستی سەربەخۆیی بە پێی گۆڕاوی ژینگەی منداڵ - نەبوونی جیاوازی لە نمرەی گەشەی پێویستی سەربەخۆیی بەپێی ئاستی زانستی باوان (بدور ،2010 : 4-6).

(حسونة ،1995)

ناونیشانی توێژینەوەک دیزاینکردنی پرۆگرامێک بۆ منداڵانی باخچە بۆ بەدەستهێنانی هەندێک لێهاتوویی کۆمەڵایەتی ،ئامانجەکانی توێژینەوە(ئامادەکردنی پێوەرێک بۆ لێهاتوویی لاسایکردنەوە و سەربەخۆیی بۆ منداڵانی باخچە( 6-4 )ساڵ - دیزاینکردنی پرۆگرامێک بۆ بەدەستهێنانی لێهاتووییەکانی لاسایکردنەوەو سەربەخۆیی لای منداڵ - زیادکردنی بەرەوپێشبردنی تواناکانی منداڵی باخچە بۆ فێربوون و ڕاهێنان لەسەر بەدەستهێنانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی شیاو و لاوازکردنی ڕەفتارە نەرێنییەکان لە ڕێگای چاندنی پرۆگرامەکەوە - ڕاهێنانیان لەسەر بەدەستهێنانی لێهاتووییەکانی لاسایکردنەوە و سەربەخۆیی لە ڕێگای پرۆگرامە دیزاین کراوەکە)،توێژەر لە توێژینەوەکەیدا میتۆدی ئەزموونی بەکارهێناوە،سامپڵی توێژینەوەکە لە(140) منداڵ لە منداڵانی باخچە تەمەن (4-6) پێکهاتبوو، دابەش کرابوون بۆ دوو گروپ گروپی ئەزموونی (70) و گروپی کۆنترۆڵکراو(70،ئامڕازەکانی توێژینەوە(فۆرمی داتاکانی خێزان لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە - پێوەری لێهاتوویە کۆمەڵایەتیەکان (لاسایکردنەوە-سەربەخۆیی) - نموونەی چاودێریکردنی باوان لە ماڵەوە بۆ هەڵسەنگاندنی لێهاتوویی لاساییکردنەوەو سەربەخۆیی لای منداڵ -پرۆگرامێک بۆ بەدەستهێنانی لێهاتووییەکانی لاساییکردنەوە و سەربەخۆیی لای منداڵانی باخچە،گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوە ( نەبوونی هیچ بەڵگەدارییەکی ئاماری بۆ بوونی جیاوازیکردن لە نێوان ناوەندی نمرەکانی وەڵامدانەوەی تاکەکانی گروپی ئەزموونی و گروپی کۆنترۆڵکراو بۆ پێوەری لاساییکردنەوە و سەربەخۆیی پێش خستنەڕووی پرۆگرام،جیاوازی هەیە دوای پێشکەشکردنی پرۆگرام لەبەرژەوەندی گروپی ئەزموونی،جیاوازی نییە لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ لە گروپی ئەزموونی بۆ پێوەری لاساییکردنەوە و سەربەخۆیی لەدوای پێشکەش کردنی پرۆگرامەکە)(حسونة ،1995 : 6-7).

**(ابراهيم ،1994)**

**ناونيشانی توێژینەوەکە ئاستی کاریگەری پرۆگرامی وانەوتنەوە لە گەشەپێدانی هەندێک لە پێکهاتەکانی ڕەفتاری سەربەخۆیی لای منداڵان،ئامانجەکانی توێژینەوە(ئامادەکردن و دیزاینکردنی ئامڕازێکی گونجاو بۆ پێوانەکردن و دیاریکردنی ئاستی ڕەفتاری سەربەخۆیی لای منداڵان لە قۆناغی سەرەتاییدا،دیزاینکردن و بەکارهێنانی پرۆگرامێکی وانەوتنەوە بۆ گەشەپێدانی هەندێک لەلایەنەکانی ڕەفتاری سەربەخۆیی لای منداڵ،توێژەر میتۆدی ئەزموونی بەکارهێناوە،سامپڵی توێژینەوە توێژینەوەکە جێبەجێکرا لەسەر نموونەیەک لە خوێندکاران، کە ژمارەیان (56) خوێندکار بوو تەمەنیان لەنێوان (11-12) ساڵان دابوو لە خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی دابەشکران بۆ دوو گروپ ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو،ئامڕازەکانی توێژینەوە( پێوەری ڕەفتاری سەربەخۆیی لای منداڵ- تاقیکردنەوەی زیرەکی وێناکرد، پرۆگرامی ڕاهێنانی گەشەپێدان)،گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوە(ئەو پرۆگرامەی دیزاین کراو بەکارهێنرا لەم توێژینەوەیەدا، بووە هۆی زیادکردنی ئاستی ڕەفتاری سەربەخۆیی لای تاکەکانی گروپی ئەزموونی توێژینەوەک،بەرنامە ڕاهێنانییە بەکارهاتووەکە بەردەوام بوو لە کاریگەرییەکەی بە شێوەیەکی بەردەوام) (ابراهيم ،1994 : 15).**

**(عبدالمقصود، 1994)**

**ناونیشانی توێژینەوە کاریگەری پرۆگرامێک بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لەلایەن منداڵان لە قۆناغی پێش چوونە خوێندنگە،ئامانجی توێژینەوەکە بەدەستهێنان و پەرەپێدانی ڕەفتاری سەربەخۆیی لای منداڵانی باخچە لەڕێگەی پرۆگرامێکی پێشنیارکراو، کە دانراوە لەسەر چالاکی و زانینی دووریيەکانی ڕەفتاری سەربەخۆیی و ئاستی ئامادەباشی منداڵان لەتەمەنی(5-7)ساڵاندا بۆ فێربوون و بەدەستهێنانی ڕەفتاری سەربەخۆیی، لەگەڵ زانینی ئەو کاریگەرییەی کە دروست دەبێت بەهۆی ئەو پرۆگرامەی، کە لەسەر چالاکی منداڵانی نموونەی توێژینەوەکە جێبەجێدەکرێت،توێژەر میتۆدی ئەزموونی لە جێبەجێکردنی کارایيەکانی توێژینەوەکەیدا بەکارهێناوە ،سامپڵی توێژینەوەکە (340) منداڵ بوو، کە تەمەنیان لە نێوان (7-5) ساڵاندا بوو، کە پێک هاتن لە دوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو،ئامڕازی توێژینەوەکە بریتیی بوو لە پرۆگرامێکی دیزاینکراو بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لەلایەن منداڵانی باخچەوە، کە بنیادنراوە لەسەر چالاکی و ئەزموونەکان و کارتی تێبینیکردن بۆ ڕەفتاری منداڵ،گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە منداڵان خاوەنداری لە ئاستێکی باشی ڕەفتاری سەربەخۆیی دەکەن ، بەڵام ئەو چالاکی و ئەزموونانەی، کە بەدەستهێنراون و لە پرۆگرامەکەدا بوون ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە بەرزکردنەوەی ئاستی ڕەفتاری سەربەخۆیی، هەروەها بووە هۆی فێربوون و بەدەستهێنانی ئاستێکی باڵای ڕەفتاری سەربەخۆیی، لەو هۆکارانەی کاریگەریان هەبوو لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی ڕەفتاری سەربەخۆیی لای منداڵان،تەمەنی کاتی - زیرەکی - باری ئابووری - کۆمەڵایەتی – ڕۆشنبیری – ئاستی زانستی و بڕوانامەی مامۆستا - جۆری باخچە بوون ، هەروەها فێربوون و ئامڕازەکانی ڕۆشنبیری و هەریەک لە ڕەگەزی نێر و مێ خاوەندارێتی هەمان شێوازی گەشەکردنی دەکەن(عبدالمقصود، 1994 : 10-11) .**

## گفتوگۆکردنی توێژینەوەکانی پێشوو

**توێژینەوەکانی تایبەت بە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی:**

**1-لەڕووی ئامانجەوە :-**

**هەرچەندە هەریەک لە توێژینەوەکان لەڕووی ئامانجەوە جیاوازن، بەڵام بەگشتی جەخت دەکەنەوە لەسەر زانینی ئاستی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لە گرنگترین ئەو توێژینەوانەش (الاخرس،2013)(فكره،2010)، کە هاوشێوەیە لەگەڵ یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، کە بریتییە لە زانینی ئاستی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان بە پێی گۆڕاوەکانی ( ڕەگەز – جۆری باخچە – بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە – بڕوانامە – ساڵانی خزمەت )،بەڵام ئامانجی توێژینەوەی (محمد،2010)بریتییە لە دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان شێوازەکانی کۆنترۆڵ و ئاستی دەستکەوتی خوێندکاران لەکاتێکدا ئامانجێکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری سەربەخۆیی منداڵ لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەوە.**

**2-لەڕووی سامپڵی توێژینەوە :-**

**هەریەک لە توێژینەوەکان قەبارەی سامپڵی توێژینەوەکەیان جیاوازە کە دەکەوێتە نێوان (108-455)سامپڵ لە هەردوو ڕەگەز،سامپڵی ئەم توێژینەوەیەش پێکهاتبوو لە (174) مامۆستا لا باخچەی حکومی (76) مامۆستا لە باخچەی ناحکومی، کە (250) مامۆستا بوو لە هەردوو ڕەگەز.**

**3-لەڕووی میتۆدەوە :-**

**بەگشتی سەرجەم توێژینەوەکان میتۆدی وەسفی شیکارییان بەکارهێناوە، بەڵام ئەم توێژینەوەیە میتۆدی وەسفی پەیوەندی بەکارهێناوە.**

**4-لەڕووی ئامرازی توێژینەوە :-**

**بەگشتی سەرجەم توێژینەوەکان بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان لە سامپڵی توێژینەوە فۆڕمی ڕاوەرگرتنیان بەکارهێناوە، جگە لە توێژینەوەی(فكره،2010)، کە لەگەڵ فۆڕمی ڕاوەرگرتندا تێبینیکردن و سەرنجدانیشی بەکارهێناوە، بە هەمان شێوە لەم توێژینەوەیەشدا فۆڕمی ڕاوەرگری بۆ پێوانەکردنی ئاستی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری سەربەخۆیی و دۆزینەوەی پەیوەندی نێوانیان بەکارهێنراوە.**

**5-لەڕووی ئەنجامی توێژینەوە :-**

**توێژینەوەکان جیاوازن لە ئەنجامەکانیاندا بە پێی جیاوازی لە ئامانجەکانیاندا، بەڵام هەموو توێژینەوەکان لێکچوون لە بەرزی ئاستی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لای سامپڵی توێژینەوەکانیان، بەهەمان شێوە لەم توێژینەوەیەشدا کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لە ئاستێکی بەرزدایە لای مامۆستانی باخچەی منداڵان.**

**توێژینەوەکانی تایبەت بە ڕەفتاری سەربەخۆیی :**

**1-لەڕووی ئامانجەوە :-**

**هەرچەندە هەریەک لە توێژینەوەکان لەڕووی ئامانجەوە جیاوازن، بەڵام ئامانجی هاوبەشی نێوان توێژینەوەکانی (حسین،2015)(حسونة ،1995)(ابراهیم،1994)(عبدالمقصود،1994) بریتییە لە دیزاین کردن و کاریگەری پرۆگرام لەسەر ئاستی ڕەفتاری سەربەخۆیی منداڵان، بەڵام ئامانجی توێژینەوەی(بدور،2010)بریتییە لە کاریگەری مامەڵکردنی دایک و باوک لای ئەو خێزانانەی کە خاوەنی منداڵن لە تەمەنی (3-5) لە دامەزراوەکانی باخچەی منداڵان و کاریگەری ئەو شێوازانە لەسەر گەشەی سەربەخۆیی منداڵ، لەکاتێکدا ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری سەربەخۆیی منداڵ لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەوە.**

**2-لەڕووی سامپڵی توێژینەوە :-**

**هەریەک لە توێژینەوەکان قەبارەی سامپڵی توێژینەوەکەیان جیاوازە کە دەکەوێتە نێوان (20-595)سامپڵ لە هەردوو ڕەگەز،سامپڵی ئەم توێژینەوەیەش پێکهاتبوو لە (174) مامۆستا لا باخچەی حکومی (76) مامۆستا لە باخچەی ناحکومی، کە (250) مامۆستا بوو لە هەردوو ڕەگەز.**

**3-لەڕووی میتۆدەوە :-**

**بەگشتی زۆربەی توێژینەوەکان میتۆدی ئەزموونیان بەکارهێناوە، کە بریتیین لە توێژینەوەکانی (حسین،2015)(حسونة ،1995)(ابراهیم،1994)(عبدالمقصود،1994) ، جگە لە توێژینەوەی (بدور،2010)کە میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە کە، بەڵام ئەم توێژینەوەیە میتۆدی وەسفی پەیوەندی بەکارهێناوە.**

**4-لەڕووی ئامرازی توێژینەوە :-**

**بەگشتی سەرجەم توێژینەوەکان بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان لە سامپڵی توێژینەوە فۆڕمی ڕاوەرگری و پرۆگرامیان بەکارهێناوە جگە لە توێژینەوەی (بدور،2010) کە پرۆگرامی بەکارنەهێناوە، بەڵام توێژینەوەی (عبدالمقصود،1994) تەنها پرۆگرامی بەکارهێناوە،جگە لە توێژینەوەی ،لەم توێژینەوەیەشدا فۆڕمی ڕاوەرگری**

بۆ پێوانەکردنی ئاستی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری سەربەخۆیی و دۆزینەوەی پەیوەندی نێوانیان بەکارهێنراوە.

**5-لەڕووی ئەنجامی توێژینەوە :-**

توێژینەوەکان جیاوازن لە هەندێک لە ئەنجامەکانیاندا بە پێی جیاوازی لە ئامانجەکانیاندا، بەڵام هەموو توێژینەوەکان لێکچوون لەبەرزکردنەوەی ئاستی ڕەفتاری سەربەخۆیی بە هۆی ئەو پرۆگرامانەی بەکاریانهێناوە لای سامپڵی توێژینەوەکانیان لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونی، بەهەمان شێوە لەم توێژینەوەیەشدا ڕەفتاری سەربەخۆیی لە ئاستێکی بەرزدایە لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی مامۆستانی باخچەی منداڵانەوە هەروەها جیاوازی نییە لە ئاستی ڕەفتاری سەربەخۆیی لای منداڵان، کە ئەم ئەنجامەش هاوشێوەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی(بدور، 2010).

## سوود بینین لەتوێژینەوەکانی پێشوو

توێژەر لەچەند ڕوویەکەوە توانیویەتی سوود لەتوێژینەوەکانی پێشوو وەربگرێت وەک:-

1-هەستکردن بەهەبوونی کێشەی توێژینەوەکە و ڕادەی گرنگییەکەی بەمەبەستی کردنی بەتوێژینەوەیەکی زانستی.

2-توێژینەوەکانی پێشوو چوارەچێوەیەکی گشتی بۆ ئەم توێژینەوەیە پێکدەهێنن، چونکە لەبابەتەکاندا سوودی زۆریان لێوەرگیراوە بەتایبەتی لەچوارچێوەی تیۆریدا.

3-بۆ زیاتر بابەتیبوونی توێژینەوەکە و شوێن پێ هەڵگرتنی توێژینەوەکانی پێشوو سوودیان لێبینراوە.

4-سوودی لەزانیارییە ڕێکارییەکانی توێژینەوەکانی پێشوو، لە چۆنییەتی ڕاڤەکردنی داتا و زانیارییەکان و هاوکێشەکانی ئامارییەکانی بینیوە.

5-لەئامادەکردنی ئامرازەکانی توێژینەوەکە و چۆنییەتی دەرهێنانی ڕاستیی و جێگیریی ئامرازەکاندا، سوودی وەرگرتوون.

# بەشی سێهەم

## ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە

## میتۆدی توێژینەوەکە

## کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

## سامپڵی بنەڕەتی توێژینەوەکە

## سامپڵی سەرەتایی توێژینەوەکە

## ئامڕازی توێژینەوەکە

## ئامڕازە ئامارییەکان

# بەشی سێهەم

## ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە

ئەم بەشە پێک دێت لە ڕوونکردنەوەی ئەو میتۆدەی لە لایەن توێژەرەوە پەیڕەو کراوە لە گەڵ وەسفکردنی تایبەتمەندییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە، هەروەها خستنەڕووی چۆنییەتی دروستکردنی ئامڕازەکانی توێژینەوەکە، لەگەڵ ڕێکارییەکانی ڕاستی و جێگیری ئامڕازەکانی توێژینەوە و بەکارهێنانی ئەو ئامڕازە ئامارییانەی، کە لە شیکردنەوەی داتاکانی توێژینەوەکەدا بەکارهێنراون. بەم شێوەیەی خوارەوە :-

### میتۆدی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی (وەسفی) ە، هەوڵدەدات پەیوەندی نێوان کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی ڕەفتاری سەربەخۆیی بدۆزێتەوە لەڕوانگەی مامۆستایانی باخچەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پەنا بردنە بەر بەکارهێنانی میتۆدی وەسفی پەیوەندی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە سروشتی توێژینەوەکە وادەخوازێت ئەم میتۆدە بەکاربهێنرێت. ئەم جۆرە میتۆدە لە بڵاوترین جۆرەکانی توێژینەوەیە، کە بەکاردەهێنرێت بە ئامانجی دیاریکردنی دۆخی هەنووکەیی دیاردەیەکی دیاریکراو .

### کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لەسەرجەم مامۆستایانی باخچە حکومی و ناحکومییەکانی شاری سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی (2021 - 2022)، کە بەردەوامن لە کارکردن و ژمارەیان (1319)مامۆستایە، (133) مامۆستا لە ڕەگەزی نێر و (1186) مامۆستا لە ڕەگەزی مێ، وەک لەخشتەی (1) دا خراوەتەڕوو، توێژەر ئاماری مامۆستایانی لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی وەرگرتووە، هەروەک لەپاشکۆی (1) ڕوونکراوەتەوە

**خشتەی (1)**

**کۆمەڵگەی توێژینەوە**

| بەڕێوەبەرایەتی | ژمارەی مامۆستا | | | | | | کۆی گشتی ژمارەی مامۆستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | باخچەی حکومی | ڕەگەز | | باخچەی ناحکومی | ڕەگەز | | |
| | | نێر | مێ | | نێر | مێ | |
| بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوا | 672 | 90 | 582 | 247 | 18 | 229 | |
| بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات | 336 | 23 | 313 | 64 | 2 | 62 | 1319 |
| کۆی گشتی | 1008 | 113 | 895 | 311 | 20 | 291 | |

## سامپڵی بنەڕەتی توێژینەوە

توێژەر لە دوای گەڕان و بەدواداچوونی بە توێژینەوەکانی پێشوودا و کتێبەکانی میتۆدی زانستی و ڕاوێژکردن بە پسپۆر و شارەزایان توانی ژمارەی سامپڵی توێژینەوەکەی دیاری بکات، سامپڵی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردراوە، کە بریتییە لە ( 250 ) مامۆستا لە باخچە حکومی و ناحکومییەکان لە هەردوو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلاتی پاریزگای سلێمانی بۆ پێوەری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و پێوەری ڕەفتاری سەربەخۆیی ، هەروەک لە خشتەی (2) خراوەتە ڕوو، سامپڵی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوی بەڕێوەبەرایەتی، (182) مامۆستا سەر بەڕیوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوا بوون و (68) مامۆستا سەر بە بەڕیوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەلات بوو، بەپێی گۆڕاوی جۆری باخچە،(174) مامۆستا لە باخچە حکومییەکان بوون، لەکاتێکدا (76) مامۆستایان لە باخچەی ناحکومی بوون، بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی مامۆستا ،(232) مامۆستا لە لە ڕەگەزی مێ بوون، (18) مامۆستا لە ڕەگەزی نێر بوون، هەروەها بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی منداڵ، (133) منداڵ لە لە ڕەگەزی مێ بوون، (117) منداڵ لە ڕەگەزی نێر بوون، بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە، (72) مامۆستای هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بوون،(178) مامۆستا هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بوون، بەپێی گۆڕای ساڵانی خزمەت، تاکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە دابەشکرابوون بەسەر سێ گروپەوە، گروپی یەکەم ئەوانەن، کە ساڵانی خزمەتیان دەکەوێتە نێوان (0-9) ساڵ، گروپی دووەم ساڵانی خزمەتیان لەنێوان (10-19) ساڵدا بوو، گروپی سێیەم ساڵانی خزمەتیان دەکەوتە نێوان (20-29) ساڵ،بەم شێوەیە سامپڵی توێژینەوەکە نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی دەکرد و ڕێژەی 19% کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی پێک دەهێنا، کە ژمارەیان (1319)مامۆستا بوو.

**خشتەی (2)**

**سامپڵی توێژینەوە بۆ پێوەرەکانی ئامرازی توێژینەوە**

| بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە | ژمارەی مامۆستا | ژمارەی باخچە | | ڕەگەزی منداڵ | | ڕەگەزی مامۆستا | | بڕوانامە | | ساڵانی خزمەت | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | حکومی | ناحکومی | مێ | نێر | نێر | مێ | دبلۆم | بەکالۆریۆس | 0-9 | 10-19 | 20-29 |
| ڕۆژئاوا | 182 | 31 | 15 | 133 | 117 | 18 | 232 | 178 | 72 | 101 | 134 | 15 |
| ڕۆژهەڵات | 68 | | | | | | | | | | | |
| کۆی گشتی | 250 | 46 | | 250 | | | | | | | | |

## سامپڵی سەرەتایی توێژینەوە

توێژەر فۆرمی سەرەتایی بەسەر (100) مامۆستا لە ( 15-11-2021 ) دابەشکرد بەشێوەی ئەلکترونی و لەڕێگەی گوگڵ فۆرم، بۆ ئەوەی ئاگاداری بوونی هەر ناڕوونی و ئاڵۆزیەک بێت، کە لە کاتی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان دروست دەبێت و چارەسەرییان بکات لە پێش جێبەجێکردنی کۆتایی و وەڵامی بەدواداچوونەکانیشیان بداتەوە، لەپاش ئەوەی کاتی تەواویان پێدرا بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، کە نزیکەی (2) هەفتە بوو لە (29-11-2021) فۆرمەکان کۆکرانەوە و زانیارییەکانی خاڵی کرانەوە و سوود لەم نموونە سەرەتاییە وەرگیرا بۆ دیاریکردنی تایبەتمەندیە سایکۆمەتریەکانی ئامرازی پێوانەکردنەکان لەتوێژینەوەکەدا، وەک دیاریکردنی جێگیری، ڕاستگۆیی و ئاستی ڕوونی بڕگەکان وکاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوە.

## ئامرازی توێژینەوەکە

بۆگەیشتن بەئامانجەکانی توێژینەوەکە واپێویست بوو، کە توێژەر بۆ پێوانەکردنی هەریەک لە(کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری سەربەخۆیی ) پێوانەی گونجاو ئامادەبکات، هەروەک لە خوارەوە ڕوونکراوەتەوە.

## فۆرمی ڕاوەرگری کراوە

لەبەر ئەوەی توێژەر ئامرازێکی ئامادەکراوی دەست نەکەوت بۆ پێوانەکردنی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، کە وەک پێویست بێت بۆ مەبەستەکانی توێژینەوەکەی، دەستیکرد بەئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی بۆ بەدەست هێنانی زانیاری سەرەتایی بۆ دروستکردنی فۆرمی ڕاوەرگری کۆتایی، چونکە هەلێکی باشتر دەڕەخسێنێت بۆ زانینی باشترین ڕێگە و شێواز لە دواندنی بەشداربووانی توێژینەوەکەو ناسینی تایبەتمەندی و سروشتیان. بۆ ئەم مەبەستە فۆرمێکی ڕاوەرگری کراوەی پێشکەش بە نموونەیەک لە مامۆستایان کرد، کە ژمارەیان (40) مامۆستا بوو ئەم پرسیارەی لە خۆگرتبوو ، هەروەک لە پاشکۆی ژمارە (2) خراوەتە ڕوو، پاشان ئەنجامی ڕاپرسییە کراوەکە بووە هۆی دروستکردنی (58) بڕگە، کە دابەش کرابوون بەسەر دوو بواردا بواری پاداشت و بواری سزا هەروەک لە پاشکۆی ژمارە (3) خراوەتە ڕوو.

## ڕاستگۆی رواڵەت

بۆ دیاریکردنی ڕاستگۆی ڕواڵەت توێژەر پەنای بردە بەر ڕا و بۆچوونی شارەزایان، بۆ ئەم مەبەستە پێوانەکە خرایە بەردەست (15) شارەزاو پسپۆڕی (ڕێگاکانی وانەوتنەوە و دەروونزانی )، هەروەک لەپاشکۆی (٣) دا ڕوونکراوەتەوە، داوایان لێکراوە ڕاو بۆچوونی خۆیان سەبارەت بەگونجاوی بڕگەکان و بژاردەکان دەرببڕن و هەرگۆڕانکاریەک پێیان باشە پێشنیازی بکەن، دوای کۆکردنەوەی فۆڕمەکان، بەپێی بۆچوونی شارەزایان تەنها ئەو بڕگانە مانەوە، کەڕێژەی ڕێککەوتن لەسەرمانەوەیان، یاخود لابردنیان (90%)بوو، بەم شێوەیەلە کۆی(58) بڕگە (10) بڕگە لابران، کە بریتیی بوون لە بڕگەکانی (29-26-25-24-5) لە بواری سزا و بڕگەکانی

(8-16-17-19-20) لە بواری پاداشت، بڕگەکانی دیکە وەک خۆیان مانەوە بەم جۆرەش ژمارەی بڕگەکان بوون بە (48) بڕگە و ڕاستی گشتی فۆرمی ڕاوەرگری کۆنترۆڵی کۆمەلایەتی (95.86%) بوو، هەروەک لە پاشکۆی (4) ڕوونکراونەتەوە.

## شیکردنەوەی ئاماری بۆ بڕگەکانی پێوانەی کۆنترۆڵی کۆمەلایەتی:

بەمەبەستی دڵنیا بوون لە بوونی مەرجەکانی ڕاستگۆیی وجێگیری وتوانای جیاکاری لە نێوان بڕگەکانی پێوانە پرسیارەکانی تاقیکردنەوە توێژەر شیکاری ئاماری بۆ سەرجەم بڕگەکانی پێوانەکە ئەنجامدا لە ڕێگەی ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە:-

## هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ بڕگەکانی پێوانەکە:

ئەم ڕێگەیە پشت بەجیاکاری دەبەستێت لەنێوان ئەو تاکانەی تایبەتمەندی پێوانەکراویان تێدا بەدیدەکرێت و ئەوانەی تیایاندا بەدیناکرێت، ئەم ڕێگەیە ئاماژەیەکی خێرا بەڕادەی ڕاستگۆیی پێوانەکە دەدات(عبدالرحمن،2007: 192). توێژەر هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ بڕگەکانی پێوانەی کۆنترۆڵی کۆمەلایەتی دەرهێناوە بە پشت بەستن بەم هەنگاوانەی لای خوارەوە:

أ.ڕیزبەندی کردنی ئەو نمرانەی، کە تاکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە بەدەستیان هێناوە،کە ژمارەیان (100) مامۆستا بوو، لە بەرزترین نمرە بۆ نزمترین نمرە.

ب.دابەشکردنی نمرەکانی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ دوو گروپ، گروپێک کە زۆرترین نمرەیان بە دەستهێناوە بە ڕێژەی (27%)، کە ژمارەیان(27) مامۆستا بوو، گروپێکیش، کەمترین نمرەیان بە دەست هێناوە بە ڕێژەی (27%)، کە ژمارەیان (27) مامۆستا بوو، دورخستنەوەی ئەو گروپەی کە ناوەندبوون.

ج.بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوونموونەی سەربەخۆ (T-test for two Independent samples) بەبەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری (SPSS) بۆ هەر بڕگەیەک،لە ئەنجامدا دەرکەوت کە سەرجەم بڕگەکانی پێوانە پێوانەی کۆنترۆڵی کۆمەلایەتی توانای جیاکاریان هەیە. وەک لە خشتەی ژمارە (3) خراوەتەروو

## خشتەی (3)

## هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ بڕگەکانی  پێوانەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی

| نرخی تائی هەژمارکراو | گروپی نمرە نزمەکان | | گروپی نمرە بەرزەکان | | ژمارەی بڕگە |
|---|---|---|---|---|---|
| | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | |
| 3.006 | 0.31442 | 1.0714 | 0.43095 | 1.2143 | 1 |
| 3.006 | 0.00000 | 1.0000 | 0.12548 | 1.0159 | 2 |
| 6.349 | 0.19599 | 1.0397 | 0.51096 | 1.3492 | 3 |
| 5.970 | 0.19599 | 1.0397 | 0.48416 | 1.3175 | 4 |
| 8.908 | 0.58190 | 1.3413 | 1.01519 | 2.2698 | 5 |
| 9.461 | 0.99921 | 2.0397 | 1.12758 | 3.3095 | 6 |
| 5.758 | 0.61968 | 1.3333 | 0.62747 | 1.7857 | 7 |
| 5.250 | 0.75425 | 1.5556 | 0.70881 | 2.0397 | 8 |
| 6.333 | 0.83011 | 1.7063 | 0.90453 | 2.7273 | 9 |
| 4.735 | 0.26535 | 1.0397 | 0.51934 | 1.2857 | 10 |
| 3.421 | 0.08909 | 1.0079 | 0.40700 | 1.1349 | 11 |
| 8.189 | 0.99117 | 1.8175 | 1.19905 | 2.9524 | 12 |
| 8.911 | 0.80427 | 1.9048 | 0.72032 | 2.7619 | 13 |
| 9.230 | 0.64108 | 1.5317 | 0.87043 | 2.4206 | 14 |
| 10.062 | 0.73756 | 1.6667 | 0.77701 | 2.6270 | 15 |
| 7.735 | 1.14888 | 2.5635 | 1.04769 | 3.6349 | 16 |
| 4.965 | 0.39497 | 1.1667 | 0.76532 | 1.5476 | 17 |
| 8.853 | 0.70733 | 1.5873 | 0.82516 | 2.4444 | 18 |
| 8.079 | 0.56056 | 1.2778 | 0.89800 | 2.0397 | 19 |
| 9.112 | 1.11352 | 2.4365 | 1.15363 | 3.7381 | 20 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 8.604 | 0.81451 | 1.9762 | 0.65591 | 2.7778 | 21 |
| 9.135 | 0.40452 | 1.1818 | 0.60302 | 3.1818 | 22 |
| 8.951 | 0.50452 | 1.3636 | 0.67420 | 3.6364 | 23 |
| 4.242 | 1.56670 | 2.6364 | 0.46710 | 4.7273 | 24 |
| 4.869 | 1.06583 | 3.6667 | 0.67655 | 4.2143 | 25 |
| 4.488 | 0.96950 | 3.9365 | 0.50174 | 4.3730 | 26 |
| 2.528 | 0.91589 | 4.0952 | 0.59549 | 4.3413 | 27 |
| 4.909 | 1.00905 | 2.2727 | 0.70065 | 4.0909 | 28 |
| 3.004 | 0.83121 | 3.0909 | 0.64667 | 3.7273 | 29 |
| 3.125 | 1.27208 | 2.2727 | 0.90453 | 3.2727 | 30 |
| 3.009 | 0.770 | 2.9390 | 0.724 | 3.2891 | 31 |
| 3.093 | 0.9862 | 2.6861 | 0.866 | 3.1323 | 32 |
| 3.217 | 0.8261 | 1.5901 | 1.253 | 2.1204 | 33 |
| 3.295 | 0.6466 | 1.4211 | 0.847 | 1.8072 | 34 |
| 6.731 | 0.6505 | 3.2282 | 0.406 | 3.7951 | 35 |
| 5.727 | 0.9201 | 2.6984 | 0.623 | 3.3972 | 36 |
| 3.840 | 0.67420 | 3.6364 | 0.82020 | 4.5455 | 37 |
| 3.381 | 0.82020 | 3.4545 | 0.68755 | 4.5455 | 38 |
| 6.586 | 0.7551 | 3.1202 | 0.4574 | 3.7593 | 39 |
| 3.873 | 0.64667 | 3.2727 | 0.67420 | 4.3636 | 40 |
| 3.757 | 0.82020 | 3.5455 | 0.50452 | 4.6364 | 41 |
| 3.479 | 0.80904 | 3.6364 | 0.50452 | 4.6364 | 42 |
| 5.068 | 1.10371 | 2.2727 | 0.80904 | 4.3636 | 43 |
| 4.151 | 1.22103 | 3.0909 | 0.46710 | 4.7273 | 44 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 5.217 | 1.10371 | 2.7273 | 0.50452 | 4.6364 | 45 |
| 4.005 | 1.16775 | 2.8182 | 0.68755 | 4.4545 | 46 |
| 3.968 | 1.10371 | 2.2727 | 1.04447 | 4.0909 | 47 |
| 4.969 | 1.0 215 | 2.0182 | 0.05222 | 4.6231 | 48 |

## پەیوەندی نمرەی هەر بڕگەیەک بە نمرەی گشتی پێوانەکە :

بەمەبەستی دیاریکردنی پەیوەندی نمرەی هەر بڕگەیەک بە نمرەی گشتی پێوانەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیەوە و دواتر بەبەکارهێنانی هەگبەی ئاماری بۆزانستە کۆمەڵایەتیەکان(SPSS) هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (person) لەنێوان بڕگەکانی پێوانەکە بە کۆی گشتی پێوانەکەی دۆزییەوە، لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە سەرجەم هاوکۆلکەکانی بڕگەکان بەڵگەداری ئامارییان هەبوو لە سەر ئاستی بەڵگەداری (0.05)، وەک لە خشتەی ژمارە (4) دیارە.

**خشتەی (4)**

**هاوکۆلکەی پەیوەندی نمرەی هەر بڕگەیەک بە کۆی گشتی نمرەکانی پێوانەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی**

| هەوکۆلکەی پەیوەندی | ژمارەی بڕگە | هەوکۆلکەی پەیوەندی | ژمارەی بڕگە | هەوکۆلکەی پەیوەندی | ژمارەی بڕگە |
|---|---|---|---|---|---|
| 0.295 | 33 | 0.398 | 17 | 1 | 1 |
| 0.379 | 34 | 0.397 | 18 | 0.300 | 2 |
| 0.272 | 35 | 0.277 | 19 | 0.475 | 3 |
| 0.376 | 36 | 0.299 | 20 | 0.464 | 4 |
| 0.320 | 37 | 0.216 | 21 | 0.393 | 5 |
| 0.345 | 38 | 0.211 | 22 | 0.461 | 6 |
| 0.287 | 39 | 0.359 | 23 | 0.312 | 7 |
| 0.488 | 40 | 0.222 | 24 | 0.347 | 8 |
| 0.302 | 41 | 0.286 | 25 | 0.430 | 9 |
| 0.209 | 42 | 0.220 | 26 | 0.321 | 10 |
| 0.331 | 43 | 0.651 | 27 | 0.322 | 11 |
| 0.311 | 44 | 0.292 | 28 | 0.364 | 12 |
| 0.211 | 45 | 0.354 | 29 | 0.450 | 13 |
| 0.328 | 46 | 0.412 | 30 | 0.322 | 14 |
| 0.372 | 47 | 0.314 | 31 | 0.229 | 15 |
| 0.382 | 48 | 0.402 | 32 | 0.391 | 16 |

## جێگیری

توێژەر بۆ دیاریکردنی جێگیری پێوانەکەی چەند ڕێگەیەکی بەکارهێنا وەک:-

### یەکەم: ڕێگەی تاقیکردنەوە ودووبارە تاقیکردنەوە

لەم ڕێگەیەدا ئامڕازی توێژینەوەکە دوو جار بەسەرهەمان سامپڵدا جێبەجێ دەکرێتەوە بەمەرجێک ماوەی زەمەنیان لە(21) ڕۆژ کەمتر نەبێت، دواتر ئەو هاوکۆلکە پەیوەندییەی دەستمان دەکەوێت ڕادەی جێگیری پێوانەکە نیشان دەدات، جێگیری پێوانەکە بەشێوازی (Test-retest)، بۆجاری یەکەم لەڕێکەوتی (10-12-2021) پێوانەکە بەسەر (40) مامۆستادا جێبەجێکرا، کە بەشێک بوون لەکۆمەڵگەی توێژینەوە و پێک هاتبوون لەڕەگەزی نێرو مێ، دوای تێپەڕبوونی (20) ڕۆژ لەڕێکەوتی (30-12-2021) دووبارە پێوانەکە لەسەر هەمان نموونە جێبەجێکرایەوە و دواتر پەیوەندی لەنێوان ئەنجامی یەکەم و دووەم لەڕێگەی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (person) دۆزرایەوە، لەئەنجامدا دەرکەوت بەهای پەیوەندی نێوان ئەنجامدانی یەکەم و دووەم بریتییە لە(0.94)، ئەمەش پەیوەندییەکی بەهێزە و ئاماژەیە بۆ ئەوەی جێگێری پێوانەکە بەرزە. هەروەک لە خشتەی(5)ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی (5)**

**هاوکۆلکەی جێگیری بۆ پێوانەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی**

| جێ بەجێکردن | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی جێگیری |
|---|---|---|---|
| یەکەم | 158.9500 | 11.63242 | 0.944 |
| دووەم | 157.9500 | 11.35770 | |

### دووەم: ڕێگەی ئەلفا-کرۆنباخ

توێژەر جێگیری پێوانەکەی بەڕێگەی ئەلفا کرۆنباخ دۆزیەوە، کە یەکێکە لەڕێگەکانی دەستنیشانکردنی گونجاندنی ناوەکی، پاش جێبەجێکردنی پێوانەکە بەسەر(40)مامۆستای نموونەی سەرەتاییدا، دەرکەوت ڕێژەی جێگێری پێوانەکە بریتییە لە(0.958) ئەمەش جێگیرییەکی بەرزە.

## تایبەتمەندی پێوانەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی

توێژەر دوای ئەوەی ڕاستگۆی و جێگیری بۆ پێوانەی(کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی) دیاریکرد، پێوانەکە بەشێوەی کۆتای(48)برگەی مایەوە، کە پێکهاتبوو لە دوو بوار، بواری سزا و بواری پاداشت، بواری سزا (27) برگەی لە خۆگرتبوو لە شێوازەکانی سزا کە بریتیی بوون لە ( جەستەیی – دەروونی - کۆمەڵایەتی –زارەکی - پەروەردەیی ) بە هەمان شێوە (21) برگە بۆ بواری پاداشت، کە شێوازەکانی پاداشت بریتیی بوون لە (ماددی – دەروونی – کۆمەڵایەتی – زارەکی - پەروەردەیی )، بەشێوەیەکی گشتی برگەکان ڕوون بوون لەلای مامۆستایانی باخچە و کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوە (5) خولەک بوو، هەروەها بژاردەکانی وەڵامدانەوە لەناوەرۆکی برگەکاندا بەجۆری پێنج بژاردە داڕێژرابوو واتە(5)بژاردە لەبەرامبەر برگەکاندا هەیە، کە بریتین لە(هەمیشە، زۆرجار، هەندێکجار، بەدەگمەن، هەرگیز)، بەهای بژاردەکانیش بریتین لە(5،4،3،2،1)بەهەمان ڕیزبەندی بەرامبەر برگەنەرێنییەکان نمرەکان پێچەوانە دەبنەوە واتە بەرزترین نمرەی پێوەرەکە (120) نمرەیە و نزمترین نمرە (24) نمرەیە، هەروەک لە پاشکۆی ژمارە (5) خراوەتەڕوو.

## فۆرمی ڕاوەرگری بۆ پێوانەی ڕەفتاری سەربەخۆیی

لەبەر نەبوونی پێوانەیەکی گونجاو بەزمانی کوردی لە دوای گەڕان و بەدواداچوونەکانی توێژەردا بە سەرچاوەکان و توێژینەوەکانی پێشوودا بۆ گۆڕاوی (ڕەفتاری سەربەخۆیی) توێژەر سوودی لە چەند سەرچاوەیەکی زمانی عەرەبی وەرگرتووە لە ئامادەکردنی پێوەرەکەدا، بۆ ئامادەکردنی پێوەرەکە توێژەر بە توێژینەوەکانی پێشووتردا چووەوە، کە پەیوەندیان بە گۆڕاوی (ڕەفتاری سەربەخۆیی)ەوە هەیە، دواتر سوودی لە پێوانەی (الخفاف،2003:130) و (الدوري، 2019) وەرگرت، کە لە پاشکۆی ژمارە(6)(7) خراونەتەڕوو، لە کۆی سوود وەرگرتن لەو توێژینەوانە توێژەر توانی (30) برگە دابرێژێتەوە بە شێوەیەک، کە گونجاو بێت لەگەڵ ئامانج و سنووری توێژینەوەکەدا، هەروەک لە پاشکۆی ژمارە (8) خراوەتەڕوو، دواتر بۆ گونجاندنی پێوانەکە لەگەڵ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە چەند هەنگاوێک ئەنجام درا وەک :

## داڕشتنەوەی برگەکان

توێژەر بۆ ئامادەکردنی برگەکانی پێوانەکەی گەڕایەوە بۆتوێژینەوەکانی پێشووتر و توانی سوود لەدوو توێژینەوەی پێشووتر وەربگرێت، کەبریتیی بوون لە توێژینەوەکانی (الخفاف،2003 :130) و (الدوري، 2019) بۆ ئامادەکردنی پێوەرەکە، کە لە پاشکۆی ژمارە(6)و(7)خراونەتەڕوو.

## شیکردنەوەی ئاماری بۆ بڕگەکانی پێوانەی ڕەفتاری سەربەخۆیی

بەمەبەستی دڵنیا بوون لە بوونی مەرجەکانی ڕاستگۆیی وجێگیری وتوانای جیاکاری لە نێوان بڕگەکانی پێوانە پرسیارەکانی تاقیکردنەوە توێژەر شیکاری ئاماری بۆ سەرجەم بڕگەکانی پێوانەکە ئەنجامدا لە ڕێگەی ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە:

## هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ پێوەری ڕەفتاری سەربەخۆیی بڕگەکانی پێوانەکە:

توێژەر هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ بڕگەکانی دەرهێناوە بە پشت بەستن بەم هەنگاوانەی لای خوارەوە:

أ.ڕیزبەندی کردنی ئەو نمرانە، کە تاکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە بەدەستیان هێناوە، کە ژمارەیان (100) مامۆستا بوو لە بەرزترین نمرە بۆ نزمترین نمرە.

ب.دابەشکردنی نمرەکانی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ دوو گروپ، گروپێک، کە زۆرترین نمرەیان بە دەستهێناوە بە ڕێژەی (27%)، کە ژمارەیان (27) مامۆستا بوو، گروپێک، کە کەمترین نمرەیان بە دەست هێناوە بە ڕێژەی (27%) کە ژمارەیان (27) مامۆستا بوو، دوورخستنەوەی ئەو گروپەی، کە ناوەندبوون.

ج.بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ (T-test for two Independent samples) بە بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری (SPSS) بۆ هەر بڕگەیەک، لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە سەرجەم بڕگەکانی پێوانە پێوانەی ڕەفتاری سەربەخۆیی توانای جیاکاریان هەیە. وەک لە خشتەی ژمارە (6) خراوەتەروو.

**خشتەی(6)**

**هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ بڕگەکانی پێوانەی ڕەفتاری سەربەخۆیی**

| ژمارەی بڕگە | گروپی نمرە بەرزەکان | | گروپی نمرە نزمەکان | | نرخی تائی هەژمارکراو |
|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | |
| 1 | 4.6364 | 0.50452 | 3.2727 | 0.78625 | 4.841 |
| 2 | 4.4545 | 0.68755 | 2.4545 | 0.52223 | 7.683 |
| 3 | 4.2727 | 1.00905 | 2.4545 | 0.52223 | 5.307 |
| 4 | 4.5455 | 0.52223 | 2.7273 | 0.46710 | 8.607 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 10.293 | 0.44721 | 2.0000 | 0.68755 | 4.5455 | 5 |
| 7.470 | 0.63246 | 2.0000 | 0.78625 | 4.2727 | 6 |
| 7.444 | 0.46710 | 1.7273 | 0.94388 | 4.0909 | 7 |
| 10.354 | 0.60302 | 2.1818 | 0.50452 | 4.6364 | 8 |
| 12.589 | 0.50452 | 2.3636 | 0.40452 | 4.8182 | 9 |
| 6.849 | 0.70065 | 2.9091 | 0.60302 | 4.8182 | 10 |
| 8.714 | 0.63246 | 2.0000 | 0.68755 | 4.4545 | 11 |
| 6.888 | 0.60302 | 2.1818 | 0.75076 | 4.1818 | 12 |
| 8.227 | 0.64667 | 1.7273 | 0.93420 | 4.5455 | 13 |
| 8.372 | 0.30151 | 1.9091 | 0.92442 | 4.3636 | 14 |
| 11.431 | 0.53936 | 2.0909 | 0.50452 | 4.6364 | 15 |
| 9.037 | 0.63246 | 3.0000 | 0.30151 | 4.9091 | 16 |
| 5.175 | 0.53936 | 3.0909 | 0.68755 | 4.4545 | 17 |
| 9.587 | 0.44721 | 2.0000 | 0.64667 | 4.2727 | 18 |
| 8.706 | 0.46710 | 2.2727 | 0.68755 | 4.4545 | 19 |
| 9.390 | 0.52223 | 2.4545 | 0.52223 | 4.5455 | 20 |
| 5.824 | 0.46710 | 2.2727 | 0.98165 | 4.1818 | 21 |
| 10.758 | 0.52223 | 2.4545 | 0.46710 | 4.7273 | 22 |
| 5.440 | 0.67420 | 2.6364 | 0.80904 | 4.3636 | 23 |
| 7.423 | 0.64667 | 2.2727 | 0.67420 | 4.3636 | 24 |
| 4.833 | 0.52223 | 2.5455 | 1.73205 | 3.0000 | 25 |
| 3.337 | 0.87386 | 2.1818 | 1.03573 | 3.5455 | 26 |
| 5.937 | 0.70065 | 3.0909 | 0.50452 | 4.6364 | 27 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 6.008 | 0.67420 | 2.6364 | 0.67420 | 4.3636 | 28 |
| 5.692 | 0.46710 | 2.2727 | 0.83121 | 3.9091 | 29 |
| 5.937 | 0.53936 | 3.0909 | 0.67420 | 4.6364 | 30 |

## پەیوەندی نمرەی هەر برگەیەک بە نمرەی گشتی پێوانەکە :

**بەمەبەستی دیاریکردنی پەیوەندی نمرەی هەر برگەیەک بە نمرەی گشتی پێوانەی ڕەفتاری سەربەخۆیی دواتر بەبەکارهێنانی هەگبەی ئاماری بۆزانستە کۆمەڵایەتیەکان(SPSS) هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (person) لەنێوان بڕگەکانی پێوانەکەدا بە کۆی گشتی پێوانەکەی دۆزییەوە، لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە سەرجەم هاوکۆلکەکانی برگەکان بەڵگەداری ئاماریان هەبوو لە سەر ئاستی بەڵگەداری (0.05)، وەک لە خشتەی ژمارە (7) دیارە.**

**خشتەی (7)**

**هاوکۆلکەی پەیوەندی نمرەی هەر بڕگەیەک بە کۆی گشتی نمرەکانی پێوانەی ڕەفتاری سەربەخۆیی**

| هاوكۆلكەی پەیوەندی | ژمارەی برگە | هاوكۆلكەی پەیوەندی | ژمارەی برگە |
|---|---|---|---|
| 0.734 | 16 | 0.955 | 1 |
| 0.640 | 17 | 0.654 | 2 |
| 0.786 | 18 | 0.674 | 3 |
| 0.613 | 19 | 0.604 | 4 |
| 0.613 | 20 | 0.645 | 5 |
| 0.579 | 21 | 0.449 | 6 |
| 0.700 | 22 | 0.494 | 7 |
| 0.372 | 23 | 0.711 | 8 |
| 0.655 | 24 | 0.624 | 9 |
| 0.249 | 25 | 0.553 | 10 |
| 0.424 | 26 | 0.612 | 11 |
| 0.651 | 27 | 0.582 | 12 |
| 0.432 | 28 | 0.645 | 13 |
| 0.475 | 29 | 0.709 | 14 |
| 0.499 | 30 | 0.694 | 15 |

## ڕاستگۆی ڕواڵەت

مەبەست لە ڕاستی ڕواڵەتی ئامرازی توێژینەوە، ئایا ئامرازەکە لە ڕووکەش و ڕواڵەتدا تاچەند دیاردەکە دەپێوێت، بۆ ئەو مەبەستەش بڕگە و پرسیارەکان پشانی چەند کەسێکی پسپۆر و شارەزای بوارەکە دەدرێت، بۆ ئەوەی ڕای خۆیان لەسەر یەکە بە یەکەی دەربڕن، بۆدیاریکردنی ڕاستگۆی ڕواڵەتی توێژەر پەنای بردە بەر ڕاوبۆچوونی شارەزایان، بۆ ئەو مەبەستە پێوانەکە خرایە بەردەست(15)شارەزا و پسپۆڕی (ڕێگاکانی وانەوتنەوە و دەروونزانی پەروەردەیی)، هەروەک لەپاشکۆی (2)ڕوونکراوەتەوە،داوایان لێکراوە ڕاو بۆچوونی خۆیان سەبارەت بەگونجاوی بڕگەکان و بژاردەکان دەربڕن وهەرگۆڕانکاریەک پێیان باشە پێشنیازی بکەن دوای کۆکردنەوەی فۆرمەکان،بەپێی بۆچوونی شارەزایان تەنها ئەو بڕگانە مانەوە، کە ڕێژەی ڕێککەوتن لەسەرمانەوەیان، یاخود لابردنیان(90%)بوو،بەم شێوەیەلە کۆی(30)بڕگە سەرجەمیان مانەوە سەرباری بوونی هەندێک تێبینی و چاککردنیان لەلایەن توێژەرەوە و ڕاستی گشتی فۆرمی ڕاوەرگری ڕەفتاری سەربەخۆیی ( 100% ) بوو، هەروەک لە پاشکۆی (9) ڕوونکراونەتەوە.

## ڕاستگۆی وەرگێڕان

بەمەبەستی دیاریکردنی ڕاستگۆی وەرگێڕان پێوانەکە درا بەچەند شارەزایەکی زمانەوانی، پێوانەکە بە جیا درا بە شارەزایەکی زمانی عەرەبی، کە کوردی بە باشی دەزانێت بۆ ئەوەی پێوانەکە وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی، پاشان پێوانە کوردییەکە درا بەشارەزایەکی زمانی عەرەبی، کە کوردی باش دەزانێت بۆ ئەوەی پێوانەکە وەربگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی . دواتر پێوانە عەرەبییە ( ئەسڵییەکە ) لەگەڵ پێوانە عەرەبییە ( وەرگێڕاوەکە ) درا بە پسپۆرێکی دیکە بۆ ئەوەی ڕادەی لەیەکچوونی بڕگەکان دەستنیشان بکات بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی وەرگێڕانەکە و بە لەبەر چاوگرتنی ڕای شارەزاکان بووە هۆی ئەنجامدانی چەند چاکارییەکی زمانەوانی سادە لە هەندێک لە بڕگەکانی پێوەرەکە لەنێوان پێوەرە بنەڕەتییەکە و پێوەرە وەرگێڕاوەکەدا، ئیدی بەم شێوەیە توێژەر دڵنیابۆوە لە ڕاستی وەرگێڕانی ئەو بڕگانەی پێوەرەکە، کە وەریگرتوون.

## جێگیری

توێژەر بۆ دیاریکردنی جێگیری پێوانەکەی چەند ڕێگەیەکی بەکار هێنا وەک:-

## یەکەم:ڕێگەی تاقیکردنەوە ودووبارە تاقیکردنەوە

لەم ڕێگەیەدا ئامرازی توێژینەوەکە، دوو جار بەسەر هەمان سامپڵدا جێبەجێ دەکرێتەوە بەمەرجێک ماوەی زەمەنیان لە(21)ڕۆژ کەمتر نەبێت، دواتر ئەو هاوکۆلکە پەیوەندییەی دەستمان دەکەوێت ڕادەی جێگیری پێوانەکە نیشان دەدات، جێگیری پێوانەکە بەشێوازی(Test-retest) ، بۆجاری یەکەم لەڕێکەوتی (10-12-2021) پێوانەکە بەسەر (40) مامۆستادا جێبەجێکرا، کە بەشێک بوون لەکۆمەڵگەی توێژینەوە، پێک هاتبوون لەڕەگەزی

نێر و مێ، دوای تێپەڕبوونی (20) ڕۆژ لەڕێکەوتی (30-12-2021) دووبارە پێوانەکە لەسەر هەمان نموونە جێبەجێکرایەوە، دواتر پەیوەندی لەنێوان ئەنجامی یەکەم و دووەم لەڕێگەی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن(person) دۆزرایەوە، لەئەنجامدا دەرکەوت بەهای پەیوەندی نێوان ئەنجامدانی یەکەم و دووەم بریتیە لە(0.95)ئەمەش پەیوەندییەکی بەهێزە و ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە جێگیری پێوانەکە بەرزە. هەروەک لە خشتەی(8)ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (8)

هاوکۆلکەی جێگیری بۆ پێوانەی ڕەفتاری سەربەخۆیی

| جێبەجێکردن | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی جێگیری |
|---|---|---|---|
| یەکەم | 127.2000 | 6.63008 | 0.952 |
| دووەم | 124.2500 | 6.24816 | |

## دووەم: ڕێگەی ئەلفا-کرۆنباخ

توێژەر جێگیری پێوانەکەی بەڕێگەی ئەلفا کرۆنباخ دۆزییەوە، کەیەکێکە لەڕێگەکانی دەستنیشانکردنی گونجاندنی ناوەکی، پاش جێبەجێکردنی پێوانەکە بەسەر(40) مامۆستای نموونەی سەرەتایی دەرکەوت،ڕێژەی جێگیری پێوانەکە بریتییە لە(0.915) ئەمەش جێگیریەکی بەرزە.

## تایبەتمەندی پێوانەی ڕەفتاری سەربەخۆیی

توێژەر دوای ئەوەی ڕاستگۆیی وجێگیری بۆ پێوانەی(ڕەفتاری سەربەخۆیی) دیاریکرد، پێوانەکە بەشێوەی کۆتایی(30)بڕگەی مایەوە، بەشێوەیەکی گشتی بڕگەکان ڕوون بوون لەلای مامۆستایانی باخچە و کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوە(6)خولەک بوو، هەروەها بژاردەکانی وەڵامدانەوە لەناوەڕۆکی بڕگەکان بەجۆری پێنج بژاردە داڕێژرابوو، واتە(5)بژاردە لەبەرامبەر بڕگەکان هەیە، کەبریتیین لە(هەمیشە، زۆرجار، هەندێکجار، بەدەگمەن، هەرگیز)، بەهای بژاردەکان بریتیە لە(5،4،3،2،1)بەهەمان ڕیز بەندی بەرامبەر بڕگەنەرێنییەکان نمرەکان پێچەوانە دەبنەوە، واتە بەرزترین نمرەی پێوەرەکە (120) نمرەیە و نزمترین نمرە (24) نمرەیە، هەروەک لە پاشکۆی ژمارە (10) خراوەتەڕوو.

## جێبەجێکردنی ئامرازی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی کۆتایی

دوای دڵنیابوونی توێژەر لە ڕاستی و جێگیری ئامرازەکەی فۆڕمی ڕاپرسییەکەی بەسەر سامپڵی توێژینەوەکەیدا بە شێوەی کۆتایی دابەشکرد، کە پێک هاتبوو لە (250) مامۆستا لە ڕەگەزی نێر و مێ لە باخچەکانی سەر بە هەردوو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانی بۆ پێوەری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری سەربەخۆیی، لەبەرواری (12-1-2022) ، کە پێک هات لە(48) بڕگە بۆ پێوەری ( کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی ) و (30)بڕگە بۆ پێوەری (ڕەفتاری سەربەخۆیی)، دوای پێدانی ڕوونکردنەوە لەلایەن توێژەوە دەربارەی توێژینەوەکە داوای لە مامۆستایان کرد بە وردی و ڕوونی وەڵامی گشت بڕگەکان بدەنەوە، دواتر سەرجەم فۆرمی ڕاپرسیەکانی کۆکردەوە، ئەنجامدانەکە لەبەرواری (10-2-2022)کۆتایی پێهات.

## ئامرازە ئامارییەکان:

سوود لە پڕۆگرامی (SPSS) هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان ڤێرژنی(25) وەرگیراوە بۆ بەکار هێنانی ئەم ئامرازە ئاماریانەی خوارەوە:

1-هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن(معامل الارتباط پيرسون-Person Correlation Coefficient) بۆئەژمارکردنی جێگیری بەڕێگەی دووبارەجێبەجێکردن و ڕاستگۆی بونیادنان و دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان بەکار هات.

2-ئەلفا- کرۆنباخ (Cronbach Alpha) بۆ دۆزینەوەی جێگیری پێوەرەکە.

3-بەکارهێنانی (Independent Sample T-Test) بۆدۆزینەوەی توانای جیاکاری بڕگەکان لەنێوان نمرە بەرز ونزمەکاندا.

4-تاقیکردنەوەی(t)تائی بۆ دوو نموونەی سەربەست(Independent SampleT-Test) تاقیکردنەوەی(t)بۆیەک نموونە(One Sample T-Test).

5-بەکارهێنانی هاوکێشەی ئەنۆڤا(One way ANOVA).

## هاوکێشە ئامارییەکان:

1- تاقیکردنەوەی (t) بۆیەک نموونە (One Sample T-Test).

$$T.test = \frac{\bar{x}+M}{\frac{A}{\sqrt{N}}}$$

2- تاقیکردنەوەی (t) تائی بۆ دوو نموونەی سەربەست (Independent Sample T-Test)

$$T.test = \frac{X_1 + X_2}{\sqrt{\frac{(n_1-1)A_1^2}{n_1+n_2-2} + \frac{(n_2-1)A_2^2}{n_1+n_2-2} * \left(\frac{1}{n_1} + \frac{1}{n_2}\right)}}$$

3- هاوکێشەی ئەنۆڤا (One way ANOVA).

$$SS = \sum (X - X^-)^2 = \sum X^2 - \frac{(\sum X)^2}{N}$$

4- هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (Person Correlation Coefficient)

$$r = \frac{\sum XY - \frac{(\sum x)(\sum y)}{n}}{\sqrt{\left[\!\left[\sum_X 2 - \frac{(\sum X)^2}{n}\right]\!\right] * \left[\!\left[\sum_Y 2 - \frac{(\sum Y)^2}{n}\right]\!\right]}}$$

5- ئەلفا-کرۆنباخ (Alpha Cranach's)

$$A = \left(\frac{K}{K-1}\right) * \left(1 - \frac{\sum_i^k = 1\ S_i^2}{S_t^2}\right)$$

(علام، 2007 : 289)

# بەشی چوارەم

## خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان

# بەشی چوارەم

## خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان

ئەم بەشە تایبەتە بە شیکردنەوەی داتاکان و خستنەڕووی ئەنجامەکان بە گوێرەی ڕیزبەندی ئامانجەکانی توێژینەوە کە لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا دیاری کراوە و ڕاڤەکردنیان .

**ئامانجی یەکەم: زانینی ئاستی کۆنتڕۆڵی کۆمەڵایەتی لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە شاری سلێمانیدا بە شێوەیەکی گشتی.**

دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ یەک نموونە بە بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری (SPSS)، لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە نرخی (t) هەژمارەکراو (182.827) گەورەترە لە نرخی (t) خشتەیی، کە (1.96) بوو بە نمرەی ئازادی (249) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05)، هەروەک لە خشتەی (9) ڕوونکراوەتەوە، واتە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەدیدەکرێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە کۆنتڕۆڵی کۆمەڵایەتی لە ئاستێکی بەرزدایە .

**خشتەی (9)**

**ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی ( یەک نموونە ) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە شاری سلێمانیدا بە شێوەیەکی گشتی بۆ پێوەری کۆنتڕۆڵی کۆمەڵایەتی**

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| 250 | 142.1400 | 12.29263 | 144 | 249 | 182.827 | 1.96 | بەڵگەدارە |

وەک لە خشتەی ژمارە (9) دا دەردەکەوێت، بەهای (t) هەژمارکراو یەکسانە بە (182.827)، بەهای (t) خشتەیی یەکسانە (1.96) و نمرەی ئازاد یەکسانە (249) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە. لەبەر ئەوەی، کە بەهای(t) هەژمارکراو (182.827) گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی (1.96) ، بەم جۆرە دەردەکەوێت، کە ئاستی کۆنتڕۆڵی کۆمەڵایەتی لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان (سامپڵی توێژینەوەکە) بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی بەرزدایە، توێژەر هۆکاری ئەم ئەنجامە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی تاکانی سامپڵی توێژینەوە خاوەنداریێتی ئاڕاستەیەکی پوزەتیڤ دەکەن بەرامبەر چەمکی کۆنتڕۆڵی کۆمەڵایەتی، کە لەبنەڕەتدا خۆی دەبینێتەوە لە خۆگونجاندن لەگەڵ بەها و کلتورەکانی کۆمەڵگە و لا نەدان لە پێوەرە کۆمەڵایەتییە ڕەوشتی و ڕۆشنبیرییەکانی

کۆمەڵگە، لەم ڕوانگەیەوە تاکەکان دەتوانن کاریگەرییەکی ئەرێنی دروست بکەن لە پێناو بەدیهێنانی هاوسەنگی دەروونی کۆمەڵایەتی و گونجان لەگەڵ کۆمەڵگەدا، کەئەمەش هاوتایە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی (الأخرس،2013) (فکرة،2010) (محمد،2001).

**ئامانجی دووەم: أ- زانینی ئاستی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لای مامۆستایانی باخچە (سامپڵی توێژینەوە) بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر و مێ).**

بۆ زانینی ئەم جیاوازییە توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەریی بۆ نمرەکانی ڕەگەزی نێر و مێ لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی دەرهێنا، پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بەپشت بەستن بەبەرنامەی ئاماری (SPSS)، دەرکەوت نرخی بەهای( t )ی ئەژمارکراو یەکسانە بە (1.708) بەنمرەی ئازاد (248)، لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05)، وەک لەخشتەی ژمارە(10) خراوەتەڕوو.

**خشتەی(10)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (t) (دوو نموونە) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی باخچە(سامپڵی توێژینەوە) لەسەر پێوەری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر و مێ)**

| ڕەگەز | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| مێ | 231 | 142.5195 | 12.08874 | 144 | 248 | 1.708 | 1.96 | بەڵگەدار نییە |
| نێر | 19 | 137.5263 | 14.09637 | | | | | |

وەک لەخشتەی ژمارە (10) دا دەردەکەوێت، بەهای(t) هەژمارکراو یەکسانە (1.708) و بەهای خشتەیی یەکسانە(1.96) و نمرەی ئازاد یەکسانە بە(248) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە، لەبەرئەوەی بەهای (t) هەژمارکراو بچوکترە لەبەهای خشتەیی، بەم جۆرەش دەردەکەوێت، کە جیاوازی بەڵگەداری نییە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی ڕەگەزی نێر و مێ لای مامۆستایانی باخچە لەسەر پێوەری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، توێژەر پێی وایە بەشێک لە هۆکارەکەی ئەم ئەنجامە دەگەڕێتەوە بۆ نزیکی و هاوتایی بیرکردنەوە و تیروانینی هەردوو ڕەگەز نێر و مێ لە مامۆستایانی باخچەی منداڵان، کەواتە ڕەگەزی تاکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە هیچ کاریگەری نییە لەسەر پێوەری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، کە ئەمەش هاوشێوەیە لەگەڵ توێژینەوەی (الاخرس،2013).

**ب- بەپێی گۆڕاوی پەروەردە (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا).**

بۆ زانینی ئەم جیاوازییە توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەریی بۆ نمرەکانی پەروەردەی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی دەرهێنا، پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بەپشت بەستن بەبەرنامەی ئاماری (SPSS)، دەرکەوت نرخی بەهای( t )ی هەژمارکراو (2.554) بەنمرەی ئازاد (248)، لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05)، وەک لەخشتەی ژمارە(11) خراوەتەڕوو.

**خشتەی(11)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) (دوو نموونە) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی باخچەی باخچەی منداڵان(سامپڵی توێژینەوە) لەسەر پێوەری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی پەروەردەی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا).**

| بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ڕۆژئاوا | 182 | 140.9396 | 11.82290 | 144 | 248 | 2.554 | 1.96 | بەڵگەدارە |
| ڕۆژهەڵات | 68 | 145.3529 | 13.02210 | | | | | |

وەک لەخشتەی ژمارە (11) دا دەردەکەوێت، بەهای(t) ئەژمارکراو یەکسانە (2.554)و بەهای خشتەیی یەکسانە(1.96) و نمرەی ئازاد یەکسانە بە(248) و لە ئاستی بەڵگەداری(0.05 )دایە، لەبەرئەوەی بەهای (t) هەژمارکراو گەورەترە لەبەهای خشتەیی، بەم جۆرەش دەردەکەوێت، کە جیاوازی بەڵگەداری هەیە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی پەروەردە(ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)، کە لەلای مامۆستایانی پەروەردەی ڕۆژهەڵات لە ئاستێکی بەرزدایە، توێژەر هۆکاری بوونی ئەم جیاوازییە دەگەڕێنێتەوە بۆ جیاوازی تاکایەتی لەلای ئەندامانی سامپڵی توێژینەوەکە، کە خاوەندارێتی تێروانین و بیر و باوەڕی جیاواز دەکەن دەربارەی چەمکی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی هۆکاری بوونی ئەو جیاوازییەش دەتوانرێت بگەڕێندرێتەوە بۆ فاکتەرەکانی ئابووری – کۆمەڵایەتی – ڕۆشنبیری - باری خێزانی- شوێنی جوگرافی .

**ج- بەپێی گۆڕاوی باخچە (حکومی و ناحکومی).**

**بۆ زانینی ئەم جیاوازییە توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەریی بۆ نمرەکانی باخچەی حکومی و ناحکومی لای منداڵانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی دەرهێنا، پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بەپشت بەستن بە بەرنامەی ئاماری (SPSS)، دەرکەوت نرخی بەهای( t )ی هەژمارکراو (1.336) بەنمرەی ئازادی (248)، لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05)، وەک لەخشتەی ژمارە(12) خراوەتەڕوو.**

**خشتەی(12)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) (دوو نموونە) بۆ نمرەکانی باخچەی منداڵان (سامپڵی توێژینەوە) لەسەر پێوەری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی باخچەی (حکومی و ناحکومی)**

| جۆری باخچە | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| حکومی | 176 | 142.812 | 13.155 | 144 | 248 | 1.336 | 1.96 | بەڵگەدار نییە |
| ناحکومی | 74 | 140.540 | 9.841 | | | | | |

**وەک لەخشتەی ژمارە (12) دا دەردەکەوێت، بەهای(t) هەژمارکراو یەکسانە (1.336)و بەهای (t) خشتەیی یەکسانە(1.96) و نمرەی ئازاد یەکسانە بە(248)، و بەهای بەڵگەداری (0.183) و لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە، لەبەرئەوەی بەهای (t) هەژمارکراو بچوکترە لەبەهای خشتەیی، بەم جۆرەش دەردەکەوێت، کە جیاوازی بەڵگەداری نییە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی حکومی و ناحکومی لای مامۆستایانی باخچە لەسەر پێوەری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی باخچەی (حکومی و ناحکومی)، توێژەر هۆکاری نەبوونی ئەو جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ نزیکی ئاستی بیرکردنەوەی مامۆستایان و تێڕوانینیان بۆ پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان .**

د- بەپێی گۆڕاوی بڕوانامەی (دبلۆم - بەکالۆریۆس).

بۆ زانینی ئەم جیاوازییە توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەریی بۆ نمرەکانی بڕوانامەی (دبلۆم-بەکالۆریۆس) لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی دەرهێنا، پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بەپشت بەستن بەبەرنامەی ئاماری (SPSS)، دەرکەوت نرخی بەهای( t )ی هەژمارکراو یەکسانە بە (2.222) بەنمرەی ئازاد (248)، لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05)،وەک لەخشتەی ژمارە(13) خراوەتەڕوو.

**خشتەی(13)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) (دوو نموونە) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی باخچەی منداڵان(سامپڵی توێژینەوە) لەسەر پێوەری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی بڕوانامەی (دبلۆم-بەکالۆریۆس).**

| بڕوانامە | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| دبلۆم | 178 | 143.2303 | 12.09042 | 144 | 248 | 2.222 | 1.96 | بەڵگەدارە |
| بەکالۆریۆس | 72 | 139.4444 | 12.45713 | | | | | |

وەک لەخشتەی ژمارە (13) دا دەردەکەوێت، بەهای(t) هەژمارکراو یەکسانە (2.222) و بەهای (t) خشتەیی یەکسانە(1.96) و نمرەی ئازاد یەکسانە بە(248) و لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە، لەبەرئەوەی بەهای (t) هەژمارکراو گەورەترە لەبەهای خشتەیی، بەم جۆرەش دەردەکەوێت، کە جیاوازی بەڵگەداری هەیە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە (دبلۆم - بەکالۆریۆس)، کە لەلای هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆم لە ئاستێکی بەرزتردایە، بە بڕوای توێژەر بەشێک لە هۆکاری بوونی ئەم جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە ئەو ئەندامانەی سامپڵی توێژینەوە، کە خاوەنی بڕوانامەی دبلۆمن خاوەنداریێتی ئاستێکی بەرزتری ئەزموونکردنی ژیانن لە چوارچێوەی بەهاو ژینگەی کۆمەڵایەتیدا بە بەراورد بەو مامۆستایانەی خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسن، هەروەها زیاتر یەکانگیرن لەگەڵ بەها و داب و نەریت و کلتورە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە، کە دەکرێت بەشێک لە هۆکاری بوونی ئەم جیاوازییە بگەڕێندرێتەوە بۆ فاکتەری تەمەنی ئەندامانی سامپڵی توێژینەوەکە.

## ە- بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت.

بۆ زانینی جیاوازی نمرەکانی مامۆستایانی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت لەسەر پێوەری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، توێژەر شیکاری جیاوازی یەک ئاڕاستە (تحليل التباين الاحادى) (one way anova) بەکارهێنا. بەپشت بەستن بە بەرنامەی ئاماری (SPSS)، کە ئەنجامەکەی لەخشتەی ژمارە (14) خراوەتەڕوو.

**خشتەی(14)**

**ئەنجامی شیکاری یەک ئاڕاستە (ANOVA) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت.**

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی ناوەندی ژمێرەیی | نمرەی ئازادی | دووجای ناوەندی ژمێرەیی | بەهای فائی F | بەهای بەڵگەداری Sig | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لە نێوان کۆمەڵەکاندا | 148.560 | 2 | 74.280 | 0.490 | 0.613 | بەڵگەدار نییە |
| لە ناو گروپەکاندا | 37477.540 | 247 | 151.731 | | | |
| کۆی گشتی | 37626.100 | 249 | | | | |

وەک لە خشتەی ژمارە (14) دا دەردەکەوێت، بەهای (f)( 0.490) و بەهای بەڵگەداری (0.613)، بەنمرەی ئازاد (247) و لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە . لەبەرئەوەی بەهای بەڵگەداری (0.613)گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداری بەم شێوەیە دەردەکەوێت، کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی ساڵانی خزمەت لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت. کەواتە ساڵانی خزمەتی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە هیچ کاریگەری نەبووە لەسەر پێوەری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، بەڕای توێژەر هۆکاری نەبوونی جیاوازی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە تاکەکانی سامپڵی توێژینەوە ساڵانی خزمەتی پیشەییان هەرچەند بێت جیاوازی دروست نەکردووە لە تێڕوانینەکانیان دەربارەم کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و ڕەنگە هۆکاری ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ نزیکی ژمارەی ساڵانی خزمەتی تاکەکانی سامپڵ، یاخود جیاکردنەوەی ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکانی بەدەر لە چوارچێوەی پیشە، ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی ژیانی تاک، کە پێویستە تیایاندا ڕەچاوی نەریت و بیروباوەڕە کۆمەڵایەتیە باوەکان بکرێت، لەبەر ئەم هۆکارانە جیاوازی ساڵانی خزمەت نەبۆتە هۆی دروستکردنی جیاوازی بۆ کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی،کە ئەمەش هاوشێوەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (الاخرس،2013).

**ئامانجی سێ یەم: زانینی ئاستی ڕەفتاری سەربەخۆیی لای منداڵان لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەی منداڵانەوە لە شاری سلێمانیدا بە شێوەیەکی گشتی.**

**دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ یەک نموونە بە بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری (SPSS) ، لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە نرخی (t) هەژمارکراو (112.320) گەورەترە لە نرخی (t) خشتەیی، کە (1.96) بوو بە نمرەی ئازادی (249) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05)، هەروەک لە خشتەی (15) ڕوونکراوەتەوە، واتە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەدیدەکرێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە ڕەفتاری سەربەخۆیی لای منداڵان لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەی منداڵانەوە لە ئاستێکی بەرزدایە.**

**خشتەی (15)**

**ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی ( یەک نموونە ) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە شاری سلێمانیدا بە شێوەیەکی گشتی بۆ پێوەری ڕەفتاری سەربەخۆیی**

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| 250 | 101.1880 | 14.24431 | 90 | 249 | 112.320 | 1.96 | بەڵگەدارە |

**وەک لە خشتەی ژمارە (15) دا دەردەکەوێت، بەهای (t) هەژمارکراو یەکسانە بە (112.320)، بەهای (t) خشتەیی یەکسانە (1.96) و نمرەی ئازاد یەکسانە (249) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە . لەبەر ئەوەی بەهای (t) هەژمارکراو(112.320) گەورەترە لە بەهای (t)خشتەیی (1.96)، بەم جۆرە دەردەکەوێت، کە ڕەفتاری سەربەخۆیی لای منداڵان لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەی منداڵانەوە (سامپڵی توێژینەوەکە) بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی بەرزدایە، توێژەر هۆکاری ئەم ئەنجامە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی، کە لەسەردەمی نوێ و پەروەردەی هاوچەرخدا ڕۆشنبیرییەکی فراوان دەربارەی قۆناغی منداڵی و گرنگی کاریگەری لەسەر کەسایەتی تاک لە داهاتوودا لەسەر ژیانی خودی تاک خۆی و کۆمەڵگە هەیە، لەبەر ئەم هۆکارانە بایەخێکی یەکجار زۆر و گرنگ دەدرێت بە پەروەردەکردنی منداڵان لە سەرجەم بوارەکانی ( دەروونی – کۆمەڵایەتی – هزری - جەستەیی)، چ لە خێزاندا، وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی، چ لە دامەزراوە فەرمییە پەروەردەییەکان، کە بەیەکەوە کاردەکەن بۆ فەراهەمکردنی ژینگەیەکی لەبار، سەرجەم ئەم فاکتەرانە کاردەکەن بۆ گەشەپیدانی منداڵ و گرنگیدان بە لایەنەکانی گەشەکردنیان، بێگومان، کە کەسایەتیش بەشێکە لێیان. بوونی ڕەفتاری سەربەخۆیی لای منداڵان ئاماژەیە بۆ گەشەی هاوسەنگ و باش گەشەکردن لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، ڕەفتاری سەربەخۆییش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە تاک توانای ڕاپەراندنی ئەرک و کارەکانی هەبێت لە ڕێگەی خودی خۆییەوە و خاوەندارێتی کیانێکی سەربەخۆ و ئازاد بکات، کە توانای بڕیاردان و هەڵگرتنی بەرپرسیارییەتی هەبێت، ئەم ئەنجامەش هاوشێوەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (عبدالمقصود، 1994).**

**ئامانجی چوارەم: أ- زانینی ئاستی ڕەفتاری سەربەخۆیی لای منداڵان لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەی منداڵانەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی منداڵ (نێر و مێ).**

بۆ زانینی ئەم جیاوازییە توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەریی بۆ نمرەکانی ڕەگەزی نێر و مێ لای منداڵانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری ڕەفتاری سەربەخۆ دەرهێنا، پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بەپشت بەستن بەبەرنامەی ئاماری (SPSS)، دەرکەوت نرخی بەهای( t )ی ئەژمارکراو یەکسانە بە (1.247) بەنمرەی ئازادی (248)، لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05)، وەک لەخشتەی ژمارە(16) خراوەتەڕوو.

**خشتەی(16)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) (دوو نموونە) بۆ نمرەکانی منداڵان (سامپڵی توێژینەوە) لەسەر پێوەری کۆنترۆلی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ).**

| ڕەگەزی منداڵ | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| مێ | 133 | 102.2406 | 14.14382 | 90 | 248 | 1.247 | 1.96 | بەڵگەدار نییە |
| نێر | 117 | 99.9915 | 14.32414 | | | | | |

وەک لەخشتەی ژمارە (16) دا دەردەکەوێت، بەهای(t) هەژمارکراو یەکسانە (1.247) و بەهای خشتەیی(t) یەکسانە(1.96) نمرەی ئازاد یەکسانە بە(248) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە، لەبەرئەوەی بەهای (t) هەژمارکراو بچوکترە لەبەهای خشتەیی، بەم جۆرەش دەردەکەوێت، کە جیاوازی بەڵگەداری نییە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی ڕەگەزی منداڵ نێر و مێ لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەوە بۆ پێوەری ڕەفتاری سەربەخۆ بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، توێژەر پێی وایە بەشێک لەهۆکارەکەی ئەم ئەنجامەش دەگەڕێتەوە بۆ بەرەوپێشچوون و ئاستی بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە دەربارەی پەروەردەکردنی منداڵەکانیان بەبێ جیاوازیکردن لە نێوانیاندا بە پێی ڕەگەز، بەڵکو ڕەخساندنی هەمان ژینگە و پەروەردە و ماف و پێویستی و گرنگیپێدان و دەرفەتی خوێندن و ئەزموونکردن، کە لە پێشتردا و بە پێی تێڕوانینە باوەکان زیاتر سەربەخۆیی دەدرا بە ڕەگەزی نێر، بەڵام لە ڕێگەی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەوە گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی، کە لە ئێستادا ڕەگەز کاریگەری نییە لە دروستکردنی جیاوازی لە پێدانی سەربەخۆیی بە منداڵ بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی و فێرکردن و ڕاهێنانیان بۆ پشت بەستن بە خودی خۆیان و متمانە بەخۆبوون و هەست کردن بە بەرپرسیارییەتی، کەواتە ڕەگەزی تاکەکانی سامپڵی

توێژینەوەکە هیچ کاریگەری نییە لەسەر پێوەری ڕەفتاری سەربەخۆیی، کە ئەم ئەنجامەش هاوشێوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی (بدر،2010)(حسونة،1995)(عبدالمقصود،1994).

**ب- بەپێی گۆڕاوی پەروەردە (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا).**

بۆ زانینی ئەم جیاوازییە توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەریی بۆ نمرەکانی پەروەردەی(ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) لای مامۆستایانی باخچە لەسەر پێوەری ڕەفتاری سەربەخۆ دەرهێنا، پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بە پشت بەستن بەبەرنامەی ئاماری (SPSS)، دەرکەوت نرخی بەهای( t )ی هەژمارکراو یەکسانە بە (0.990) بەنمرەی ئازادی (248)، لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05)، وەک لەخشتەی ژمارە(17) خراوەتەڕوو.

**خشتەی(17)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) (دوو نموونە) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی باخچەی منداڵان (سامپڵی توێژینەوە) لەسەر پێوەری ڕەفتاری سەربەخۆ بەپێی گۆڕاوی پەروەردە (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا).**

| بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ئازادی | بەهای تائی: هەژمارکراو | بەهای تائی: خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆژئاوا | 182 | 100.642 | 13.6000 | 90 | 248 | 0.990 | 1.96 | بەڵگەدارنییە |
| ڕۆژهەڵات | 68 | 102.647 | 15.8564 | | | | | |

وەک لەخشتەی ژمارە (17) دا دەردەکەوێت، بەهای (t) هەژمارکراو یەکسانە (0.990)، بەهای (t) خشتەیی یەکسانە(1.96) و نمرەی ئازاد یەکسانە بە(248) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە، لەبەرئەوەی بەهای (t) هەژمارکراو بچوکترە لەبەهای خشتەیی، بەم جۆرەش دەردەکەوێت، کە جیاوازی بەڵگەداری نییە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی منداڵان لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەی منداڵانەوە بۆ پێوەری ڕەفتاری سەربەخۆیی بە پێی گۆڕاوی پەروەردەی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)، بە ڕای توێژەر هۆکاری ئەم ئەنجامە دەگەڕێتەوە بۆ نزیکی پەروەردەکردن و بیرکردنەوەی خێزانەکان و دامەزراوە فێرکارییە فەرمییەکان لە سەرجەم ناوچە و گەڕەکەکانی شاردا. هەروەها دەبینین جیاوازی شوێنی نیشتەجێبوون و جیاوازی نێوان پەروەردەکان و باخچەکان و خێزانەکان نەبۆتە هۆی دروستکردنی جیاوازی لە بوونی سەربەخۆیی لای منداڵان لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەوە .

ج- بەپێی گۆڕاوی جۆری باخچە (حکومی و ناحکومی).

بۆ زانینی ئەم جیاوازییە توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەریی بۆ نمرەکانی باخچەی حکومی و ناحکومی لای منداڵانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری ڕەفتاری سەربەخۆ دەرهێنا، پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بەپشت بەستن بە بەرنامەی ئاماری (SPSS)، دەرکەوت بەهای( t )ی هەژمارکراو یەکسانە بە (0.456) بنمرەی ئازاد (248)، لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05)، وەک لەخشتەی ژمارە(18) خراوەتەڕوو.

**خشتەی(18)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) (دوو نموونە) بۆ نمرەکانی باخچەی منداڵان (سامپڵی توێژینەوە) لەسەر پێوەری ڕەفتاری سەربەخۆ بەپێی گۆڕاوی باخچە (حکومی و ناحکومی) .**

| جۆری باخچە | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری 0،05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| حکومی | 176 | 101.4545 | 14.47592 | 90 | 248 | 0.456 | 1.96 | بەڵگەدار نییە |
| ناحکومی | 74 | 100.5541 | 13.75335 | | | | | |

وەک لەخشتەی ژمارە (18) دا دەردەکەوێت، بەهای(t) هەژمارکراو یەکسانە (0.456) و بەهای (t) خشتەیی یەکسانە بە (1.96) و نمرەی ئازاد یەکسانە بە(248)، لە ئاستی بەڵگەداری(0.05) دایە، لەبەرئەوەی بەهای (t) هەژمارکراو بچوکترە لەبەهای (t) خشتەیی،بەم جۆرەش دەردەکەوێت، کە جیاوازی بەڵگەداری نییە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی باخچە حکومی و ناحکومییەکاندا لای منداڵان لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەوە بۆ پێوەری ڕەفتاری سەربەخۆ بەپێی گۆڕاوی باخچەی (حکومی و ناحکومی)، توێژەر هۆکاری نەبوونی جیاوازی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی لە باخچە حکومییەکانیشدا پەیڕەوی پرۆگرام و شێوازی چالاکی زانستی و ڕوژێنەر، کە دەکرێت هاندەرن بن بۆ گەشەپێدانی منداڵان لەسەرجەم لایەنەکانەوە و ڕەفتاری سەربەخۆییش لە ناویاندا و مامۆستایانیش ڕۆڵێکی چالاک و کاریگەریان هەیە و لە هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجە فێرکارییەکاندان، کە خۆیان دەبیننەوە لە گەشەپێدانێکی هاوسەنگی هەمەلایەندا، ئەم ئەنجامەش پێچەوانەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (عبدالمقصود،1994).

**د- بەپێی گۆڕاوی بڕوانامەی (دبلۆم-بەکالۆریۆس).**

بۆ زانینی ئەم جیاوازییە توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەریی بۆ نمرەکانی بڕوانامەی (دبلۆم-بەکالۆریۆس) لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری ڕەفتاری سەربەخۆ دەرهێنا، پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بەپشت بەستن بە بەرنامەی ئاماری (SPSS)، دەرکەوت نرخی بەهای( t )ی هەژمارکراو یەکسانە بە (0.485) بە نمرەی ئازاد (248)، لە ئاستی بەڵگەداری (0.05)، وەک لەخشتەی ژمارە(19) خراوەتەڕوو.

**خشتەی(19)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) (دوو نموونە) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی باخچەی منداڵان(سامپڵی توێژینەوە) لەسەر پێوەری ڕەفتاری سەربەخۆ بەپێی گۆڕاوی بڕوانامەی (دبلۆم-بەکالۆریۆس).**

| بڕوانامە | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| دبلۆم | 178 | 101.4663 | 14.29082 | 90 | 248 | 0.485 | 1.96 | بەڵگەدار نییە |
| بەکالۆریۆس | 72 | 100.5000 | 14.20474 | | | | | |

وەک لەخشتەی ژمارە (19) دا دەردەکەوێت، بەهای(t) هەژمارکراو یەکسانە بە (0.485) و بەهای (t) خشتەیی یەکسانە بە(1.96) و نمرەی ئازاد یەکسانە بە(248) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە، لەبەرئەوەی بەهای (t) هەژمارکراو بچووکترە لەبەهای (t) خشتەیی، بەم جۆرەش دەردەکەوێت، کە جیاوازی بەڵگەداری نییە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری ڕەفتاری سەربەخۆ بە بەپێی گۆڕاوی بڕوانامەی مامۆستا(دبلۆم - بەکالۆریۆس)، بە ڕای توێژەر هۆکاری ئەم ئەنجامە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە مامۆستایان خاوەنی بڕوانامەی دبلۆم بن، یاخود بەکالۆریۆس جیاوازی نییە لە نێوانیاندا لە تێبینیکردنی ڕەفتاری منداڵەکان لە باخچەدا و بە وردی تێبینی ڕەفتارەکانیان دەکەن بۆ زیاتر ناسینیان و ئاشنابوون بە کەسایەتییان و تێگەیشتن لە پێویستییەکانیان لە قۆناغە جیاوازەکانی گەشەکردنیاندا، ئەمەش ئاماژەیە بۆ دڵسۆزی مامۆستایان لە پیشەکەیان و بەدیهێنانی ئامانجە فێرکارییە پەروەردەییەکاندا، ئەم ئەنجامەش پێچەوانەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (عبدالمقصود،1994).

**ە- بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت.**

**بۆ زانینی جیاوازی نمرەکانی مامۆستایانی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوەی ساڵانی خزمەت لەسەر پێوەری ڕەفتاری سەربەخۆیی، تـوێژەر شیکاری جیـاوازی یەک ئاڕاستە (تحلیل التبـاین الاحـادی) (ONE WAY ANOVA) بەکارهێنا. بەپشت بەستن بە بەرنامەی ئاماری (SPSS) کەئەنجامەکەی لەخشتەی ژمارە (20) خراوەتەڕوو.**

**خشتەی(20)**

**ئەنجامی شیکاری یەک ئاڕاستە (ANOVA) بۆ نمرەکانی مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەسەر پێوەری ڕەفتاری سەربەخۆ بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت.**

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی ناوەندی ژمێرەیی | نمرەی ئازادی | دووجای ناوەندی ژمێرەیی | بەهای فائی F | بەهای بەڵگەداری Sig | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لە نێوان کۆمەڵەکاندا | 25.194 | 2 | 12.597 | 0.260 | 0.940 | بەڵگەدار نییە |
| لە ناو گرووپەکاندا | 50496.970 | 247 | 204.441 | | | |
| کۆی گشتی | 50522.164 | 249 | | | | |

**وەک لە خشـتەی ژمـارە (20) دا دەردەکەوێـت، بەهـای (f)( 0.260)ە و بەهـای بەڵـگەداری (0.940)ە، بە نمرەی ئازادی (247) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە. لەبەرئەوەی بەهای بەڵگەداری (0.940) گەورەتـرە لە ئاستی بەڵگەداری، بەم شێوەیە دەردەکەوێت، کە جیـاوازی بەڵـگەداری ئامـاری نییە لەنێوان ناوەنـدی ژمێرەیـی نمرەکـانی سـاڵانی خزمەت لای مامۆستایانی بـاخچەی منـداڵان لەسەر پێـوەری ڕەفتـاری سـەربەخۆ بەپێـی گـۆڕاوی ساڵانی خزمەت. کەواتە ساڵانی خزمەتی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە هیچ کـاریگەری نەبـووە لەسەر پێـوەری ڕەفتاری سەربەخۆیی، توێژەر پێی وایە، کە نەبوونی جیاوازی لە ئەنجامەکاندا بە پێی سـاڵانی خزمەتـی پیشـەیی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە مامۆستایان خاوەنی هەر چەندێک خزمەت بن، ئاشنان بە کارەکانیـان، وەک مامۆسـتا و ئەرکەکانیان لە باخچەدا و بەرامبەر بە منداڵ، لەبەر ئەم هۆکارەیە، کە تێبینـی ڕەفتـاری منداڵەکانیان بە وردی کردووە لە باخچەدا، کە لە وەڵامدانەوەکانیاندا بۆ بڕگەکـانی پێـوەری ئـامرازی تـوێژینەوەکە بەدیدەکرێت بە بێ جیـاوازی لە سـاڵانی خزمەتیانـدا و لەسـەر بنەمـای تێبینیکردنەکـانی ئەوان گەیشـتوونەتە ئەو دەرئەنجـامەی، کە ڕەفتاری سەربەخۆیی لەی منداڵان بوونی هەیە.**

**ئامانجی پێنجەم: زانینی پەیوەندی نێوان کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری سەربەخۆیی منداڵان لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەوە لە شاری سلێمانیدا.**

**بەمەبەستی زانینی سروشتی پەیوەندی لەنیوان کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری سەربەخۆیی لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان، توێژەر هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (معامل ارتباط بيرسون)بەکارهێنا، بە پشت بەستن بە بەرنامەی ئاماری (SPSS)، لە ئاستی بەڵگەداری (0.01)، وەک لەخشتەی (21) ڕوونکراوەتەوە.**

**خشتەی(21)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دۆزینەوەی ئاستی بەڵگەداری لەنرخی هاوکۆلکەی پەیوەندی لەنێوان کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری سەربەخۆیی.**

| گۆڕاوەکان | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای هاوکۆلکەی پەیوەندی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی | 250 | 142.1400 | 12.29263 | 0.84 | 35.935 | 1.96 | بەڵگەدارە |
| ڕەفتاری سەربەخۆیی | | 101.1880 | 14.24431 | | | | |

**لە خشتەی(21)دا دەردەکەوێت، پەیوەندی نێوان کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری سەربەخۆیی لای منداڵان لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەوە بەپێی هاوکۆلکەی پێرسۆن (0.84) ە، کەواتە پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لە نێوانیاندا هەیە، لەمەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی، کە هەریەک لە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری سەربەخۆیی لە ئاستێکی بەرزدان و پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لە نێوانیاندایە، پێچەوانەی ئەو بۆچوونە باوەی کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە تا ئاستی کۆنترۆڵ بەرز بێت تاک ناتوانێت سەربەخۆ بێت و پشت بەستوو و گۆشەگیرتر دەبێت و سەرکەوتوو نابێت لە ژیانی کۆمەڵایەتی و دروستکردنی کارلێکردنی ئەرێنی و بەدیهێنانی هاوسەنگیدا، بەڵام بە پێی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەگەینە ئەو باوەڕەی، کە دەکرێت کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی تا ئاستێکی بەرز پەیڕەو بکرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا تاک خاوەنداری ڕەفتاری سەربەخۆییش بکات ئەگەر بەشێوازێکی دروست پەیڕەوی شێوازەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بکرێت و لەهەمانکاتدا چالاکی و ووژێنەرەکانی بەهێزکردنی ڕەفتاری سەربەخۆیی گرنگی پێبدرێت.**

## دەرئەنجامەکان

**لە کۆتایدا توێژینەوەکە گەیشتە ئەم دەرنجامانەی لای خوارەوە :-**

**1-ئاستی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لای مامۆستایانی باخچە بە شێوەیەکی گشتی لەئاستێکی بەرز دایە.**

**2- آ- نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەئاستی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لای مامۆستایانی باخچە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ).**

**ب-بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەئاستی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لای مامۆستایانی باخچە بەپێی گۆڕاوی پەروەردە(ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا)، کە لەلای مامۆستایانی پەروەردەی ڕۆژهەڵات لە ئاستێکی بەرزدایە.**

**ج-نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەئاستی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لای مامۆستایانی باخچە بەپێی گۆڕاوی باخچە(حکومی و ناحکومی).**

**د-بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەئاستی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لای مامۆستایانی باخچە بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە(دبلۆم - بەکالۆریۆس)، کە لەلای مامۆستایانی هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم لەئاستێکی بەرزدایە.**

**ە-نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەئاستی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لای مامۆستایانی باخچە بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت(0-9)(10-19)(20-29).**

**3-ئاستی ڕەفتاری سەربەخۆیی لای منداڵان لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەوە لە شاری سلێمانیدا بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی بەرزدایە.**

**4-نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەئاستی ڕەفتاری سەربەخۆیی لای منداڵان لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەوە بەپێی گۆڕاوەکانی : آ- ڕەگەزی منداڵ (نێر و مێ) ، ب- پەروەردەی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) ، ج- جۆری باخچە (حکومی و ناحکومی) ، د- بڕوانامە (دبلۆم - بەکالۆریۆس) ، ە- ساڵانی خزمەت (0-9)(10-19)(20-29).**

**5-پەیوەندی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەنێوان کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری سەربەخۆیی لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچەوە لە شاری سلێمانیدا، پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لە نێوانیاندا هەیە.**

# ڕاسپاردەکان

1-زۆر گرنگە دامەزراوە پەروەردەییەکان هاوشانی خێزان بن لە پێکهێنانی پەروەردەیەکی تەندروستی نەوەکان لە ڕێگەی گرتنە بەری سیاسەتێکی زانستی یەکانگیری سەرکەوتوو بە هاوکاری خێزان لە سنووری پەروەردەدیدا.

2-ڕاسپاردنی وەزارەتی پەروەردە بۆ ڕەچاوکردنی چەند خاڵێک لە کاتی دانانی پڕۆگرامەکانی باخچەی منداڵان، کە لە ناوەڕۆکدا زیاتر جەخت بکرێتەوە لەسەر ئەو لێهاتوویی و چالاکی و شارەزاییانەی، کە پەرە بە ڕەفتاری سەربەخۆیی منداڵان دەدەن لە سنووری لێهاتووییە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکاندا.

3-ڕەچاوکردنی بڕوانامە و پسپۆڕی زانستی بۆ وتنەوەی وانە لە باخچەکاندا، کە زیاتر ئاشنان بە تایبەتمەندییەکانی قۆناغی منداڵی و چۆنییەتی گەشەپێدانێکی هەمەلایەن بۆ پێکهێنانی کەسایەتییەکی هاوسەنگ و بەکارهێنانی باشترین ئامرازە فێرکارییە پەروەردەییەکان، کە دەکرێت گرنگی بەم بابەتە بدرێت لەسەر ئاستە باڵاکان و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەرچووانی بەشی باخچەی منداڵان لە باخچەکاندا، هاوکات کردنەوەی خولی هوشیاری و ڕۆشنبیری بۆ مامۆستایان لەسەرجەم ئاستەکاندا بەبێ جیاوازی بڕوانامە لەلایەن سەرپەرشتیارانی پەروەردەییەوە.

4-زیاتر ئاشانکردنی مامۆستایان بە شێوازەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵان و زیادکردنی هوشیارییان دەربارەی شێوازەکانی پاداشت کردن و سزادانی منداڵ و جیاکردنەوەیان بە شێوەیەکی زانستی و پەروەردەیی، هەروەها زانینی جۆر و کات و شێوازی بەکارهێنانیان.

5-هاندانی منداڵان بۆ بەشداریکردن لەو چالاکی و شارەزاییانەی پاڵپشتی ڕەفتاری سەربەخۆیی دەکەن و ئەنجامدانی ئەو چالاکی و کێبڕکێیانەی لە چوارچێوەی ڕەفتاری سەربەخۆیی دان.

6-پێدانی زانیاری و ڕۆشنبیرکردنی مامۆستایان لەسەر گرنگی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی هۆکار و ئامرازە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندنەوە.

7-ناساندنی بەهاکان بە منداڵ بەشێوەی ناڕاستەوخۆ لەڕێگەی چیرۆک و یاری و دەربڕینی ئازادەو .

8-گرنگی بدرێ بە دامەزراندنی مامۆستایانی خاوەن پسپۆڕی لە دایەنگەکاندا.

## پێشنیازەکان

1-ئەنجامدانی توێژینەوەیەک، کە ڕەفتاری سەربەخۆیی ببەستێتەوە بە گۆڕاوەکانی دیکە وەک گونجانی کۆمەڵایەتی و کارلێکی کۆمەڵایەتی.

2-ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی بەراوردکاری ڕەفتاری سەربەخۆیی لای منداڵان بە پێی گۆڕاوی ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتی.

3-ئەنجامدانی توێژینەوەی شێوازەکانی مامەڵەکردنی مامۆستایان لەگەڵ منداڵان و کاریگەری لەسەر گەشەپێدانی سەربەخۆیی لای منداڵانی باخچە.

4-توێژینەوەی کاریگەری یاری کێبڕکێکردن لە گەشەپێدانی ڕەفتاری سەربەخۆیی لای منداڵانی باخچە .

5-ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی بەراوردکاری لەسەر کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لە نێوان کۆنترۆڵی دەرەکی و کۆنترۆڵی ناوەکیدا.

6-ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی بەراوردکاری شێوازەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لە نێوان مامۆستایانی باخچە و مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی.

7-پەیوەندی نێوان مامۆستای باخچە و منداڵ لە شێوازەکانی وانەوتنەوە و مامەڵەکردنی لە چۆنییەتی بەدیهێنانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیدا.

8-ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بە شێوازەکانی بیرکردنەوە لە لای (مامۆستایانی باخچەی منداڵان-خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان).

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەکان بە زمانی کوردی


- بۆکانی، سابیر (2016) : میتۆدی توێژینەوەی زانستی،چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا-سلێمانی .
- بۆکانی، سابیر (2020) : ئینساکلۆپیدیای زانستە دەروونییەکان،چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا-سلێمانی .
- صایغ، لیلی (2006) : ڕابەری مامۆستایانی باخچەی ساوایان، وەزارەتی پەروەردە.
- صایغ، لیلی (2014) : ڕابەری مامۆستای باخچەی ساوایان، وەگێڕانی وەزارەتی پەروەردە، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە -سلێمانی.
- العواملة، حابس ، مزاهرة، أیمن (2008) : دەروونناسیی منداڵ، وەرگێڕانی اسماعیل معروف، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک .
- عەزیز، عزالدین (2014) : بنەماکانی دەرونزانی گشتی، چاپی پێنجەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر.
- عەلی، ئازاد (2007) : دەرونزانی گشتی،چاپی یەکەم، چاپخانەی نەهرۆ.
- مصطفی، یوسف حمە صالح (2019) : کەسایەتی و سروشتی مرۆڤ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر.


## سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی

### کتێبەکان :


- ابراهیم، أ . أكرم نشأت (2009) : علم الأجتماع الجنائي، ط1، دارالثقافة للنشر و التوزيع، عمان-الأردن.
- أبو العبد، عاطف (2008) : كيف تدرب طفلك على تحمل المسئولية، دار جداول للنشر و التوزيع - الرياض .

- ابوالغفار، ابراهيم (1985) : علم الاجتماع القانوني والضبط الاجتماعي، مكتبة الشرق- القاهرة.
- ابوعلام، رجاء محمود (2006) : مناهج البحث في العلوم النفسية و التربوية،ط1، دار النشر للجامعات-مصر .
- ادلر، ألفرد (2005) : معنى الحياة، ترجمة عادل بشرى، المجلس الأعلى للثقافة- القاهرة.
- اينون، دروثى (2000) : دليل التعلم المبكر، ترجمة مركز التعريب و الترجمة،ط1، دار العربية للعلوم- عمان.
- البدر، سهام محمد (2010) : مدخل الى رياض الاطفال، ط2، دار الفكر- عمان.
- البدري، طارق عبدالحميد ( 2003 ) : ادارة و دور الحضانة و رياض الاطفال، ط1، عمان.
- الريماوي، محمد عودة (2003) : علم نفس الطفل، دار الشروق للنشر والتوزيع، ط1، عمان.
- الجمال، محمد ماهر (2012) : الأبعاد الأجتماعية في أصول التربية، مكتبة النهضة المصرية- القاهرة.
- الخشاب، سامية مصطفى (1986) : شاهد على الاسرة المصرية المعاصرة- القاهرة.
- الخطيب، سلوى عبدالحميد (2002) : نظرة في علم الأجتماع المعاصر، مطبعة نيل،جامعة الملك سعود.
- الخواجا، عبدالفتاح محمد سعيد (2002) : الارشاد النفسي والتربوي بين النظرية والتطبيق (مسؤوليات وواجبات دليل الاباء والمرشدين)، الدار العلمية الدولية- عمان.
- السالم، خالد بن عبدالرحمن (2000) : الضبط الاجتماعي و التماسک الاسري،دار النهضة- الرياض .
- السالم، خالد بن عبدالرحمن (2000) : نظرية الضبط الاجتماعي في الاسلام، ط1، الرياض.
- السمالوطي، نبيل محمد (1974) : البناء النظري اعلم الأجتماع، دار الكتب الجامعية- الأسكندرية.
- السيد، سميره احمد (1998) : علم اجتماع التربية، ط 3 ، دار الفكر العربي، القاهرة- مصر .
- العسل، ابراهيم (2011) : الأسس النظرية و الأساليب التطبيقية في علم الأجتماع، ط2، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات- لبنان.
- العمر، معن خليل (2007) : الضبط الاجتماعي، دار الشروق، ط 1، الأردن.

- العناني، حنان عبد الحميد (1997) : الصحة النفسية للطفل، ط 3، دار الفكر- عمان.
- القاضي، يوسف مصطفى (1981) : الارشاد النفسي والتوجيه التربوي، ط 1، دار المريخ- الرياض.
- القريشى، غنى ناصر (2011) : الضبط الاجتماعى،دار الصفاء- عمان.
- الناشف، هدى (1995) : رياض الأطفال، ط 2، دار الفكر العربي- القاهرة.
- بطرس، أ .د بطرس حافظ (2010) : تعديل و بناء سلوك الأبناء، ط1، دار السميرة- عمان.
- جابر، سامية محمد (1984) : القانون والضوابط العرفية، دار المعرفة الجامعية- الاسكندرية.
- جبارة، عطية (2012) : المشكلات الأجتماعية التربوية تشخيص-علاج-وقاية، دار المعرفة الجامعية- الأسكندرية.
- جرجس، اسماء و اخرون (2016) : مفاهيم الاساسية فى رياض الاطفال،ط1، دار الاعصار العلمى- دمشق.
- جورارد، سيدني وتيد لندزمن (1988) : الشخصية السليمة، ترجمة الدكتورحمدلي الكربولي، د. موفق الحمداني، مطبعة التعليم العالي- بغداد.
- حداد، جورجيت (2003) : التفتح النفسي الحركي عند الطفل، عويدات للنشر و التوزيع و الطباعة- لبنان.
- حوالة، سهير محمد (2003) : مباديء أساسية في اجتماعيات التربية، ط 1، دار النشر الدولي للنشر والتوزيع- مملكة العربية السعودية.
- خشاب، احمد (1968) : الضبط الأجتماعي اسة النظرية وتطبيقاتة العملية، مكتبة القاهرة الحديثة- القاهرة.
- خشاب، احمد (2015) : الضبط و التنظيم الأجتماعي، ط2، مكتبة القاهرة الحديثة- القاهرة.
- خيرالله، الطيب الشريف (2002) القبيلة بين الشريعة و القانون، الهدى للنشر و التوزيع- طبرق.
- داوود، محمد عبد الباري (2004) : الصحة النفسية للطفل، ط 1، ايتراك للنشر والتوزيع- مصر.
- دبابنة، ميشيل محفوظ (2001) : سيكولوجية الطفولة، ط1، دار المستقبل للنشر والتوزيع- عمان.

- دياب، فوزية (1979) : النمو الطفل وتنشئته (الأسرة والحضانة)، ط3، مكتبة النهضة المصرية- القاهرة.
- راشد، علي (2001): تنمية قدارت الابتكار لدى الاطفال،ط1، دار الفكرالعربى- القاهرة .
- رزق، أمينة (2008) : نظريات الشخصية، ط 1، جامعة دمشق.
- زهران، حامد (1973) : علم النفس الأجتماعي، ط 2، عالم الكتاب- القاهرة.
- زهران، حامد عبدالسلام (1977) : علم النفس النمو والمراهقة، ط 1، دارالعودة- بيروت .
- شريف، سيد عبدالقادر (2005): ادارة رياض الأطفال و تطبيقاتها،ط1، دار لمسيرة للنشروالتوزيع والطباعة ،عمان.
- شلتز، داون (1983) : نظريات الشخصية، ترجمة حمد دلي الكربولي وعبد الرحمن القيسي، مطبعة جامعة بغداد.
- صالح، قاسم حسين (1988) : الابداع في الفن، مطبعة دار الكتب للطباعة والنشر،، جامعة الموصل- العراق.
- صالح، مأمون (2008) : الشخصية "بناؤها، تكوينها، أنماط اضطراباتها، دار أسامة- عمان.
- صديقى،ثلوى عثمان (2003) : الاسرة والسكان، الاسكندرية، المكتب الجامعى الحديث- مصر.
- عبداللة، عبد الرحيم صالح (2001) : نمو الطفل وتطبيقاته التربوية، دار المناهج، عمان- الأردن.
- عبد الفتاح، كاميليا (1995) : دراسات وبحوث في علم النفس، دار الفكر العربي- القاهرة.
- عبدلرحمن، انور حسين ، عدنان، حقى شهاب(2007) : الانماط المنهجية و تطبيقاتها فى العلوم لانسانييه و التطبقية، شركه الوفاق، ط١، بغداد.
- علام، صلاحدين محمود (2007) : القياس و التقويم التربوي و النفسي اساسياتة و تطبيقاته و توجيهاتة المعاصرة، ط1، دار الفكر العربي- القاهرة .
- علاونة، شفيق فلاح (2004) : سايكولوجية تطور الانساني من الطفولة الى الرشد، ط1، دار المسيرة للنشر و الطباعة و التوزيع، عمان- الأردن.
- علي، أمانى عبدالفتاح (2012) : مهارات الاتصال والتفاعل والعلاقات الانسانية، ط1، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة.

- عمر، د. معن خليل (2003) : الضبط الأجتماعي- التنشئة الأجتماعية، ط1، دارالشروق للنشر و التوزيع- عمان.
- فرج، محمد (1989) : البناء الاجتماعى والشخصية، دارالمعرفة، الاسكندرية.
- فهمي، عاطف (2007) : معلمة روضة، ط2، دار المسيرة للنشر و التوزيع- عمان.
- كشرود، عمار الطيب (2007): البحث العلمي ومناهجه في العلوم الأجتماعية والسلوكية، دارالمناهج للنشر- عمان.
- كفافي، علاء الدين، النيال، مايسة (2008) : الارتقاء الانفعالي والاجتماعي لطفل الروضة، ط1،دار الفكر،عمان- الأردن.
- محمد، عبدالسلام ابراهيم (2010) : الضبط الاجتماعي في المجتمعات القبلية، الدار العالمية للنشر و التوزيع- القاهرة.
- محمد، هند ماجد (2000) : ادارة رياض الاطفال، ط1، امارات السعودية.
- محمد، عواطف إبراهيم (1993) : التربية النفسية الحركية في رياض الأطفال، مكتبة الأنجلو المصرية- مصر.
- مكروم، عبد الودوود (1994) : الأحكام القيميه الإسلاميه لدى الشباب، المدينه المنوره، مكتب إحياء التراث الإسلامى.
- ناصر، ابراهيم عبدالله (2011) : علم الأجتماع التربوي، ط 1، دار وائل للنشر- عمان.
- هول، كالفين سيرنجر، لندزي، جاردنر (1971): نظريات الشخصية . ترجمة فرج أحمد،قدري محمود حنفي، ولطفي محمد فطيم، ط 1، الهيئة المصرية للتأليف والنشر- القاهرة.
- هير، جودي (2006) : العمل مع الأطفال الصغار، مركز إيمان للتعليم المبكر، ط1- الأردن.
- واطسن، روبرت - ليندجرين، هنري (2004) : سيكولوجية الطفل والمراهق، ترجمة داليا مؤمن، محمد مؤمن، مكتبة مدبولي- القاهرة.
- يونس، فتحي علي و أخرون (1999) : التربية الدينية الأسلامية بين الأصالة و المعاصرة، عالم الكتاب- القاهرة.

## توێژینەوەکان


- ابراهيم، نجاح عبدالشهيد (1994) : مدى فعالية برنامج تدريبي في التنمة بعض مكونات السلوك الاستقلالي لدى اطفال، اطروحة دكتوراه، كلية التربية ، جامعة الزقازيق- مصر.
- الاخرس، سمية عماد (2013) : أساليب الضبط الاجتماعي في المدارس الثانوية و علاقتها بالتفاعل بين الطلبة و المدرسين،اطروحة دكتوراه، كلية التربية ، جامعة دمشق- سوريا.
- ال عيدان، ريما (2014) : أثر مواقع التواصل الاجتماعي على عملية الضبط الاجتماعي/ مركز رؤية للدراسات الاجتماعية - الرياض.
- الخفاف، ايمان عباس علي حسن (2003) : اثر اسلوبي القصة و اللعب في التنمية الاعتماد علي النفس لدي الطفل الروضة ، اطروحة دكتوراه، كلية التربية - الجامعة المستنصرية .
- الدوري، كاظم علي (2019) : اثر اللعب في التنمية السلوك الاستقلالي لدي اطفال الرياض، كلية التربية للعلوم الانسانية - جامعة تكريت .
- العمرى، خالد على صالح (2013) : كشف الذات و علاقتة بالشعوربالوحدة والاعراض الاكتئابية لدى عينة من طالبة جامعة اليرموك، جامعة اليرموك- الاردن .
- العمري، عبدالغني محمد اسماعيل (2014) : المشكلات الاطفال ماقبل المدرسة و اساليب المساعدة فيها، دار الكتاب الجامعي –الصفاء.
- الفلاح، سعديه محمد عبدالله (1999) : دراسه مقارنه فى السلوك الاستقلالى والذكورةوالانوثة بين الاطفال المحرومين وغير محرومين من امهاتهم فى المدارس الابتدائية فى بغداد، كلية تربية ، جامعة بغداد.
- المحرز، نجاح رمضان (2004) : أساليب المعاملة الوالدية وعلاقتها بتوافق الطفل الاجتماعي في رياض الأطفال، رسالة دكتوراه، كلية التربية ، جامعة دمشق- سوريا.
- بدور، سماح (2010) : اثر المعاملة الوالدية في التنمية حاجة الاستقلالية لدى طفل ما الروضة بين (3-5) سنوات، رسالة ماجستير، كلية التربية ، جامعة دمشق- سوريا.

- حسونة، أمل محمد (1995) : تصميم برنامج لاكتساب أطفال الرياض بعض المهارات الاجتماعية، اطروحة دكتوراه، جامعة عين الشمس- مصر.
- حسين، رضوى خالد عبدالحليم (2015) : فاعلية برنامج تدريبي في تحسين السلوك الاستقلالي لدى اطفال الروضة مضطربي الانتباه، رسالة ماجستير، كلية التربية، جامعة بني سويف- مصر.
- سعيد، دلال (2005) : عمليات التفاعل الاجتماعى فى المدرسة و علاقتها بالاستقلالية الذاتية لدى طلبة المدارس الثانوية الحكومية فى محافظة الزرقاء، رسالة ماجستير، الجامعة الاردنية.
- عبدالمقصود، حسنية غنيمي (1994) : فعالية برنامج لاكتساب طفل ما قبل المدرسة الاستقلالية، اطروحة دكتوراه، كلية بنات، جامعة عين الشمس- مصر.
- عطية، سميحة محمد علي (2001) : إدراك الأطفال لشبكة علاقاتهم الاجتماعية، دراسة وصفية مقارنة، معهد الدراسات العليا، جامعة عين شمس- مصر.
- علي، عبد الكريم سليم (1990) : موقع الضبط لدى أبناء الشهداء والواقع الذي يعيشون مع أقوالهم في المرحلة المتوسطة، دراسة مقارنة، رسالة ماجستير، كلية التربية/ ابن رشد، جامعة بغداد.
- غريب، نيرمين (2010) : الترتيب الولادي وعلاقته بالعنف ضد الطفل في المنزل، رسالة ماجستير، جامعة دمشق- سوريا.
- فكرة، عبدالعزيز (2010) : أساليب الضبط في المؤسسة التربوية بين القواعد القانونية والقيم الاجتماعية، رسالة ماجستير، كلية العلوم الاجتماعية، جامعة باتنة -الجزائر.
- محمد، صديق حسين (2001) : أساليب الضبط الاجتماعي في الثانويات السورية و علاقتة بالتحصيل الدراسي، اطروحة دكتوراه، كلية اداب و العلوم الأنسانية، جامعة دمشق-سوريا.
- موسي، محمد سيد محمد موسي (2006) : فعالية برنامج إرشادي تدريبي لأمهات الأطفال التوحديين لتنمية بعض مهارات السلوك الاستقلالي لهؤلاء الأطفالباستخدام جداول النشاط المصورة،رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، جامعة طنطا.

# سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی

- Bergman، j (1979): understanding educational measurement and evaluation، n.j، London.
- Carrigan ،a (2015): the long term impact of divorce on college student autonomy ،dissertation submitted in partial fulfill of the requirements for the degree of doctor of philosophy، walden university minnestota، USA.
- Henderson ،J. (1981): The concept of responsibility and its Place in moral education university microfilms international.
- Kassim، Saul (2004): Psychology ،upper saddle river ،newJersey.
- Robet Feld man ،(2004). Child development ،3rd ،ED.
- Sherman ،M (1948): the measurement of frustration، an experiment in group frustration personality.
- Wyled ،h.g (1960): the universal dictionary of English language impression.

## گۆڤارەکان


- الجنيدر، مبارك، بدر، حسن (1994) : دراسة حول مشكلات التى تواجة ادارات الرياض بدولة البحرين، مجلة دراسات، مجلد21، ع1، بحرين .
- الخفاف، ايمان عباس على حسن (2005) : اثر برنامج فى النمو الروحى لدى اطفال الروضة ، مجلة العلوم النفسية ، ع9، بغداد .
- صالح، شفق محمد (2019) : المهارات الحياتية لدى طفل الروضة ، مجلة كلية التربية الاساسية ،وقائع المؤتمر العلمى التاسع عشر، الجامعة المستنصرية .
- القاضي، ليلى عبداللة و الحازمي، محمد عبداللة (2015) : مقومات البيئة المادية الجاذبة لطفل الروضة من وجهة نظر معلمات ومديرات رياض ألطفال بمحافظة خميس-دراسة وصفية ، مجلة العلوم التربوية والنفسية ، المجلد 5،العدد 22، 30 يونيو 2021 م.


## مەڵپەڕی ئینتەرنێت


- عبدالعزيز، فهمي ( 2016) : نظرية بناء العقل، http // hamdisocio، blogspot .com ، بتاريخ 16 - 5 –2016 .
- القريشي، غني ناصر الحسين (2016 ) : نظريات الضبط الاجتماعي المعاصرة، https // universiry of Babylon .edu.iq . com.، بتاريخ 5-7- 2016 .

# پاشکۆکان

## پاشکۆی (1)

## نووسراوی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت بۆ پشتگیری توێژەر

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT
Council Of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research
University of Sulaimani
College of Basic Education

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی

زانکۆی سلێمانی

خوێندنی باڵا وکاروباری زانستی
*Postgraduate Unit & Scientific Affairs*

ژمارە: ٩٣ / ٢٩ / ٧
بەروار: ١ / ٩ / ٢٠٢٢ زایینی
/ / ٢٧٢١ کوردی

بۆ بەڕێز/ بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی گشتی پارێزگای سلێمانی
بابەت /پشتگیری

سڵاوی زانست...

پشتگیری بەڕێز(ئاڤان عمر عبدالرحمن)دەکەین کەخوێندکاری (خوێندنی باڵا/ماستەر/بەشی باخچەی منداڵان)ە لە کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی کە لەقۆناغی نوسینی توێژینەوەکەیدایە.بۆئەنجامدانی توێژینەوەکەی پێویستی بەهاوکاری بەڕێزتانە .تکایە هاوکاری ناوبراو بکەن بەپێی ڕێنماییەکان لەسەر داوای خۆی ئەم پشتگیرییەمان بۆکرد .

لەگەڵ ڕێزدا...

پ. د. علی قادر عثمان
ڕاگر بەوەکالەت

وێنەیەک بۆ /
- نوسینگـــەی ڕاگری کۆلیج .
- دۆسیەی دەرچوو.

Iraqi Kurdistan Region– Sulaimani– University of Sulaimani New camp –Tasluja –Street 1- Zone 501 - Tel: 0748 061 08 82
Faculty's Email: bedu @univsul.edu.iq
Univsul.edu.iq

فەرمان

**پاشكۆی (2)**

**ڕاوەرگری كراوە بۆ دروستكردنی پێوەری پێوانەكردنی كۆنترۆڵی كۆمەڵایەتی**

**زانكۆی سلێمانی/كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت**

**خوێندنی باڵا-ماستەر**

**بـــەشی باخچەی منداڵان**

**بابەت/ ئەنجامدانی ڕاوەرگری كراوە بۆ دروستكردنی پێوەری پێوانەكردنی كۆنترۆڵی كۆمەڵایەتی**

**مامۆستای بەڕێز.................**

**پاش سڵاو ....................**

**تویژەر هەڵدەستێ بەئەنجامدانی توێژینەوەیەک لە ژێر ناونیشانی (كۆنترۆڵی كۆمەڵایەتی و پەیوەندی بە ڕەفتاری سەربەخۆیی منداڵانەوە لەڕوانگەی مامۆستایانی باخچەوە لە شاری سلێمانیدا .) بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر هەڵدەستێ بە دروستكردنی پێوەرێک وەک بەشێک لە پێویستییەكانی ئامرازی توێژینەوەكە داواكارم لە بەڕێزتان تێڕوانینی خۆتان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەكە بخەنە ڕوو .**

***( بە ڕای بەڕێزتان شێوازەكانی ( جۆرەكانی ) سزادان و پاداشت كردنی منداڵان چین ؟ نموونەی پاداشت یان سزا بنووسە.)**

- .............................................................................................
- .............................................................................................
- .............................................................................................
- .............................................................................................
- .............................................................................................
- .............................................................................................
- .............................................................................................
- .............................................................................................
- .............................................................................................

بەسەرپەرشتی

- ..........................................................................................
- ..........................................................................................
- ..........................................................................................
- ..........................................................................................
- ..........................................................................................
- ..........................................................................................
- ..........................................................................................
- ..........................................................................................
- ..........................................................................................
- ..........................................................................................
- ..........................................................................................
- ..........................................................................................
- ..........................................................................................
- ..........................................................................................
- ..........................................................................................
- ..........................................................................................
- ..........................................................................................
- ..........................................................................................
- ..........................................................................................
- ..........................................................................................
- ..........................................................................................

**توێژەر**

**ئاڤان عمر عبدالرحمن**

**بەسەرپەرشتی**

**پ.ی.د حسن فخرالدين**

## پاشکۆی (3)

## فۆرمی ڕاوەرگری ی سەرەتایی و شارەزایان بۆ هەڵسەنگاندنی پێوانەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی

زانکۆی سلێمانی / کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت

بـــەشی باخچەی منداڵان

خوێندنی باڵا-ماستەر

بابەت/ ڕاوەرگری ی شارەزایان بۆپێوەری پێوانەکردنی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی

مامۆستای بەڕێز .................

پاش سڵاو ڕێز ....................

